ڕێبوار تاڵەبانی: پۆستی پارێزگاری کەرکووک لە ناو لیستی برایەتی مافی پارتی دیموکراتی کوردستانە

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5679) پێنج شەممە 24ی کانوونی دووەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار



ڕێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە وەکالەت، دەڵێت: هەتا بارودۆخی کەرکووک ئاسایی نەکرێتەوە، پارێزگاری کەرکووک دانانرێت، چونکە ئەگەر داشبندرێت هیچ دەسەلاتێکی ئیداری ناتوانرێت لە شارەکە جێبەجێبکرێت، بۆیە ناکرێت پارێزگارێک دابندرێت لە ژێر پۆستاڵی عەسکەری، دەشڵێت کۆبوونەوەی ئەنجوومەن بۆ دانانی پارێزگار یا هەر بابەتێک بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەن بێ سەرۆکی ئەنجوومەن ناکرێت، بەڵام لەم دۆخەدا ژیانم لە مەترسیدایە و ناتوانم بگەڕێمەوە بۆ کەرکووک بەبێ ئەوەی لایەنێک گرەنتی پاراستنی لایەنی ئاسایش نەدات، بەڵام ئەگەر لایەنە کوردییەکە ڕێککەوتن لەسەر دانانی پارێزگارێک بۆ کەرکووک کۆبوونەوەکە لە دەرەوەی کەرکووک کرا کە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ڕێگەپێدراوە، ئامادەم دانیشتنەکان بەڕێوە ببەم. ڕێبوار تاڵەبانی دەشڵێت: پۆستی پارێزگاری کەرکووک مافی لیستی برایەتییە ئەگەر بەپێی ئیستحقاقی هەڵبژاردن بێت پۆستی پارێزگار ئیستحقاقی پارتی دیموکراتی کوردستانە، چونکە پارتی زۆرینەن لەو لیستە، بەڵام ئەگەر بەپێی ئیستحقاقی سیاسی بێت، ئەوە ڕێککەوتنی دەوێت.

نوێنەری حکوومەتی هەرێم لە ئەمەریکا:

پەیوەندییەکانی هەولێر و واشنتۆن بەهێزتر دەبێت



نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، سەبارەت بە پەیوەندییەکانی هەولێر و واشنتۆن ڕایگەیاند: پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پتەوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش بەهێزتر دەبێت.

بەیان سامی عەبدولڕەحمان، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمەریکا بۆ مالپەڕی پارتی گوتی: پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پتەو و قوواڵە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەهێزترین دەبێت. گوتیشی: ڕاستە ویلایەتە یەکگرتووەکان لەگەڵ ڕیفراندۆم نەبوو، لەگەڵ کاتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی نەبوو و لە پاش ئەنجامدانی ڕیفراندۆم پەیوەندیی نێوان ئەو دوو لایەنە هەندێک ساردی تێکەوت، بەڵام ئەمڕۆ کە دەڕوانە ئەو پەیوەندییەی ئێستامان، لە 2019 دەبینم ئەو پەیوەندییە مێژوویی بەهێزەی کە هەمانبوو.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)



شێخ جەعفەر مستەفا: مەترسییەکی گەورە لەسەر خانەقین هەیە



ڤیان سەبری: هەوڵ دەدەین ناردنی مووچە بە ڕادەستکردنی نەوت نەبەسترێتەوە

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق ئاشکرای کرد، ئەوان هەوڵ دەدەن ئەو بڕگەیە هەموار بکەنەوە کە ناردنی مووچەی فەرمانبەران و پێشمەرگە بە ڕادەستکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بە بەغدا بەستراوەتەوە.

ڤیان سەبری، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی بە خەباتی ڕاگەیاند، ئێمە هەر لە ٣ی ١٠ی ٢٠١٨ و دواتریش کە پڕۆژەیاسای بودجە بە فەرمی گەیشتە پەرلەمانی عێراق، ئێمە لە فراکسیۆنی پارتی، گرنگییەکی زۆرمان بە بابەتی بودجە داوە و چەندان کۆبوونەوەمان کردووە لەگەڵ هەموو کوتلە سیاسییەکان لەسەر بابەتی بودجە و جێگیرکردنی مووچەی پێشمەرگە و فەرمانبەران و مووچەی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانییانی سیاسی .

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق ئەوەشی ئاشکرا کرد، لە پڕۆژەیاسای بودجەی عێراقدا ماددەی ١٠ هەیە کە لە سێ بڕگەی (ا، ب، ج) پێکهاتووە، بڕگەی (ج) زۆر گفتوگۆی لەسەر هەیە، چونکە بڕگەکە دەڵێ ئەگەر هەرێمی کوردستان پایەند نەبێت بە ڕادەستکردنی نەوت بە عێراق، هەموو خەرجییەکانی کوردستان دەبڕێت. ئێمە پێشنیازمان کردووە کە بابەتی موچەی فەرمانبەران و پێشمەرگە بە مەسائیلی سیاسییەوە وابەستە نەکرێت، ئەگەر پابەندییەکیش هەبێت، دەبێت هەردوو حکوومەت پێیەوە پابەند بن. جەختی لەوە کردەوە کە هەوڵ دەدەن ئەو بڕگەیە هەموار بکەنەوە و بابەتی مووچەی فەرمانبەران و پێشمەرگە، وابەستە نەکرێت بە ڕادەستکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان.



وەزارەتی پێشمەرگە: گەشبینین لەبارەی هەوڵەکان بۆ گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ناوچە کوردستانییەکان

لە شارێکی ئەمەریکا زمانی کوردی دەخرێتە پەیڕەوی قوتابخانەکان

دەستەی بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە گشتییەکانی میترۆی سەر بە شاری ناشڤیڵ، بڕیاریدا، بە فەرمی زمانی کوردی بخاتە پەیڕەوی قوتابخانەکانیانەوە.

شاری ناشڤیڵی سەر بە ویلایەتی تێنەسی ئەمەریکا، یەکێکە لەو شارانەی ئەمەریکا کە ژمارەیەکی زۆر کوردی لێدەژی و بە کوردستانی بچووک ناسراوە. هەر بۆیە قوتابخانەکانی ئەو شارە بەهۆی زۆری ڕێژەی قوتابی کورد، بڕیاریانداوە زمانی کوردیش بخەنە لیستی ئەو زمانانەی دیکە، لە قوتابخانەکانی ئەو شارەدا دەخوێنرێت.هەر لەبارەی ئەو بڕیارەی دەستەی بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکانی ناشڤیڵ، بەگوێرەی کوردستان 24بەیان سامی عەبدولڕەحمان نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمەریکا ڕایگەیاندووە: ئەو بڕیارە، بڕیارێکی گرنگە بۆ هەزاران کوردی ئەو شارە و ئێستاش هەموو چاوەکان لەسەر کاربەدەستانی ویلایەتی تێنەسییە کە ئەو بڕیارە پەسەند بکەن. شاری ناشڤیل لە ویلایەتی تێنەسی ئەمەریکا، ژمارەیەکی زۆر ڕەوەندی کوردی تێدا دەژی و بەو هۆیەوەش بە کوردستانی بچووک ناودەبرێت.





هێزێکی ئەمەریکی لە سنووری شارەدێیەکی سەر بە کفری جێگیرکران

یەکەم گەشتی ئاسمانی عەنتاب- هەولێر دەستپێدەکات

کۆمپانیای فرۆکەوانیی تورکیی، پێگاسوس، هەفتەی دوو ڕۆژ گەشتەکانی بۆ هەولێر ئەنجام دەدات. گەشتەکانی نێوان عەنتاب و هەولێر کە بڕیارە هەفتەی دوو ڕۆژ ئەنجامبدرێن، ڕۆژی ١٤ی شوبات دەستپێدەکەن. کۆمپانیای فرۆکەوانیی تورکیی، پێگاسوس، هەفتەی دوو ڕۆژ گەشتی ئاسمانی لە تورکیاوە بۆ فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر ئەنجام دەدات. پێگاسوس ڕایگەیاند کە تا دێت ئەو خاڵانەی گەشتی ئاسمانی بۆ ئەنجام دەدات زیاتر دەبن. یەکەم گەشتی ئاسمانیش لە عەنتابەوە بۆ هەولێر ١٤ی شوبات ئەنجام دەدات.

نوێنەری حکوومەتی هەرێم لە ئەمەریکا: پەیوەندییەکانی هەولێر و واشنتۆن بەهێزتر دەبێت

کونسوڵخانە گەورەکەی ئەمەریکا دەبێتە خاڵێکی پەیوەندیی رۆشنبیری و کولتووریش لە نێوان ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان



نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، سەبارەت بە پەیوەندییەکانی هەولێر و واشنتۆن رایگەیاند: پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پتەوە و رۆژ لە دوای رۆژێش بەهێزتر دەبێت.

بەیان سامی عەبدولڕەحمان، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمەریکا بۆ مالپەڕی پارتی گوتی: پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پتەو و قوڵە و رۆژ لە دوای رۆژ بەهێزتریش دەبێت. گوتیشی: ڕاستە ویلایەتە یەکگرتووەکان لەگەڵ ئەمەریکا بەهێز بووەتەوە وپێموایە ئەمەریکا ناتوانێت کاتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی نەبوو و لە پاش ئەنجامدانی ڕیفراندۆم پەیوەندیی نێوان ئەو دوو لایەنە هەندێک ساردی تێکەوت، بەڵام ئەمڕۆ کە دەڕوانمە ئەو پەیوەندییەی ئێستامان، لە 2019 دەبینم ئەو پەیوەندییە مێژوویە بەهێزەی کە هەمانبوو، لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، توانیویەتی زاڵ بێت بەسەر ئەو ناتەباییەی ڕوویدا لەسەر تێڕوانین لەبارەی ڕیفراندۆم. سەبارەت بە پەیوەندییەکانی ئیستای ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان، گوتی: ئەمڕۆ دیسانەوە پەیوەندیمان لەگەڵ ئەمەریکا بەهێز بووەتەوە وپێموایە ئەمەریکا ناتوانێت بیر لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بکاتەوە بەبێ ڕەچاوکردنی کورد، ئەمە بۆ عێراقیش ڕاستە، ئەگەر سەرنج لە شەڕی داعش بدەین، دەبینین بەبێ پێشمەرگە نەدەتواندرا شەڕی داعش بکرێت و بەزاندنی خەلافەتی داعش بەبێ بەشداریی پێشمەرگە نەدەهاتەدی. لە سووریاش، بەهێزترین هێز کە شەڕی داعشی دەکرد و هاوپەیمانی ئەمەریکا بوو، کورد بوو.

سەبارەت بە گرنگی دروستکردنی کونسوڵخانە گەورەکەی ئەمەریکا لە هەولێر، بەیان سامی عەبدولڕەحمان گوتی: باڵیۆزخانەکان سیمبولی وڵاتەکانیانن، بێگومان تا بینایەکە گەورەتر و بەرچاوتر بێت وا باوە ئەم شتە ڕەنگدانەوەی پڕ بایەخیی پەیوەندیی نێوان ئەو دوو وڵاتە بێت، بۆیە پێمان سەیر نییە کە گەورەترین باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە جیهان، ئەوەی بەغدا بێت و گەورەترین کونسوڵخانەشیان لە هەولێر بێت، بەڵێ پێموایە ئەوە ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوەی ئەمەریکایە سەبارەت بە عێراق و سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش. دانانی بەردی بناغەی کونسوڵخانە نوێیەکە، وەک بیرم بێت لە پاش ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بوو، وەک ئاماژەشم پێدا پێشتر لە سەروەختی، یان باڵێن ڕاستەوخۆ لە پاش ڕیفراندۆمەکە گرژییەک دروست ببوو لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق لەسەر بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی، بۆیە ئەو کاتە بڕیار درا کە کونسوڵخانەکە دوا بخرێت، بەڵام ئێستا ئەو گرژییانە نەماون و پەیوەندییەکانی نێوان واشنتۆنی پایتەختی ئەمەریکا و هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، پێموایە دانانی بەردی بناغەی کونسوڵخانەکە ئاماژەیەکی شکاندنی ئەو بەستەڵەکە بوو و دووپاتکردنەوەی بایەخپێدانی ئەمەریکا بوو بە هەرێمی کوردستان. ئەو کونسوڵخانەیە تەنێ بۆ کاروباری دیپلۆماسی نابێت، بەڵکو بۆ کاروباری فەرهەنگی و کولتووریش دەبێت، وەک خاڵێکی پەیوەندیی ئەمەریکا دەبێت بە کۆمەڵگەی کوردستانەوە. واتە تەنێ پەیوەندیی دوو حکومەت نابێت، بەڵکو بە تێگەیشتنی من دەبێت بە خاڵێکی پەیوەندیی ڕۆشنبیری و کولتووریش.

وەزارەتی پێشمەرگە: گەشبینین لەبارەی هەوڵەکان بۆ گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ناوچە کوردستانییەکان

خەڵکی ناوچە کوردستانییەکان بە کورد و عەرەبی سوننەوە داوای گەڕانەوەی پێشمەرگە دەکەن



بۆ گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ناوچە کوردستانییەکان، وەزارەتی پێشمەرگە چاوەڕوانی شاندێکی وەزارەتی بەرگریی عێراقە، بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری و هۆشیاریی نیشتیمانیی وەزارەتی پێشمەرگەش، گەشبینیی خۆی سەبارەت بە ڕێککەوتن لەبارەی گەڕانەوەی پێشمەرگەوە بۆ ناوچەکان دەردەبڕێت.

ساڵی ٢٠١٤ و پێش شەڕی داعش، لە کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکان هێزی پێشمەرگە بە هاوبەشی لەگەڵ حکوومەتی عێراق ئەو ناوچانەیان بەڕێوە دەبرد، بەڵام دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر، هێزی پێشمەرگە لە ناوچانە نەما، پێشتر کۆبوونەوە لە نێوان شاندی وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی عێراقدا کراوە بۆ ئاساییکردنەوەی ئەو ناوچانە، هەر بۆیە وەزارەتی پێشمەرگە، چاوەڕێی شاندێکی وەزارەتی بەرگریی عێراقن کە بێنە هەولێر تاوەکو کۆبوونەوە لە نێوان هەردوو وەزارەتی بەرگریی عێراق و پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان، لەبارەی گەڕانەوەی هێزەکان، ئەنجامبدەن، گەڕانەوەکەش بۆ دوو لێژنەی هاوبەشی سەربازی لە ئاستی باڵا لە نێوان هەولێر و بەغدادا دروست دەکرێن، بۆ ئەوەی ئیدارەی ناوچەکانی هەماهەنگیی سەربازیی لە نێوان هەولێر و بەغدا. سەبارەت بەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی هێزەکانی پێشمەرگە دەبنەوە لە کاتی گەڕانەوەیان، بەوەی کە هەموو هێزەکانی عێراق یەک ڕایان نییە، چونکە پۆلیس و حەشدی شەعبی و دژە تیرۆر و سوپای عێراق، هەر یەکەیان ڕای خۆیان هەیە و هەندێک لەو هێزانەش ڕای جیاوازیان دەربارەی دروستکردنەوەی هەماهەنگی لەگەڵ پێشمەرگەدا هەیە، لیوا بابەکر ئاماژەی دا: دەبینین چەندین هێز لە عێراق هەن و حوکم دەکەن، بەڵام ئەگەر گەڕانەوەکە بە ڕێککەوتن بێت، کێشە دروست نابێ لە نێوان هێزەکاندا، ئەوەی دەمێنێتەوە پەیوەندییەکانن، ئەمەش بڕیتییە لە بەرژەوەندیی نێوان هەردوولا، زۆر جاریش هەیە حکوومەتی عێراق بڕیارەکان بەپێێ میزاجی خۆیان یاخود بڕیارەکانی دەرەوە زاڵ دەبن بە سەریاندا، بەڵام گەشبینییەکی باش هەیە کە کێشەکان چارە بکرێن. بەڕێرسەکەی وەزارەتی پێشمەرگە ڕاشیگەیاند، خەڵکی ئەو ناوچانە داوای گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە دەکەن، تەنانەت خەڵکێکی عەرەبی سوننە و تورکمانیش داوای گەڕانەوەی پێشمەرگە دەکەن، هەمیشە هەڵوێستی هاوولاتییانی ئەو ناوچانە ئەوە بووە کە پێشمەرگە سیمبولی ئاشتی و پێکەوەژیانە، سیمبولی پاراستنی خاک و نیشتمانە، هەر بۆیە هەمیشە ئەو ڕوانگەیە لە پێشمەرگەدا دەبینن.

لە ڕوونکردنەوەیەکیشدا سەبارەت بەو پرسە، وەزارەتی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئاماژەی بەوە داوە: ئەوەی تا ئێستا هەیە، ئەوەیە وەزارەتی بەرگریی حکوومەتی فیدراڵیی عێراق و وەزارەتی پێشمەرگە، گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی، کە پەیوەندییەکانی نێوان واشنتۆنی پایتەختی ئەمەریکا و هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، پێموایە دانانی بەردی بناغەی کونسوڵخانەکە ئاماژەیەکی شکاندنی ئەو بەستەڵەکە بوو و دووپاتکردنەوەی بایەخپێدانی ئەمەریکا بوو بە هەرێمی کوردستان. ئەو کونسوڵخانەیە تەنێ بۆ کاروباری دیپلۆماسی نابێت، بەڵکو بۆ کاروباری فەرهەنگی و کولتووریش دەبێت، وەک خاڵێکی پەیوەندیی ئەمەریکا دەبێت بە کۆمەڵگەی کوردستانەوە. واتە تەنێ پەیوەندیی دوو حکومەت نابێت، بەڵکو بە تێگەیشتنی من دەبێت بە خاڵێکی پەیوەندیی ڕۆشنبیری و کولتووریش.

د.دیندار دۆسکی: پێویستە ماوەیەکی دیاریکراو بۆ پێکهێنانی حکوومەت دابندرێت



سەرۆکایەتیی هەرێمەوە چارەبکرێت، بۆیە پەرلەمان کاری گرنگی لە پێشە.

سیاسەتمەداری کورد، دیندار دۆسکی، دەڵێت، پێویستە لایەنەکان پەلە بکەن لە پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێم و وەک هەنگاوی یەکەمیش پرسی هەرسێ سەرۆکایەتییەکە یەکلایی بکەنەوە، دواتر هەر کێشەیەک هەبێت، لێژنەی بۆ دروست بکرێت و یەکلایی بکرێنەوە، ئەگەرنا پێکهێنانی حکوومەت دوا دەکەوێت. د.دیندار دۆسکی، سیاسەتمەداری کورد بە مالپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە: پێویستە حکوومەتی نوێی هەرێمی کوردستان لە وادەی یاساییی خۆیدا دروستبکرێت، ئەگەرنا قەیرانی سیاسی دروست دەکات، بۆیە پێویستە پەلە بکرێت لە دانوستانەکان بۆ ئەوەی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان دروست بکرێت و دواتر حکوومەت ڕاسپێردرێت و پرسی سەرۆکایەتیی هەرێمیش لە ڕێگەی هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتییەوە چارەسەر بکرێت، بۆیە پەرلەمان کاری گرنگی لە پێشە.

د.دیندار دۆسکی گوتیشی: پێویستە لایەنەکان هەست بە بەرپرسیارەتی بکەن و ڕێز لە دەنگی خەڵکی کوردستان بگرن و پەلە بکەن لە دانوستانەکان بۆ ئەوەی لە ماوەیەکی نزیکدا حکوومەت دروستبکرێت، بۆیە دەبینین پارتی دیموکراتی کوردستان کە براوەی یەکەمە زۆر جددییە لە دانوستانەکان بۆ ئەوەی لە ماوەیەکی نزیکدا حکوومەت پێک بێت، بەڵام پێویستە لایەنەکانی دیکەش بە هەمان شێوە بن، بۆ ئەوەی لە دانوستانەکان بگەنە ئەنجامێک و ناکرێت دانیشتن بکرێت و ئەنجامی نەبێت.

دۆسکی باسی لەوەشکرد: پێویستە سەقفێکی زەمەنی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دابندرێت و پێویستە سەرەتا پەرلەمان کۆببێتەوە و حکوومەت دروست بکرێت، دواتر لێژنە دروستببکرێن بۆ یەکلاییکردنەوەی دۆسیەکانی تایبەت بە بەغدا و کەرکووک، ئەگەرنا بەو شێوەیە بێت و هەموو دۆسیەکان پێکەوە بن، پێکهێنانی حکوومەت دوا دەکەوێت. گوتیشی: گرنگە ئێستا بۆ هەرێمی کوردستان وەکو هەنگاوی یەکەم پرسی هەرسێ سەرۆکایەتییەکە یەکلایی بکرێتەوە، دواتر لە ڕێگەی ئەوانەوە هەر کێشەیەک هەبێت چارە بکرێت.

یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا دەستیلەکارکێشایەوە

یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا و بەرپرسی کاروباری ئەوراسیا و ئەورووپا لە وەزارەتەکە، ویس میتچەل ڕایگەیاند کە دەستلەکاردەکێشێتەوە.

میتچەل ئاماژەی بەوەدا کە بە هۆکاری خێزانیی بڕیاری دەستلەکارکێشانەوەی داوە و لەو بارەیەوە بۆ میدیای ئەمەریکی لێدوانی داوە. ویس میتچەل دووپاتیکردەوە کە بڕیاری دەستلەکارکێشانەوەکەی پرۆتستۆی سەرۆکی ئەمەریکا دۆنالێ ترەمپ و ئیدارەکەی نییە و گوتی: لەو بڕوایەدام کە هەموو ئەو شتانەم کردووە کە بۆی هاتبووم. ئیتر منداڵەکانم زیاتر پێویستیان بە کاتی منە لەچاو خەڵکدا.



رێبوار تاڵەبانی: پۆستی پارێزگاری کەرکووک لە ناو لیستی برایەتی مافی پارتی دیموکراتی کوردستانە

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بێ سەرۆکی ئەنجوومەنەکە ناتوانێت کۆببێتەوە



رێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە وەکالەت، دەڵێت: هەتا بارودۆخی کەرکووک ئاسایی نەکرێتەوە، پارێزگاری کەرکووک دانانرێت، چونکە ئەگەر داشبندرێت هیچ دەسەلاتێکی ئیداری ناتوانرێت لە شارەکە جێبەجێبکرێت، بۆیە ناکرێت پارێزگارێک دابندرێت لە ژێر پۆستاڵی عەسکەری، دەشڵێت کۆبوونەوەی ئەنجوومەن بۆ دانانی پارێزگار یا هەر بابەتێک بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەن بێ سەرۆکی ئەنجوومەن ناکرێت، بەڵام لەم دۆخەدا ژیانم لە مەترسیدایە و ناتوانم بگەڕێمەوە بۆ کەرکووک بەبێ ئەوەی لایەنێک گرەنتی پاراستنی لایەنی ئاسایش نەدات، بەڵام ئەگەر لایەنە کوردییەکە رێککەوتن لەسەر دانانی پارێزگارێک بۆ کەرکووک کۆبوونەوەکە لە دەرەوەی کەرکووکدا بۆ دەنگی ئەمەریکا گوتی: لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە بارودۆخێکی نایاسایی و نادەستووری سەپاوە بەسەر کەرکووکدا و منیش وەک سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگاکە بە ئامانج هەڵیانکوتایە سەر مااڵم و ئۆتۆمبێلم دزرا لە لایەن کۆمەڵێک لە هێزە سەربازییەکانی کەرکووک، بووە هۆی ئەوەی نەتوانم بگەڕێمەوە شاری کەرکووک، لەگەڵ پانزە ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگا لە دەرەوەی شاری کەرکووکم، لەبەر ئەوە سااڵنێکە کارەکانی ئەنجوومەن ڕاگیراون، حکوومەتی عێراق ناتوانێت چارەسەری بکات و هێزە کوردستانییەکانیش نەگەیشتوونەتە یەک بڕچونی هاوبەش، بەاڵم ئێستا هەموویان هاوڕان کە بارودۆخەکە ناتەندروستە.

هەروەها تاڵەبانی گوتیشی: ئەو بارودۆخەی ئێستا لە کەرکووک هەیە، نایاسایی و نادەستوورییە بەپێی مادەی٩ی دەستوور، چونکە حکوومەتی عێراق بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشە سیاسییەکانی لەگەڵ هەرێم، هێزی سەربازی بەکارهێنا، دووەم کەرکووک وەک سەربازگەیەکی گەورەی لێهاتووە، ئازادییەکان نەماوە، چاوەڕێین لە چوارچێوەی پرۆژەکەی بەڕێز عادل عەبدولمەهدی کە هەموو هێزەکان لەناو شارەکان بە کەرکووکیشەوە بچنەدەر. دەربارەی ئەگەری دەستلەکارکێشانەوەی بەهۆی نەگەڕانەوەی بۆ کەرکووک، رێبوار تاڵەبانی گوتی: دەستلەکارناکێشمەوە، چونکە ئەو بارودۆخەی کەرکووک پەیوەندی نییە بە کەسێکەوە و چاوەڕێی ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکەم. گوتیشی: بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، ئەنجوومەنەکە بێ سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا ناتوانێت کۆببێتەوە.

لە وەاڵمی ئەو پرسیارەی ئەگەر پارتی و یەکێتی رێککەوتن لەسەر دانانی پارێزگار، ئایا ئامادەی بگەڕێتەوە بۆ کەرکووک بۆ سەرۆکایەتیکردنی ئەنجوومەنی پارێزگا و دانانی پارێزگارێکی کورد، رێبوار تاڵەبانی گوتی: هەتا بارودۆخی ئەمنی بۆم مسۆگەر نەبێت و الیەنێک گرەنتی تەواو لەسەر پاراستنی ژیانم نەدات، ناچمەوە کەرکووک، چونکە ئامادەم پێکرد کە چییان بەرانبەر کردووم، بەاڵم ئەگەر دانیشتنەکە لە دەرەوەی کەرکووک کرا ئاساییە ئەو کۆبوونەوەیە بەڕێوە دەبەم. سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە وەکالەت ڕاشیگەیاند: لەناو ئەنجوومەنی پارێزگاکە لیستی برایەتی زۆرینەیە و لە چەند الیەنێکی شارەکە پێکهاتووە کە زۆرینەیان پارتین، دواتر یەکێتی، پاشان الیەنەکانی تر، ئەگەر بەپێی ئیستحقاقی هەڵبژاردن بێت پۆستی پارێزگار ئیستحقاقی پارتییە.

شێخ جەعفەر مستەفا: مەترسییەکی گەورە لەسەر خانەقین هەیە



بەرپرسی لقی15ی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، جۆڵەی داعش لە ناوچەکەدا زیادی کردووە و مەترسییەکی گەورە لەسەر خانەقین هەیە.

شێخ جەعفەر مستەفا، بەرپرسی لقی 15ی خانەقین بە خەباتی ڕاگەیاند: گوندی شێرک کە دەکەوێتە سەرووی ڕۆژئاوای قەزای خانەقینەوە زۆرترین ڕێژەی دانیشتوانەکەی کورد، بەاڵم ڕێژەیەکیش لە ماڵەکانی عەرەبن و بووەتە سەنتەری داعش ، خەڵکی گوندەکە بەهۆی مەترسییەکانەوە هانایان بۆ ئێمە هێناوە . ئەو بەرپرسەی پارتی گوتیشی: حکوومەتی عێراق بارەگایەکی بە حساب بۆ ڕێگریکردن لە داعشەکان لە ڕۆژهەاڵتی ئەو شوێنە داناوە و پۆلیسی فیدراڵی تێدایە، بەاڵم داعش شەوی 20لەسەر 21ی ئەم مانگە هێرشی کردە سەر ئەو بارەگایە و دوو پۆلیسی کوشت ، یەکێ لە پۆلیسەکان کوردە و ئەوی دیکەش عەرەبە . ئامارۆشی بەوەکرد، کە ئێستە دۆخەکە زۆر نائارامە و مەترسییەکی زۆر گەورە هەیە، ئەگەر بێت و ئەو گوندە ناچار بە چۆڵکردن بکرێ ئێستر دەروازەی ناوچەکانی خانەقین بۆ تیرۆر دەکرێتەوە.

داڤۆس..فوئاد حوسێن لەگەڵ وەزیری دارایی تورکیا کۆبوونەوە

وەزیری گەنجینە و دارایی تورکیا ، بەرات ئالبایراک لەگەڵ جێگری سەرۆکوەزیران و وەزیری دارایی عێراق، فوئاد حوسێن کۆبۆوە. لە میانی ٤٩ەمین لووتکەی کۆڕبەندی ئابووری جیهان کە لە شارۆچکەی داڤۆس لە سویسرا بەڕێوەدەچێت، وەزیری گەنجینە و دارایی تورکیا ، بەرات ئالبایراک کۆبۆوەیەکی لەگەڵ جێگری سەرۆکوەزیران و وەزیری دارایی عێراق، فوئاد حوسێن ئەنجام دا. زانداراوە لە کۆبوونەوەکەدا هەردوولا ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کردووە لە بارەی چۆنێتی بەرەوپێشبردنی پەیوەندییە ئابوورییەکانی تورکیا و عێراق.

محەمەد ئەمین مزووری: هەر دامەزراندنێک لە عێراق هەبێت هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە

بڕیارە ئەمساڵ بە هەزاران فەرمانبەر لە الیەن حکوومەتی عێراقی فیدراڵەوە دابمەزرێن و پەرلەمانتارێکی پارتیش دەڵێت، داوامان کردووە پشکی هەرێمی کوردستانیش بدرێت و هەر دامەزراندنێکیش هەبێت ئەوە کوردستانیش دەگرێتەوە.

محەمەد ئەمین مزووری، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئاشکرای کرد، بڕیارە ئەمساڵ ژمارەیەک فەرمانبەر لە عێراق دابمەزرێن و هەر دامەزراندنێکیش هەبێت ئەوە هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە، چونکە پڕۆسەی دامەزراندن جێگەی لە نێو بودجەدا دەکرێتەوە، هەرچەندە تا ئێستا بودجە پەسەند نەکراوە لە الیەن پەرلەمانەوە، بەاڵم سااڵنە لەگەڵ ئامادەکردنی پڕۆژەیاسای بودجەی گشتیی عێراق ژمارەیەک پلەی فەرمانبەریش دیاری دەکرێت.



ئەندامەکەی فراکسیۆنی پارتی بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی گوتیشیەتی: هەرچەندە من ئاگاداری ئەوە نیم بۆ ئەمساڵ چەند فەرمانبەر دادەمەزرێت، بەاڵم سااڵنە دامەزراندن دەکرێتەوە، هەر دامەزراندێک هەبێت ئەوە هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستانیش دادەمەزرێن، چونکە خۆم لەگەڵ وەزیری سەرچاوەکانی ئاوی عێراق باسی ئەو بابەتەم کردووە، کە ئەگەر فەرمانبەر بۆ وەزارەتەکە دابمەزرێن پشکی وەزارەتەکە هەرێمی کوردستانیش دیاری بکرێت. محەمەد ئەمین مزووری ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: دامەزراندنی فەرمانبەران لە دوای پەسەندکردنی پڕۆژەی بودجەوە دەبێت و بۆ هەر وەزارەتێک ژمارەیان دیاری دەکرێت، لەگەل ئەوەشدا پشکی ئەو وەزارەتانە پشکی وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستانیشی تێدایە، بەاڵم پڕۆسەکە دەکەوێتە دوای چەند مانگێکی دیکە، چونکە دوای پەسەندکردنی بودجە، بەپێی پێویستی وەزارەتەکان فەرمانبەرانی نوێ دادەمەزرێندرێن.



هێزێکی ئەمەریکی لە سنووری شارەدێیەکی سەر بە کفری جێگیرکران

هێزێکی ئەمەریکی لە سنووری شارەدێی زنانەی سەر بە شاری کفری جێگیرکران و لە یەکەمین کاریشیاندا، چەند موشەکێکیان ئاراستەی چیای خورماتوو کردووە تاوەکوو هێزەکانی حەشدی شەعبی کە لە چیایەکەدا جێگیرکراون، چۆڵی بکەن.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە شارەدێی زنانەی سەر بە کفری، دوێنێ چوارشەمە ، ڕایگەیاند: ئێستا هێزێکی ئەمەریکی لە سنووری زنانە جێگیرکراون و بنکەیەکیان دروستکردووە و لەو بنکەیەدا دەمێننەوە. ئەوەشی ئاشکرا کرد کە هەر لە سنووری زنانە، تیرۆریستانی داعش هەن و جموجۆڵیان هەیە. ڕوونیشی کردەوە کە ئەو هێزەی ئەمەریکا لە سنووری زنانەوە چەند موشەکێکیان ئاراستەی چیای (هەنجیرە) لە خورماتوو کردووە کە حەشدی شەعبی لەسەر چیاکە لە دوای داگیرکردنی خورماتوو لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ تێیدا جێگیربوون، بەاڵم دوای ئاراستەکردنی موشەکەکان، هێزەکەی حەشدی شەعبی کەم کراوەتەوە.

شارەدێی زنانە دەکەوێتە ناوەندی ناوچەی داوەدی سەر بە شاری خورماتووە، بەاڵم لە دوای ساڵی ١٩٩١ەوە، لە ڕووی ئیداریەوە ناوچەکە خراوەتە سەر شاری کفرییەوە.



د.ڤیان فاروق

دەستنیشانکردنی مەسرور بارزانی...
ساتێکی مێژوویی جیاکەرەوەیە

لێکەوتەکانی قەیرانی ئابووری لە هەرێمی کوردستان، هێشتا بێ چارەسەرین، هیچ گوند و شارێک لە هەرێم لێی دەرباز نەبووە. ئەوەش لە ڕەوشی بێکاری و سستی بژێوی ژیانی هاووڵاتیان دەرکەوت، دوای بڕینی بەشێکی زۆری موچەی فەرمەنبەران، کە بە نەرێنی بەسەر پێنوێنییەکانی گەشەسەندنی هەرێم ڕەنگی دایەوە، تاکو ئاستی هیواکانیان لە هەڵکشان و گەشەسەندنی شارستانی و خۆشگوزەرانیش دابەزیی. ئومێدیان بەوە هەبوو، لە بااڵترین وڵاتی نزیک ڕەت بدەن، دوای شۆڕشی گەشەکردنەکانی ئابووریی لە ئاکامی سەقامگیری تەناهی و ئەو ژینگە یاساییەی پشتیوانی لێ دەکات، بەاڵم دوای دابەزینی نرخی نەوت، پەردە لەسەر قەبارەی گەندەڵی دارایی و کارگێڕی هەڵدرایەوە، لەگەڵ چڕی باڵاوبوونەوەی گەندەڵی لە جومگەکانی دامودەزگاکانی حکوومەتدا، هەوڵەکانی گۆڕینی ڕەوشەکەش هیچ سوودێکی نەبوو، لەبەر قووڵی و کاریگەریی پێگەکانی کەلێنەکە، دەریشکەوت چەند چارەسەرییەکی پینەکارییە نا یەکالییکەرەوەن، چونکە گەندەڵکاران سوودیان لە جەنگی دژ بە داعش وەرگرت، لەو دەمەی هەرێم بە هەموو تواناکانییەوە خەریکی چارەسەرکردنی مەترسییەکانی داعش بوو، کە بەشێوەیەکی سەرڕاست هەڕەشەی لە ئاسایشی هەرێم دەکرد، ئەوەش ڕێگەی بۆ خۆشکردن، کۆڵەگەی خۆیان دابکوتن و بخزێنە نێو دامودەزگاکانی حکوومەتەوە، بەمەش هیچ دەرفەتێک بۆ گۆڕانکاریی، لە هەردوو بەشی دارایی و کارگێڕی نەمایەوە، تاکو بە نەرێنی بەسەر وەبەرهێنانەکانی بیانیدا شکایەوە، هەندێ سەرمایەداری خۆماڵیش هەن، کە پارەکانیان بۆ دەرەوە دەگوازنەوە، بۆ ئەوەی لەوێندەر وەبەری بهێنن، ئەو ڕەوشە خەریکە هۆشداریی مەترسییەکی گەورە بەسەر تواناکانی کۆمەڵگە دەدات، کە وا دەکات پێویستیمان بە کەسایەتییەکی بە هیممەت هەبێت، خاوەنی کاریزمایەکی بەهێز بێت و خەڵکی شایەتی بە هێز و توانای، بۆ گرتنەبەری بڕیارەکان بۆ بدەن، بێ ئەوەی دووڵ بێت و جێبەجێیان بکات، بەاڵم پشتیش لە دادپەروەری نەکات.

دەستنیشانکردنی مەسرور بارزانی، بۆ سەرۆکایەتی حکوومەت لەکاتی ئێستادا، بە ساتێکی مێژوویی جیاکەرەوە دادەنرێت، چونکە ئەو کەسێکی گونجاوە، بۆ قۆناغی داهاتوو بۆ ڕامااڵینی گەندەڵی دارایی و کارگێڕی، کە بە بەربەستێکی سەرەکی لە خراپبوونی ڕەوشی ئابووری دادەنرێت، ئەوەی ئێستا هەرێم تێیدا دەژی. ئەو دەستنیشانکردنە هاوتایە لەگەڵ ویستی زۆرینەی گەلی هەرێم، لەبەر ئەوەی چاوەڕێی ئەو ساتە مێژوویە دەکەن، چونکە ئەوان باوەڕیان وایە، جەنابیان ئەو کەسە گونجاوەیە، کە کار لەسەر گۆڕینی ڕەوشی خراپی نێو دامەدەزگاکانی حکوومەت دەکات، چونکە ئەویان لە بەڕێوەبردنی دەزگاکانی ئاسایش تاقیکردووەتەوە، کە هەر ئەو بوو، ئاسایشی لە هەرێم بەرقەرار کرد، چاکەی گەورەش لە پاراستنی سەقامگیری سیاسیی بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، بێجگە لەوەی، ئەو لە الیەن زۆرینەی پارتەکانی سیاسی لە هەرێم قبووڵکراوە، زۆربەی پێکهاتەکانی کۆمەاڵیەتیش لە هەرێم پشتیوانی لێ دەکەن. بۆیە لەسەرمانە ئێستا دەست بەو دەرفەتە زێڕین و جیاکەرەوەیە، بۆ چارەسەرکردنی ڕەوشی ئابووری و کۆمەاڵیەتیمانەوە بگرین، ئەو گونجاوترین و نموونەیترین چارەسەرییە و هاوتایە لەگەڵ ویستی جەماوەر، کە بەدوای ئەو کەسەدا دەگەڕێت، تاکو زۆڵی بەئەمەکیان بۆ بگێڕێت و ڕووبەڕووی سەرکێشی گەندەڵکاران ببێتەوە، تووڕەیی و وەڕسیان لەوەی بەسەریان دێت قووت بدات.

هەموو متمانەیان پێی هەیە، لەبەر ئەو ئاکارانەی هەیەتی، کە دەتوانێت ڕۆژەڤە هەڵپەسێردراوەکان بە سەرکەوتوویی و بە هەماهەنگی لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی بەڕێوە ببات. بۆیە داوا لە هەموان دەکەین دەست بەو بژاردە نموونەییەوە بگرن و پشتیوانی لێ بکەن، لە پێناو ئایندەیەکی گەش و دابینکردنی پێداویستییەکان. وەستانمان بەشێوەیەکی ڕاست لەسەر ڕێچکەی تازەگەری بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کۆمەڵگەکەمان، بەرەو ململانێی شارستانی لەگەڵ گەاڵنی دیکەی پێشکەوتووی جیهان، هەموومان نزا دەکەین و لە خوا دەپارێینەوە، خۆڕی بەسەر هەرێم هەڵبێت، لەبەر ئەوەی، مەسرور بارزانی، کە بە کەسێکی پاک و بە هیممەت ناسراوە، لە ئاکامی کارکردنی لە بواڕەکانی هەواڵگری، تەناهی و سەلماندنی باڵادەستی لە هەردوو بواردا، لە چوارچێوەی ئەو ڕووبەرە، کە نەخشەی ئاسایش تەواوکەری خۆی دەرخست، بەو ڕۆڵەی کە نەزهەت حالی (کە ئێستا بەڕێوەبەری ئاژانسی پاراستنە) گێڕای، کە جەماوەر پێیانوایە، باشترین کەسە پاڵپشتی لە مەسرور بارزانی بکات، لە بواری ئاسایش، کە پێ دەکرێ سەرکردایەتیی ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێم بکات، لە قۆناغی داهاتوودا، چونکە لەاليەن زۆرینەی گەلی کوردستان و پارتەکانی سیاسی قبووڵکراوە، دەشتوانی سەرنجی ئەوە بدەیت، لە میانی پۆست و کۆمێنتەکانیان لە فەیسبووک، بە جۆرێک بایەخێکی زۆر بە نووسین و لێدوانەکانی دەدرێت، گەلیش متمانەی تەواوی پێی هەیە، زێدەباری ئەوەش، دیارە گیانێکی ڕابەرایەتی و داکۆکیکارێکی بەهێزی مافەکانی گەلی کوردستانە، کەسێک بە ئەزموون، شارەزا و خوێندەوارە، ئاستێکی نموونەیی پێشکەش دەکات، کە مایەی ڕێزە لە کارەکەیدا، ڕاستی ئەوەش ئاستی پاک، خاوێن و پیشەیی خۆی و کارمەندەکانییەتی، بوونی پاکی شتێکی بنەڕەتی کەسایەتی مرۆڤە، چونکە ئاکارێکی بنەڕەتییە، ئەگەر ئەو بنەڕەتییەش نەبێت، هەموو ئاکارەکانی دیکە هیچ مانایەکیان نابێت. ئەوەی هەیەتی، ئامادەبوونی بەهێز و کاریزمایە، ئەوەش سەربەستی هاریکاری، ئاستی گونجاو و تەواوکەری لە بەڕێوەبردنی حکومەت، ئاسایش پێ دەبەخشێت، لەگەڵ تەواوبوونی ئەرکەکە لە الیەنی تەناهییەوە.

ئێستا میراتێکی قورس، هیوایەکی گەورە و گەلێک هەیە، کە دەنالێنێت. ئایا وەکو دەڵێن مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، یان مرۆڤەکانن، کە هەمان هەڵە دووبارە دەکەنەوە، ئایا مەسرور بارزانی وەک باوکی دەبێت، لە مامەڵەکردنی لەگەڵ ناوخۆی عێراق و خوێندنەوەی دۆمەنی سیاسیی جیهان؟ ئایا کوردستان بە درێژایی مێژوو، بە پێشهات، ناکۆکی و چاوتێبڕینی بەرژەوەندی وڵاتانی هەرێمایەتی دەمێنێتەوە، نەخاسمە سەفەوییە تازەکان، عوسمانییە کۆنەکان و دەسەاڵتی ناوەندیش، بەردەوام بەو دوو وڵاتە بەستراوەتەوە؟ ئایا ئەو حکوومەتە چەند بەردەوام دەبێت؟ ئەو پرسیارانە و هی دیکەش، بە هێزەوە خۆیان بەسەر دۆمەنی سیاسیی خۆماڵی، هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی دەسەپێنن، بەاڵم دەڵێین هەر سەرکردە مەزنەکانن، کە دەتوانن ڕووداوەکان دروستبکەن و بەرێوەشیان ببەن، نەوەکو ڕووداوەکان ئەوان بەڕێوە ببەن، هەر ئەوانیشن، کە مێژووی نەتەوە و گەلەکانیان دەنووسنەوە. ئەوان بە تەنیا دەتوانن چارەنووسی گەلەکانیان بەرەو باشتر بگۆڕن، گەلانی باڵا و شارستان، گەلانی ڕیزپەڕ بە کوالیتی مرۆڤی هەمەجۆر نین، ئەوان لە ئێمە باشتر نین، ئێمەش گەلێکی جیاواز نین، بەڵکو شارستانی و بەهامان هەیە، بەاڵم ئەوەی نیمانە، تەنیا سەرکردایەتییەکی کارامەیە، کە باوەڕی بەو گەلەوە هەبێت، بۆ ئەوەی ململانێکانی ناوخۆ تێپەڕێنێت و بە داناییش مامەڵە لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا بکات. هیچ شتێک نییە مەحاڵ بێت، با چاو لە ئەزموونی گەاڵن بکەین کە تاکو ماوەیەکی نزیک دواکەوتوو بوون، ئێستاش لە ڕووی سیاسی و ئابووریییەوە وڵاتی پێشکەوتوون، با ئەزموونی وڵاتانی ئاسیای وەکو سەنگافورە، ماڵیزیا، کۆریای باشوور، فلیپین و وڵاتانی دیکە بە نموونە وەربگرین، کە لە بواڕەکانی پێشکەوتن و گەشەکردن هەنگاوی گەورەیان ناوە.

و: ڕەمزی میرەکانی

سەرچاوە: www.azzaman.com



هێمن هەورامی لە پەرلەمانی کوردستان پێشوازی لە کونسوڵی گشتیی فەڕەنسا کرد

هەورامی: لە ئێستادا هەوڵدەدرێت گفتوگۆکان بە ئەنجام بگەن لەبارەی سەرۆکایەتییەکانی پەرلەمان و هەرێم و پێکهێنانی حکوومەت



بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەی لە دواین ڕەوشی سیاسی و گفتوگۆی پارتی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ الیەنەکان بۆ دەستنیشانکردنی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان و کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دومینیک ماس کونسوڵی گشتیی فەڕەنسا و شاندی یاوەری سەردانی فراکسیۆنی پارتی دێموکراتی کوردستانیان لە پەرلەمانی کوردستان کرد و لە الیەن هێمن هەورامی سەرۆکی فراکسیۆن و ژمارەیەک لە ئەندامی فراکسیۆن پێشوازی کران.

لە دیدارێکدا هێمن هەورامی سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دێموکراتی کوردستان باردۆخی سیاسیی کوردستان و گفتوگۆی پارتی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ هەریەکە لە یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕان و پەیوەندییەکانی ئێستای نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق شیکردەوە. سەبارەت بە گفتوگۆی پارتی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕانیش، هێمن هەورامی ڕایگەیاند: لە ئێستادا گفتوگۆکان بەردەوامن و هەوڵدەدرێت بەزووی گفتوگۆکان بە ئەنجام بگەن و سەرۆکایەتیی پەرلەمان و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان دابمەزرێت.

دەربارەی کاری هاوبەش و ڕۆڵی پێکهاتەکان وەک کریستیانەکان و تورکمانەکان هێمن هەورامی گوتی: کوردستان هی هەموو پێکهاتە و ئایین ئاینزاکانە و دەبێت ڕۆڵیان هەبێت و پارتی جەخت دەکاتەوە لەسەر بەشداری پێکردنیان و پێدانی ڕۆڵی زیاتر بە کریستیانەکان و تورکمانەکان کە دوو نەتەوەی سەرەکی و گرنگی کوردستانن.

هەر لەدیدارەکەدا سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی تیشکی خستە سەر کارنامەکان بۆ بە دامەزراوەییکردنیان لە چوارچێوەی بوونی دەستووریێکی شایستە بۆ هەرێمی کوردستان و هەروەها چاکسازییەکی گشتگیر و خزمەتکردنی زیاتری خەڵکی کوردستان. لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا دۆمینیک ماس کونسوڵی گشتیی فەڕەنسا خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەم سەردانە و هیوای خواست گفتوگۆی الیەنەکان بە زووی بگاتە ئەنجام و پشتیوانی خۆشیان بۆ هەر گفتوگۆیەکی ئەرێنی چ لە ناوەخۆی هەرێمی کوردستان و یاخود لەگەڵ حکوومەتی عێراق نیشاندا.

هەمان ڕۆژ هێمن هەورامی بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە ئەندامی پەرلەمان پێشوازیی لە بەشێک لە قوتابیانی زانکۆی ڕاپەڕین کرد و لە دیدارکەدا هێمن هەورامی پوختەیەک لە بارودۆخی سیاسی و ئابووری گفتوگۆی پارتی لەگەڵ الیەنە سیاسییەکان و پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق ڕوونکردەوە. هەر لە دیدارەکەدا هێمن هەورامی، ڕۆڵی قوتابیان لە ناو گۆمەڵگە بەرزنرخاند و گوتی: قوتابیان هێزەکی لە بن نەهاتووی ناو کۆمەڵگان و دەتوانن هاوکار و هەماهەنگ و پشتیوان بن بۆ دۆزی ڕەوای گەلەکەمان و بۆ ئەم مەبەستە دەبێت گرنگی زیاتر بە زانست و خوێندن بدرێت بۆ ئەوەی هاوشان لەگەڵ کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان ئاستی زانستیمان بەرەو پێش بچێت لە گشت بوارێکدا. پاشان قوتابیانی زانکۆی ڕاپەڕین سوپاس و پێزانینی خۆیان گەیاندە فراکسیۆنی پارتی بۆ ئەم پیشوازییە و خوازیار بوون گفتوگۆی الیەنەکان بە ئەنجام بگات و بە زووییکابینەی نۆیەم دەستبەکار بێت.

بەڕێوەبەری ناحیەی جەلەوال:

بەشێک لەو هێرشانەی شەوانە دەکرێنە سەر گوندەکان چەکدارانی داعش نین



بەڕێوەبەری ناحیەی جەلەوالی پارێزگای دیالە، دەڵێت ئەو هێرشانەی شەوان دەکرێنە سەر گوندەکانی سنووری ناحیەکەی و قەزای خانەقین، مەرج نییە تەنها داعشیان لە پشتەوە بێت. شێخ یەعقوب لهیبی کە هاوکات سەرۆک عەشیرەتێکی عەرەبی سوننەشە، بە دەنگی ئەمەریکای ڕاگەیاندووە: ئەو هێرشانەی شەوان دەکرێنە سەر گوندەکان، گەر بڵێی داعش نین، داعشن، گەر بیشڵێی حەشدی شەعبی نین، حەشدیشن، هەموو الیەک دەستیان لەو هێرشانەدا هەیە.

سەبارەت بە هۆکاری هێرشەکان، بەڕێوەبەری ناحیەی جەلەولا گوتیشی: بەشێک لە هێرشەکان بۆ پارە لە خەڵک دەرگرتن، بە خەڵک دەگوترێت، پارەمان نەدرێتێ، بۆمبتان بۆ دادەنێین و دەتانکوژین. بەشێک لەو گوندانەی سنووری قەزای خانەقین و جەلەولا کە هێرشیان دەکرێتە سەر، گوندی کوردنیشین، بۆیە بەشێک لە بەرپرسانی کورد پێیانوایە پلانی چۆڵکردنی ناوچەکە بە کوردەکان لە پشت هێرشەکانەوەن. بەاڵم یەعقوب لهیبی ، پێیوایە کورد مااڵ و دوو مااڵ نین، تا ناوچەکەیان پێ چۆڵ بکرێت، دەڵێت: هێرشەکان کاریگەریان لەسەر کورد نابێت.

درکاندنی نهێنی هەڵگوتانە سەر گوندەکان و گێچەڵ پێکردنیان لە الیەن هێزی تری جیاواز لە داعشەوە لە کاتێکدایە کەم شەو هەیە، هێرش نەکرێتە سەر ناوچەکانی سنووری جەلەولا و خانەقین.

کەرکووک..بەهۆی کردەیەکی خۆکوژی چوار پۆلیسی فیدراڵی کوژران و بریندارببوون

لە ئاکامی کردەیەکی خۆکوژی لە باشووری ڕۆژئاوای پارێزگای کەرکووک، چوار پۆلیسی فیدراڵی کوژران و بریندارببوون. کردە خۆکوژییەکە لە ناحیەی ڕیاز سەر بە قەزای حەویجە باشووری ڕۆژئاوای پارێزگای کەرکووک ڕوویداوە.ئەفسەر لە پۆلیسی کەرکووک، نەقیب حامد عوبێدی ڕایگەیاندووە، خۆکوژێک لە ڕێگەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراوەوە لە خاڵێکی پشکنینی هێزەکانی پۆلیسی فیدراڵی لە دەروازەی ناحیەی ڕیاز باشووری ڕۆژئاوای پارێزگای کەرکووک، خۆی تەقاندووتەوە. بە گوتەی حامد عوبێدی لە ئاکامی کردە خۆکوژییەکەدا، پۆلیسێکی فیدراڵی کوژراوە و سێی دیکەش بریندارببوون. لای خۆیەوە شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی سەر بە وەزارەتی بەرگری عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا هەواڵەکەی پشتڕاستکردووەتەوە و ئاماژەی بەوەداوە کە پەاماری تیرۆریستییەکە لە الیەن خۆکوژێکەوە لە ڕێگەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو ئەنجامدراوە کە خاڵێکی پشکنینی هێزەکانی پۆلیسی لە دەروازەی ناحیەی ڕیاز سەربە پارێزگای کەرکووک کردووەتە ئامانج. لە ڕاگەیەندراوەکەدا باس لەوەشکراوە کە بەپێی ئامارە بەرایییەکان لە ئاکامی کردە خۆکوژییەکەدا، پۆلیسێکی فیدراڵی کوژراوە.



سیناریۆی ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران و ئەمەریکا



کەنعان بەهادین

بە دووری دەبینم کە رۆژێک لە رۆژان ئێران و وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ڕێگەی سەربازییەوە ڕووبەڕووی یەکتر ببنەوە، بە پشتبەستن بە بیردۆزی (تا پەیوەندی ئابووری نهێنی لە نێوان هەردوولا بەردەوامی هەبێت ڕووبەڕووبوونەوەی تاران و واشنتۆن یاخود تاران و تەلئەبیب ڕوونادات). تەنها ئەو رۆژەی کە هەموو پەیوەندییە نهێنییەکانی بواری ئابووری و سیاسی هەردوولا بیەوێت ئابووری ناوچەکە بۆ خۆی ڕاپێچ بکات و دژی ئەمەریکا هەنگاو بنێت، هەروەکو کورد گوتەنی: (بزن نانی شوان بخوات، ئەوکات هەجەلی هاتووە بۆ سەربڕین).

لە حاڵی ئێستادا ڕووبەر و قەبارەی ئێران لە سووریا و عێراق و لوبنان لە فراوانبوونداید، بۆیە نیگەرانییەکانی ئیسرائیل و ئەمەریکا بۆ ئەو جوڵانەی تاران لەناوچەکە دروستبووە، بیرۆکەی ئابلۆوقەی ئابووری بۆ سەر ئێرانیش تەنها بۆ ئەوەیە (سنووردار)ی توانای ئەو وڵاتە بکرێت، هەروەکو واشنتۆن لە بەرامبەر کۆریای باکوور بەو شێوە سەرکەوتوو بوو. ئێرانیش وەکو دەوڵەتێکی ئایینی و دونیایی هەر لەوەتەی هەڵگیرساندنی شۆڕشی 1979تەنها بە دروشمەکانی دژ بە ئەمەریکا و ئیسرائیل تەکانی بە دەوڵەتەکەی داوە و فراوانی کردووە، بۆیە پاشگەزبوونەوە یاخود دەستهەڵگرتن لە هەر ئایدۆلۆژیایەکی شۆڕشی ئێران خۆکوشتن و ئینتیحاری تارانە، ئەو جەولەی ڕووبەڕووبوونەوەی تاران و واشنتۆن دوا جەولەی مانەوەی ئێرانە وەکو هێزێک لە ناوچەکەدا، یاخود شکستی گەورە دێنێت. لە حاڵی حازردا ئێران زۆر بە وردی ئارامی نیوخۆیی وڵاتەکەی دەپارێزێت و نایەوێت هیچ فەرتەنەیەک دروست ببێت، بۆیە هەوڵی جددی ئێران، ئاشووب خوڵقاندنە لە هەر سێ وڵاتەکانی (عێراق و سووریا و لوبنان)، تاوەکو ئەمەریکا وا لێ بکات لەو گوشارە سیاسی و ئابووریە پاشەکشە بکات، هەروەک وازحە کە ترەمپ لەو کەسانە نییە لەو بابەتە بکشێتەوە و یاخود هەر سێ لا لەناوچەکە درزی تێبکەوێت ، یاخود ئێران هاوشێوەی تاڵیبان و بن لادن لە قەبارەی خۆی دەربچێت، ئەوکاتە دەکرێ بگوترێت ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی ڕوو دەدات. واشنتۆن نیگەرانە لەوەی کە ڕووبەری شیعەگەرایی لەناوچەکە بە سەرۆکایەتیی ئێران لە فراوانبووندایە، وەکو فیکر و بیرکردنەوەی ئێران وەک نمایشکارێکی زۆرێزی لە رۆژهەڵاتی ناوین، بەوەی بە دووری دەبینم کە رۆژێک لە رۆژان ئێران و وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ڕێگەی سەربازییەوە ڕووبەڕووی یەکتر ببنەوە، بە پشتبەستن بە بیردۆزی (تا پەیوەندی ئابووری نهێنی لە نێوان هەردوولا بەردەوامی هەبێت ڕووبەڕووبوونەوەی تاران و واشنتۆن یاخود تاران و تەلئەبیب ڕوونادات). تەنها ئەو رۆژەی کە هەموو پەیوەندییە نهێنییەکانی بواری ئابووری و سیاسی هەردوولا پێموایە لە سنووردارکردنی ئێران بەردەوامدەبێت تا بەکارهێنانی هێزیش.

بۆیە دەکرێ هێزەکانی سونە و کورد لە ناوچەکانی خۆیان بە وردییەوە ئاگادارین تا ئاشووبی ئێران لە ڕێگەی داعش و هاوپەیمانەکانی دیکەی، ناوچەکانیان نەشێوێنێت، هەروەکو ترەمپ زووتر داوای لەو لایەنە کوردییانە کرد کە نەوت دەفرۆشنە ئێران، لەمەودوا بە حەزەر بن، هەروەها لە ڕووی سیاسیشەوە ئێران دەیەوێت پەرلەمانی عێراق بەکار بێنێت بۆ دەرکردنی یاسایەک بۆ کشانەوەی بە زۆری سوپای ئەمەریکا لە عێراق، ئەمەریکاش دوای ڕۆیشتنی مەکگۆرک وردتر لەناوچەکە چاودێرە و ناهێڵێت ئێران بە قەبارەی گەورەتر دەربکەوێت.

بە دووری دەزانم کە لە داهاتوودا ئێران بتوانێت ئەو کێشمەکێشمە لە ڕووی سەربازییەوە بتەقێنێتەوە، چونکە بۆ ئێران زیانێکی گەورە دەبێت بەوەی ئەمەریکا بە چەکێک و سەربازانی زۆرەوە لە عێراقن، دواجار بۆ سەر خاکی ئێران دەبێتە مەترسی گەورە و نەیارەکانی لێوەی نزیکدەبنەوە، بۆیە ئێران دەیەوێت تۆپی ناکۆکییەکان بخاتە نێو خاکی سووریا و لەوێ هاوپەیمانەکانی وەکو حزبوڵای لوبنانی و هەندێ لە سوپای ڕووسیا ئامادەن بۆ هەموو ئەگەرێک. پێم وایە ئەمانە لە دواخاڵی نائومێدی گفتوگۆکانی تاران و واشنتۆن دروست دەبێت، ئەگەر بێت هەموو پەیوەندییە ئابوورییە نهێنییەکانی هەردوولا کۆتایی پێدێت، زۆر لە شرۆڤەکارانیش وای بۆ دەچن، ئێران تەنها هۆکارێک و دارددەستەی ئەمەریکا و تارانە بۆ بەکارهێنانی دژ بە نەیارانی ئەمەریکا لە ناوچەکە، ئەمیش بەو مەرجەی کە نەتوانێت ڕووبەر و قەبارەی فراوان بێت.



پەکەکە لە دەروازەی سنووری سەرزێڕێ چوار کەس دەڕفێنێت

K24: ماوەی چەند ڕۆژێکە گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) چوار هاوڵاتی خەڵکی باکووری کوردستانیان ڕفاندووە و تا ئێستاش چارەنووسیان نادیارە. بە گوێرەی زانیارییەکانیش ئەو 4کەسە لە کاتی هاتچوونی ئاسایی کارەکانی خۆیاندا لە دەروازەی سنووری سەرزێڕێی ناوچەی ئامێدی ڕفێنراون. سەرچاوەیەکی ئەمنی لە سنوور کە نەیوستووە ناوەکەی ئاشکرا بکرێت، هەواڵی ڕفاندنی ئەو چوار هاووڵاتییەی پشتڕاستکردووەتەوە و گوتوویەتی: بەهۆی ڕفاندنی ئەو 4کەسەوە دەسەڵاتدارانی تورکیا بڕیاری داخستنی دەروازە سنووریەکەی داوە و ماوەی دوو ڕۆژە هاتووچۆ لەو دەروازەیە ڕاگیراوە. ئەو سەرچاوەیە گوتوویەتی: تورکیا بەهۆی ڕفاندنی ئەو چوار کەسەوە نیگەرانی خۆی گەیاندووەتە بەرپرسانی کارگێڕیی ناوچەی ئامێدی و هەوڵەکانی چارەسەرکردنی ئەو پرسە لەگەڵ تورکیا بەردەوامە. دەروازەی سنووری سەرزێڕێ دەروازەیەکی فەرمی سنوورییە و ڕۆژانە نزیکەی 1000ڕێبوار بەو دەروازەیەدا هاتووچۆ دەکەن و ئالۆگۆڕی بازرگانیی تێدا دەکەن، بە داخستنی دەروازەکەش زیان بەر هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان و باکووری کوردستان و تورکیا دەکەوێت.

هەواڵگری نیشتمانیی ئەمەریکا:
ئەمەریکا ڕووبەڕووی جیهانێک بووەتەوە تا دێت نادیار و ئاڵۆز دەبێت



لە ڕاپۆرتی ستراتیجی هەواڵگری نیشتمانی ئەمەریکادا، هۆشداری دراوە لەوەی کە مەترسی زۆر جیاوازتر هەیە بۆسەر وڵاتەکەی وەک مۆدێرنەکردنی سوپای چین و هەوڵەکانی ڕووسیا بۆ فراوانکردنی ناوچەی قەڵەمڕەوی. لەو ڕاپۆرتەدا پێشینەکانی دەزگا جۆراوجۆرەکان کە کۆمەڵگەی هەواڵگری ئەمەریکایان پێکهێناوە دیاریکراوە و باس لەوە کراوە کە ئەمەریکا ڕووبەڕووی جیهانێک بووەتەوە کە تا دێت نادیار و ئاڵۆز دەبێت و هەڕەشەکانی زۆر جیاوازن و پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە. لە ڕاپۆرتەکەدا پلەبەندی بەسەرکردنەوەی مەشق و ڕاهێنانەکانی سوپای ئیسرائیل لە باشووری وڵاتەکەی، گوتوویەتی هەر کەسێک هەوڵ بدات پەلاماری ئیسرائیل بدات، ئەوا بە توندترین شێوە وەڵامی دەدەینەوە و سوپای ئیسرائیل بۆ هەر سیناریۆیەک ئامادەییە، بۆیە ئامۆژگاری ئێمە ئەوەیە کە هەنگاوی لەو شێوەیە نەهاوێژدرێت. سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهو ئاماژەی بەوەکردووە پێویستە فەرمانگە هەواڵگرییەکانی ئەمەریکا خۆیان لەگەڵ کەشی دەڵەمە و ئاڵۆز بگونجێنن. دان کۆوتس جەختی لەوەکردووەتەوە کە لە ناوخۆ و دەرەوە پێشهاتی مەترسییەکان نەدراوە، بەڵام جەخت لەسەر مەیلی دابڕاندن کە لە خۆرئاوا لە زیادبوونداید لەگەڵ ئەو مەترسییە کراوەتەوە کە دۆژمنانی نەریتی وبستویانە سوود لە شیرازەی نێودەوڵەتی وەربگرن کە دوای جەنگی جیهانی دووەم لاوازبووە. هەروەها لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە لەوانەیە ڕووسیا بەردەوام بێت لە هەوڵەکانی زیادکردنی کاریگەری و دەسەڵات، ئەوەیش دژی ئامانج و پێشینەکانی ئەمەریکا دەبێت لە ناوچە جۆراوجۆرەکاندا. لە ڕاپۆرتەکەدا هەوڵەکانی کۆریای باکوور بۆ دەستخستنی چەکی ئەتۆمی، گەشەکردنی توانا سایبەرییەکانی دۆژمنەکانی ئەمەریکا و ناسەقامگیریی سیاسیی جیهانیی، هەڕەشەی جددیین و باس لە هەوڵەکانی چین بۆ باڵادەستیی لە زەریای هێمندا و مۆدێرنیزەکردنی سوپاکەی، کراوە. بەڕێوەبەری هەواڵگریی نیشتمانی، دان کۆوتس لە نامەیەکدا کە لەگەڵ ڕاپۆرتەکەدا بڵاویکردووەتەوە، ئاماژەی بەوەکردووە پێویستە فەرمانگە هەواڵگرییەکانی ئەمەریکا خۆیان لەگەڵ کەشی دەڵەمە و ئاڵۆز بگونجێنن. دان کۆوتس جەختی لەوەکردووەتەوە کە لە ناوخۆ و دەرەوە پێشهاتی مەترسیدار هەن بۆسەر ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەمان و هاووڵاتیانی ئەمەریکا. ئەو ڕاپۆرتە هۆشداری دەداتە کە ئەمەریکا ڕووبەڕووی هەڕەشەی جیاواز دەبێتەوە لە ڕووی سەرچاوە و شێوازەوە، هەروەها ئاماژە بە هەڕەشەی سەرهەڵدانەوەی بریندارانی ئاسانتر و زەوینەیان لەبارتر لە چارەکردن و بنبڕکردنیان دەکات، چونکە قەیرانەکە لە ئەسڵا لە خودی ڕژێمەکەیە، ئەو ڕژێمەی نە دەرس لە ڕژێمەکانی دەرودراوسێی وەردەگرێ و نە دەشتوانێ سەرلەنوێ خۆی بونیات بنێتەوە.



سووریا



بەهزاد حەویزی

سووریا پاش بەهاری عەرەبی کەوتە نێو گێژاوێک هێشتا نە بە کۆتا هاتووە و نە ئاسۆگەیشی ڕوونە، ئەو وڵاتە وەکو کەسێکی دەردەدار وایە بەدارشەقەوە ڕێبکات یا نەخۆشێکی سڕبوو وایە دوای وەئاگاهاتنی لە بەنجەکە ئینجا هەست بە ئێشوئازاری بەدەنی دەکات، ئەو ئێشوئازارەی پاش کڕۆکپبوون و بێدەنگبوونی دەنگی تۆپەکان و شین و فیغانی خەڵکی سڤیل و منداڵە بێ لانە و خانوو و ماڵەکان، دێتەوە سڕ، کە کۆمەڵە ئێش و کێشەیەکە پێم وایە بنبڕکردنیان ئەستەمە لەوانەش: کێشەی دەستێوەردانی دەرەکی، کێشەی سنوور، کێشەی بونیاتنانەوە و نۆژەنکردنەوە و ئاوەدانکردنەوە، کێشەی کورد، کێشە ئیتنی و تایەفییەکان، کێشەی تیرۆر، کێشەی ئاوارە و پەناهەندەکان.. تد.

ئەو وڵاتە کیکێکە لە نێوان چەند دەوڵەتێکی زلهێز و گەورە و هەرێمیەوە دابەشکراوە، تەنانەت دەستوورەکەیشی وا خەریکە بۆی دەنووسنەوە و بۆی دادەڕێژنەوە، کەچی دوای ئەو قۆناغە دەبینێ و دەبیستێن وا خەریکە هەناسەیەکی دێتەوە بەر و جارێکی دیکە خۆ گیژ دەکاتەوە، لەولاشەوە وا دوو سێ وڵاتی عەرەبی وەخۆکەوتوون و باڵوێزخانە و کونسوڵخانەکانیان لە دیمەشق دەکەنەوە و سەردانی دەکەن گوایە نەفەسێکی تازە دەدەنەوە بەر عەقڵیەتی عرووبچییەتی و ئومەی عەرەبی و نیشتمانی عەرەبی و گەرەکیانە جارێکی دیکە بیخەنەوە سەرخەت (ریزی عەرەبی) و ڕێکخراوە و کۆمکاری عەرەبی و فەزا و بەڕەی عەرەبییەوە! لەمەشدا ڕوونە مەبەستیان بەپلەی یەکەم کام دەوڵەتی غەیرە عەرەبییە.

تروسکایی گەڕانەوەی ئەو وڵاتە بۆ پێش (2011) زۆر کزوخامۆشە، چونکە پێگە و هەلومەرج و ڕەهەندە سیاسییەکانی ئەو حەوت ساڵە و ئەو گۆڕانکارییانە تایبەتن بەو وڵاتە نەک دەوڵەتێکی دیکە و ناشکرێت بە ئەزموونی دەوڵەتێکی دیکەی بچوێنرێت بۆ نموونە: میسر، ئیدی چەندین سیناریۆش ئامادەن و تیایاندایە ڕوون نییە لەوانەش سیناریۆی وڵاتە یەکگرتووەکان، کە چەندین پێگە و سەربازگەی لەو وڵاتەدا هەیە، ڕێگەچارەی مامناوەندیش تاسەر سەر ناگرێت، لەبەر ئەوە وەک پێشتر ئاماژەم پێدا سەرهەڵدانەوەی برینەکان ئاسانتر و زەوینەیان لەبارترە لە چارەکردن و بنبڕکردنیان، چونکە قەیرانەکە لە ئەسڵا لە خودی ڕژێمەکەیە، ئەو ڕژێمەی نە دەرس لە ڕژێمەکانی دەرودراوسێی وەردەگرێ و نە دەشتوانێ سەرلەنوێ خۆی بونیات بنێتەوە.

ناتانیاهو: ئیسرائیل بە نهێنی هاوپەیمانێتیی لەگەڵ جیهانی عەرەبییدا هەیە



سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهو ڕایگەیاند، وەڵامی حکوومەتەکەی زۆر توند و بەئازار دەبێت، ئەگەر هەر هێرشێک لە کەرتی غەززەوە بۆسەر ئیسرائیل ئەنجام بدرێت.دەستەی فەرمی پەخشی ئیسرائیل بڵاویکردەوە، بێنیامین ناتانیاهو لە میانی کۆڕبەندێکی ئاسایشی نیشتمانیدا لە تەلئەبیب ئاماژەی بەوە کردووە، کە ئیسرائیل بەردەوام هەوڵ دەدات بۆ ڕێگرتن لە هەڕەشەکانی سەر وڵاتەکەی، بەڵام ئەو هەوڵانە بەتەنها بەس نین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکان، بۆیە پێویستە هاوپەیمانێتیی بەهێز لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا هەبێت.

ناتانیاهو ئاماژەی بەوەیش کردووە، کە ئیسرائیل بەردەوام هەوڵ دەدات بۆ ڕێگرتن لە هەڕەشەکانی سەر وڵاتەکەی، بەڵام ئەو هەوڵانە بەتەنها بەس نین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکان، بۆیە پێویستە هاوپەیمانێتیی بەهێز لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا هەبێت.

ناتانیاهو لە بەیاننامەکەیدا ئاماژەی بەوەیش کردووە، کە ئیسرائیل بەردەوام هەوڵ دەدات بۆ ڕێگرتن لە هەڕەشەکانی سەر وڵاتەکەی، بەڵام ئەو هەوڵانە بەتەنها بەس نین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکان، بۆیە پێویستە هاوپەیمانێتیی بەهێز لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا هەبێت.

ئیسرائیل، ئێرانە کە لە میانی دانانی چەپەر لە هێڵی پێشەوە لە لوبنان و کەرتی غەززە هەڕەشەی لەناوبردنی ئێمە دەکات، لە ئێستادا خەریکی دانانی چەپەری سێیەمە لەو دیوی سنووری سووریا لە بەرزاییەکانی جۆلان. سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل گوتیشی: ئیسرائیل گورزی کوشندە لە ئێران و سوپاکەی دەوەشێنێت، سوپاکەمان تاکە هێزە کە ئێستا دژبە سوپای ئێران لە سووریا دەجەنگێت. حکوومەتی ئیسرائیل بۆ چەند جارێک ڕایگەیاندووە کە ڕێگە بە بوونی سەربازی ئێران نادات لە سووریا.



لە یەکەمین سالیادی کۆچی دوایی هەڵگری مەدالیای بارزانیی نەمر (مەلابرایم هەسنکی)

(مەلابرایم هەسنکی)نموونەی پێشمەرگە و فەرماندەی قارەمان و نیشتمانپەروەر بوو

خەبات: سەفەر یوسف میرخان ژاژۆکی

کاروانی تێکۆشان و خەباتی گەلی کوردستان زۆر سەرکردە و شۆڕشگێڕی تیا هەڵکەوتووە کە بە تێکۆشانیان لاپەڕەکانی مێژووی کوردیان نووسیوەتەوە، یەکێک لەو تێکۆشەرانە (مەلا برایم هەسنکی)یە. ڕێبازی بارزانی هاندرێک بوو بۆ ئەم تێکۆشەرە کە خەباتنامەیەک بۆ خۆی تۆمار بکات. (مەلا برایم هەسنکی) یەکێک بوو لەو پێشمەرگانە کە تەواوی تەمەنی خۆی لەپێناوی ڕێبازی بارزانی نەمر بردۆتە سەر، فەرماندەیەکی قارەمان و هەڤاڵی بارزانیی نەمر بووە. مام مەلابرایم هەسنکی دوای ململانێکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی بەرە بەیانی 21-1-2018 لە تەمەنی 91 ساڵیدا لە پیرمام کۆچی دوایی کرد و لە ڕێورەسمێکی شایستەدا بە ئامادەبوونی دۆست و هەڤاڵ و جەماوەرێکی زۆر لە گۆرستانی گوندی (هەسنکا) سەربە دەڤەری بارزان تەرمی خوالێخۆشبوو بە خاکی پیرۆزی کوردستان سپێردرا. ئەمڕۆ کە یەکەم ساڵیادی کۆچی دوایی ئەو تێکۆشەرەیە،لەم یادەدا ڕۆژنامەی خەبات چەند دێرێک لە ژیان و خەباتی ئەم قارەمانە بۆ خوێنەران دەخاتەروو.

خەبات و تێکۆشانی

فەرماندەی خەباتکار(مەلابرایم بابەکر) ناسراوە بە(مەلابرایم هەسنکی) لە ساڵی 1927لە گوندی (هەسنکا)

سەربەدەڤەری بارزان لە بنەماڵەیەکی کوردپەوەر و شەهید پەروەردلە دایکبووە،لە ساڵی 1936کەلەتەمەنی 9ساڵیدابووە باوک و مامی لەسەر ڕێبازی کوردایەتی شەهید بوون. (مەلابرایم هەسنکی) ساڵی (1945-1943) بەسەرۆکایەتی بارزانیی نەمر بەشداری شۆڕشی دووەمی بارزان کردووە ، ساڵی (1946مەلابرایم هەسنکی) یەکێک بووە لە بەرگریکارانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و ڕۆژێکی بەرچاوی هەبووە لە داستانەکانی بەرگری کۆمار. دوایی تێکچوونی کۆماری کوردستان ساڵی 1947خولێخۆش بوو لە گەڵ ئامۆزای شەهیدی فەرماندە(عەلی شەعبان) بەشدارەبەن لە ڕێڕەوە میژوویەکەی بارزانیی نەمر و هەڤاڵەکانیان ڕووەو یەکێتی سۆڤیەتی جاران. (مەلابرایم هەسنکی) لە ئاوارەیدا لە یەکێتی سۆڤیەت بروانامەی بەکالۆریس وەردەگرێت، لەساڵی 1961 بەشداری لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول دەکات و بە هەمان ڕۆحی پێشمەرگایەتی جاران لەگەڵ بارزانیی نەمر چوویتە دەڤەری بادینان و بەشدار بووە لە هەموو داستانەکانی شەڕ لە دەڤەری بادینان، بەتایبەتی داستانی (مرێبا) وداستانی(ئۆرمارکێش) کە دوژمن دووچاری شکستی گەورە بوو. لەبەر لێهاتووی و قارەمانیەتی و گیانفیدای لە ساڵی)1966مەلابرایم هەسنکی) دەبێتە فەرماندەی پاسەوانەکانی بارزانیی نەمر لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول. یادی بەخێر... کاتێک دەچوومە خزمەتی بۆ تۆمارکردنی بیرهاتن و یادگاریی و زانیارییەکان دەربارەی شۆڕشەکانی بارزان و ئەیلوول و گوڵان، خولێخۆشبوو خۆشحاڵ دەبوو و هەمیشە دەیگوت: "تۆ کارێکی باش دەکەیت کە زانیاری و یادەوریەکانی شۆڕش و لە ڕۆژنامەی خەبات بلاودەکەیتەوە.

یەکەم چاوپێکەوتنم لە گەڵ (مەلابرایم هەسنکی) لە تەموزی ساڵی 2007بوو و یەکەمین پرسیاری من لە مەلابرایم ئەوە بوو: چۆن بریارتدا چەک لە شان بکەی؟چۆن بارزانیی نەمرت ناسی؟. ئەوەیش بەهەستێکی فراوان بۆ ڕۆژنامەی خەبات هاتە ئاخاوتن و گوتی:

لە ساڵی 1936کەلە تەمەنی 9 ساڵیدابووم، باوکم و 3مامی خۆم لەسەر ڕێبازی بارزانی شەهید بوون، هەروەها زۆر و زۆرداری لە دەڤەری بارزان دەکرا، حکوومەتی بەغدا هیچی پێ ڕەوا نەدەبینین و نادادپەروەرانە باجی نارەوا لەو هەژارانە وەردەگرت کە مەڕومالاتیان هەبوو، هەروەها قوتابخانە و نەخۆشخانەیان بۆدروست نەدەکرین و هیچ خزمەتگوزارییەکیان بە دەڤەری ئێمە نەدەکرد، هەردەم خەڵکیان بە زۆرداری دەبردە عەسکەری، دژایەتی کردنی میللەتی کورد و خۆسپاندنی دوژمن لەسەر میللەتی کورد وای لەمن کرد پەیوەندی بە شۆڕشی دووەمی بارزان بکەم. ئەوکات (ساڵی 1943) کە بارزانیی نەمر بەسەربەرزیەوە لە سلێمانی گەڕایەوە دەڤەری بارزان بۆ جوشدانی شۆڕشێکی نوێ لە دژی ستەمکاران وداگیرکەران لەو کاتەدا من لە تەمەنی 16ساڵیدا بووم، لەبەر لێهاتوویی و چاونەترسی و ئازایەتی و میهرەبان و عەدالەتی بارزانیی نەمر و هەروەها بارزانی نەمر کاریزمایەکی بێ هاوتای هەبوو ،ئەمەش ئەگەری ئەوەبوو کە خەڵکی دەڤەرەکەمان و تەواوی کوردستان هەموویان چوونە پاڵ شۆڕشی مەلامستەفا



بارزانی. من زۆرم پێ خۆش بوو کە یەکەم جار ئەو سەرکردە مەزنەم بینی، ئەوە بوو کاتێک کە بارزانیی نەمر سەردانی گوندێکی نزیکی ئێمەی کرد،من لەگەڵ یەکێک لە هەڤاڵانم چووینە خزمەتی مەلامستەفا ، بینم لە دەوروبەری بارزانیی نەمر پیاوانی لێهاتوو و چاونەترس کۆبوونەوە، دواتر منیان پێ ناساند، بارزانیی نەمر ڕێزی تایبەتی لێنام، چوومە خزمەتی بارزانی نەمر و داوام لێکرد کە وەکو پێشمەرگە ئەرکێکم پێ بسپێڕی بۆ ئەوەی خزمەت بە گەڵ و نیشتمانەکەم بکەم، ئەویش داواکەی منی پەسندکرد و لەو کاتەوە پەیوەندیم بە شۆڕش کرد. ساڵی 1944چەکم وەرگرت لە لایەن بارزانیی نەمر کە تفەتگێکی ئینگلیزی بوو، ئەوساتە بۆ ئێمەمانان سەرەتای قۆناغێکی تازەی شۆڕش بوو، زۆر کەیفم بەو جۆرە چەکە هات.

خولێخۆشبوو مام مەلابرایم هەسنکی دواتر دەبێتە یەکێک لە یاوەرانی نزیکی بارزانیی نەمر بەشدای لەبەرگری کردن لە کۆماری کودستان لە مەهاباد دەکات کە بارزانییەکان بەسەرۆکایەتی شێخ ئەحمەدی بارزان و بارزانیی نەمر ڕۆڵیان هەبووە لە پاراستنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و لەویشد.

× بەرلە کۆچی دواییکردنی لە دیمانەیکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات پرسیارم لە (مەلابرایم هەسنکی)کرد: "لە ڕێڕەوە میژوویەکەی ئێوە لەگەڵ بارزانی نەمر بۆ یەکێتی سۆڤیەتی جاران، تۆچ بیرەوەرییەکت هەیە"؟. (مەلابرایم هەسنکی) بەدڵێکی پڕ حەسرەتەوە گوتی:

پێش سەفەرەکە، بارزانی نەمر ئێمەمەی هەموو کۆکردەوە و فەرمووی: "ئەو ڕێگای پێیدا دەڕۆین ڕێگای ژیان و مەرگە و لەوانەیە تووشی برسێتی و ناخۆشی و بێ جل وبەرگی بین،جا ئەوەی توانای ڕۆیشتن و شەڕی هەبێت با لەگەڵمان بێت، ئێمە لە پێناو پاراستن و کەرامەت و سەرمالی کوردستان دەستمان داوەتە چەک، پشت بە خوای گەورە ئەوە ڕێگای ئێمەیە". ئێمەش بەیەک دەنگ هاوارمان کرد " لە گەڵتدا دەبین و مردنمان لە ژیانی ژێردەستی پێ خۆشترە ". ئینجا ڕێگای سەرفرازمان هەڵبژارد ئەگەرچی سەخت و ناخۆش و برسیتی و شەڕ و کەمینەی دوژمنانمان لە پێش و پشتمان بوو، ڕاستیشدا ئەو شتانەی کە بارزانیی نەمر بۆ ئێمەی باس کرد هەمووی هەروا دەرچوو، چارەنووسی نادیارمان هەڵبژارد،دوژمنان هەموو ڕێگایەکیان تاقی کردەوە بۆئەوەی لەناومان ببەن، تووشی چەندەها شەڕ و هێرش بووین، بارزانیی نەمر لە پێش کاروانەوە بوو، لەڕێگادا ئەگەر شتیکمان هەبوو یاخود دەستمان بکەوتایە بە هاوبەشی هەموومان پێکەوە دەمان خوارد،ئەگەر نەبووایە بەردەوام دەبووین لە ڕێڕەوەکە. لە 18/6/1947لە دوایی باروددۆخێکی سەخت و دژوار، پەرێنەوە لە ڕووباری ئاراس چووینە ناو خاکی سۆڤیەت ، دواتر ئێمەیان برد بەیابانێکی چۆل و داوامان لە ڕووسیەکان کرد کە خواردمان پێبدەن،چونکە چەند ڕۆژێک بوو خواردمان نەخواردبوو ، ئەوان (ڕووسەکان) دەیانگوت: "نابێ ئێوە نان بخۆن تاکو دکتۆرەکان دین". کە دکتۆرەکانیش هاتن گوتیان: "نابێ هیچ کەس لە 100گرام زیاتر نان بخوات، ئەگینا تووشی ئازار دەبن" ، وابوو چونکە 3شەو و ڕۆژ بوو هیچمان نەخواردبوو.دوای ئێمەیان برد (نەخچەوان) نزیکی 40ڕۆژ لەوێ



کوردستانیان تا هەتایە شانازی بەم ڕابەرە خەباتگێڕە دەکەن. بارزانی نەمر هەمیشە دەیگوت: "من تەنها یەک ئامانجم هەیە ئەویش، ماف و خواست و ئازادیی میللەتەکەمە ، هەموو هەوڵێکم لە پێناوی ئەوە دەبێت کە دوژمن دان بە مافی خەڵکی کوردستان بنێت". بارزانی نەمر شۆڕگێڕ و پێشمەرگەیەکی خاوەن هەڵوێست و مرۆڤ دۆستی و دادپەروەر بوو هەمیشە دەیفەرموو: "دەبێ هەموومان ڕێز لە شۆڕش بگرین، ڕێز لە شۆڕش گێڕان بگرین، ڕێز لەو میللەتە بگرین کە پاڵپشتی شۆڕش دەکەن، یەکەمیان بە خۆم دەبێ ڕێزیان لێ بگرم دواتر هەموو بەرپرسەکان تا دەگاتە پێشمەرگەیەکی سادە. نابێ ئێمە ئەوە لەبیر بکەین ئەگەر هەستی لاوێک یان شوانێک یان جۆتیاریک بشکێنین یان ڕێز لە کاسبکارێک یان ئافرەتێک یان منداڵێک نگرین، تەنانەت بە تاکە وشەیکیش برینداریان بکەین، ئەوکات ئێمە خۆمان دەبینە دوژمنی خۆمان و گەلەکەمان. هەرکاتێک دڵی گەلەکەمان لە گەڵمان بێت، ئەوکات دوژمن ناتوانی بە سەرمان زاڵ بێت ،بۆیە دەبێت هەردەم پارێزگاری لە خاک وشەرەف و کەرامەتی میللەتەکەمان بکەین بۆ ئەوەی شۆڕش سەرکەوتێت".

خوالێخۆشبوو فەرماندەی خەباتکار (مەلابرایم هەسنکی) کە ئەو کات فەرماندەی پاسەوانەکانی بارزانیی نەمر بوو، باس لە ڕزگار بوونی مەلامستەفای بارزانی دەکات لەو پیلانەی کە لە 29-9-1971ڕژێمی عێراق لە ڕێگەی شاندێکی پیاوی ئاینی ئەنجامیدا بۆ تیرۆر کردنی مەلامستەفای بارزانی و گوتی: کاتێکی بۆمب لە ژووری کۆبوونەوەی مەلامستەفا بارزانی تەقییەوە، بارزانیی نەمر بە موعجیزە سەلامەت لە ژوورەکە دەڕچوو، ئەوانە کە لە تەنیشت لای ڕاست وچەپی بارزانی بوون بوون کە 8کەس بوون کوژران و ئەوانی دیکەش هاتتە دەرەوە، لە دەرەوەش هەردوو شۆفێر کە شاندی مەلاکانی هێنابووە خزمە بارزانی، دەستیان کرد بە هاویشتنی نارنجۆک ڕووەو بارزانی نەمر، بەڵام سەرەنجام هەموویان کوژران و من (مەلابرایم هەسنکی) بریندار بووم ،هەروەها چەند کەسی دیکەش لەگەم بریندار بوون، هەروەها چایچی بارەگای بارزانی لە ژورەکە شەهید بوو و هەڤاڵی بارزانیی نەمر(زوبێر بارزانی) بەرپرسی نەخۆشخانەکانی شۆڕش ئەوەیش شەهید بوو. بارزانیی نەمر لەو پلانەدا بە موعجیزە ڕزگار بوو، بەم شێوەیە بۆ خەڵکی کوردستان سەلما، کە خوای گەورە لە هەموو کات و شوێنێک پشت و پەنایەتی بارزانی نەمرە

خوالێخۆشبوو (مەلا برایم هەسنکی) دوایی نسکۆی شۆڕش ئاوارەی ئێران دەبێت و وەک فەرماندە بەشداری لە شۆڕشی گوڵان دەکات، کەسێکی نزیکی سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانی و جەنابی سەرۆک بارزانی بووە، ساڵی 1980بارەگای سەرۆک مسعود بارزانی لە (سلێمانا) بوو (مەلا برایم هەسنکی) ئەرکی فەرماندەی پاسەوانەکانی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی بوو تاکو ڕاپەڕینە مەزنەکەی بە هاری ساڵی 1991، دوای ڕاپەرین (مەلا برایم هەسنکی) دەگەڕێتەوە کوردستان و لە پیرمام نیشتەجێ دەبێت. (مەلا برایم هەسنکی) جگە لە پێشمەرگایەتی کەسێکی کۆمەڵایەتی دیاری دەڤەری بارزان بووە، لە ساڵی 1993لەسەر فەرمانی سەرۆک مسعود بارزانی دەبێتە بەرپرسی لیژنەی کۆمەڵایەتی ناوچەی بارزان، مرۆڤێکی زۆر ڕۆشنبیر بووە و زۆر هاوکاری خەڵکی کردووە ودواتر لەبەرخەبات و ماندووبوونی لە ساڵی 1996لە لایەن جەنابی سەرۆک بارزانی مداليای (بارزانی) پێ بەخشراوە. (مەلا برایم هەسنکی) هەموو تەمەنی پڕ بووە لە بەرخودان و تێکۆشان و هەردەم خۆی بە پێشمەرگەی بارزانیی نەمر دەزانی.

دواتر (مەلا برایم هەسنکی) گوتی: ئەمڕۆ ئێمە لە کوردستانی ئازاد دا دەژین، ئەو کوردستانەی کە بارزانیی نەمر فەرمووی: "ڕۆژێک هەردادێت ئەم کوردستانە سەربەخۆ ئازاد دەبێت". هەروەها (مەلا برایم هەسنکی) گوتی: ئەو ئالایەی کە پێشەوا قازی محەمەد لە کاتی تێکچوونی کۆماری کوردستان لە مەهاباد دایە دەستی بارزانیی نەمر، ئەمڕۆ لەسەر هەموو شوێنەکان و دام دەزگایەکانی کوردستان دەدەروشێتەوە.

ئەمڕۆ کە یادی یەک ساڵ کۆچی دوایی (مەلا برایم هەسنکی) دەکەین ئەو پێشمەرگە و قارەمانە و گیانفیدایەی کە هەموژیانی تەرخانکردبوو کوردستان و ڕێبازی بارزانی نەمر،هەزاران سلاو لە گیانی ئەو فەرماندەیە و هەموو شەهیدانی کوردستان سەرقافلەیان بارزانیی نەمر و شەهیدی هەمیشە لە یاد ئیدریس بارزانی.

بە بۆنەی ساڵیادی شەهیدکردنی هوجام سورچی

تراژیدیا و سایکۆلۆژیای سەربڕین لە فەرهەنگی تیرۆردا

شەهید هوجام سوورچی...

سیمبوڵی ستەمدیدەیی کوردستان



گەورەم... نیگای چاوەکانت موژدەی مەرگی دوژمنان بوو

د. نەسرەدین ئیبراهیم کۆلی*

لە بیرەوەری (2015/1/25)، یادی یەکێک لە ئەستێرەکانی شەهیدی مرۆڤایەتی، کە بە بۆێرییەوە دەبێ بە خەمناکترین تراژیدیای چەرخی بیست و یەکەم ناوزەد بکرێت، دەبێ پرسیار لە فەلسەفەی سەربڕین و پیرۆزییەکەی و نهێنییەکانی ئەو پیرۆزییە لە مرۆڤایەتی بکرێت، ئەو رەفتارەی کە لە لای هەندێ تاک و هەندێ لە کۆمەڵگەکانی دواکەوتوو بە رەفتارێکی بەنرخ لە قەڵەم دەدرێت، "بأی زنب قتلت"؟ ئەو پرسیارە دەبێ بابەتی سەرەکی توێژینەوەکانی فەلسەفەی زانست لە چەرخی نوێ، چەرخی "ئاوەرێک لە خۆ دانەوە و بە خۆداچوونەوە و خۆگۆڕینەوە" بێ، چونکە بە پێچەوانەوە دەبێ چاوەڕێی رۆژانێکی سەختتر لە جاران بین.

ئەوە نەهاتووە مرۆڤەکان قۆربانی ئەو بیروباوەرانە نەبن؟ باشە ئایا لە خۆدی مرۆڤ پیرۆزتر، سووتاندن و سەربڕین و کۆشتنەکەیەتی؟ باشە چی لە پشتەوەی ئەو رەفتارانەی هەندێ مرۆڤەکانن، تا بە هۆیانەوە بازرگانانی سیاسی، ئابووری و ئایینی کەسانێک بە دەستی کەسانێکی دیکە سەربڕداوکەن؟ چ هێزێک هەیە بتوانێ مرۆڤێک ئەوەندە دڕندە خوو بکات تا برا کوردەکەی خۆی، کە لە پێست و گۆشت و خوێنی خۆیەتی، بەو دڕندەییەوە بکوژێت؟ ئایا دەبێ چاوەڕوانی هەزاران تراژیدی لەو جۆرە بین، و دەکرێ هەر یەکێک لە ئێمە رۆژێک وەک شەهیدی نەمر "هوجام سوورچی" خۆمان لە ژێر چەقۆی سەربڕێک ببینین، تەنها و تەنها بە هۆکاری کوردبوون و ئازادیخوازی و نیشتمانپەروەری و بەرگریکردن لە خەڵک و خاک و خۆی؟ کێ وەڵامی هەزاران پرسیاری لەو بابەتە دەداتەوە؟ و کێ باجەکەی؟ کێ ئاگرەکەی خۆشدەکات و بە مەلیارها دۆلاری بۆ گەرم و گۆرترکردنی دەداتە تیرۆریستان؟ کێ لە گۆشە و کەناری شار و گۆندەکان خەڵکی بۆ هەڵدەخەڵتێنێ و کۆیان دەکات و رووبان لە کوردستان و مرۆڤستانەکان دەکات؟ ئەو کەس و لایەن و رێکخراو و وڵاتانەی ئەم کارە دەکەن، بۆ نەسڵەکانی دوای هزار ساڵیترچ وڵامێکیان پێیە؟ ئەوە چ جۆر حەز و خوولیاییکە، لای مرۆڤەکانی ئایسایی نیە و ئەوان بەپەڕی پڕ ڕوویەوە شانازیی پێوە دەکەن؟

حەز و خوڵیای خوێنڕشتن لە ڕوانگەی زانایانی دەروونناسییەوە بە خاڵێکی ڕەشی مێژووی سایکۆسۆسیۆلۆژیای مرۆڤایەتی هەژمارکراوە، و فرۆید و ئەوانیتر، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، بە شەرمەزاریەکی مەزنی پێکهاتەی کەسێتی مرۆڤەکانی دەژمێرن، و بە ڕەنگێک لە ڕەنگەکان لە بیردۆز و بەرهەمەکانیان، و لە میانەی شرۆڤە کەسێتی مرۆڤ و هۆکار و ئەگەری سەرهەڵدانی جۆرەهای ڕەفتارەکانی، و بە تایبەت ئەوانەی کە دژی مرۆڤانەن، و زیاتر ڕێڕەوێکی کۆشندە و خراپکارانە و تێکدەرانەیان هەیە، باسی لێوە دەکەن. بێگۆمان بەر لە ئەوانیش سەدان فەیلەسۆف و زاناش لێی دواون، و ئەمرۆکە و لە سەردەمی نوێتی ژیانی مرۆڤایەتی و "لە خۆ وەربێ" چەرخە پێشکەوتووکەشی هێشتان دەروونناسانی مەزن لێی بە گلەیی و گازندەن. ئەوەتا ئێریک فرۆم، سایکۆلۆژیستی بەناوبانگ، لە پەرتووکەکەی خۆیدا بەناوی "ئەناتۆمی وێرانسازی مرۆڤ"، بروای وایە شەهوەتی خوێنڕشتن زۆر کۆن و بنەچەیەکی زگماکی هەیە، و یەکسانە لەگەڵ "خۆشەویستیی کوشتن"، چێژوەرگرتنە لە کۆشتن، و خوێن تۆخمێکە لەگەڵ دوو تۆخمی (سپێرم و شیر)، و لە هەردوویان بالاتر و بەسامترە، و بەم هۆیەوە زاڵە بەسەر ژیاندا، و ئەگەر شیر سیمبۆڵی مێینە و سپێرم سیمبۆڵی نێرینەیە، ئەوا خوێن هی ژیانە " :3ل. ".260بۆیە دەبینین خوێنڕێژ و کەسێکی سەربڕی تیرۆریست لای وایە خوێن شەربەتی ژیانە و بۆ لەوساوە کۆشتنی مرۆڤ بە دەستی برایەکەیەوە بۆوەتە بەشێک لە ڕەفتارەکەی هەر ڕۆژە و چرکەیەک. ئەوەی لە فەلەستین، ئەفریقیا، چین، ئەمریکای لاتین، ئاسیای باکوور و باشوور و دوور و نزیک و ڕۆژهەلات و ناوەراست، ئەورووپا، ئەمریکا، و ...هتد، و لە سەرووی هەموشیانەوە لە کوردستان و دژی کوردستانیان بێی جیاواز نەتەوەیی و ئایینی و باوەر و تۆخم و ڕەگەز و چین و توێژەکانیەوە دەکرێت، گشتی بەرهەمی ئەو کارەساتەن.


سەبرینی هوجام سوورچی، قۆناغێکە لە قۆناغە دڕێژخایەنەکەی سڕینەوەی نەتەوەیی (Ethnic cleansing)، بەڵام ئەمجارەین نە بە دەستێکی بێگانە، بەڵکۆ بەدەستی خوێنمێژێکی کورد، هاوشێوەی هەمان تراژیدیایانەی لەسەردەمی ڕژێمی بەعسی شۆڤینی و سەدامی گۆڕبەگۆڕ و مەزنترین و دڕندەترین دیکتاتۆری هاوچەرخ، بە ناو و نیشانی جیاواز لەگەڵ ڕۆژهەکانی قارەمانی ئەم کوردستانە دەکرا، ئەنجامدرا. هەموو ئەو ڕەفتارە نەشرینانەی بەرامبەر بە گەلەکەمان دەکرێت بەشێکن لە تۆڵەسەندنەوەیەک کە وەک جەنابی سەرۆک بارزانی لە وتارە بە نرخەکەی خۆیان لە 20/3/2012بە بۆنەی جەژنی نەتەوەیی نەورۆزەوە دەفەرموون: "بەر لە 2500ساڵ نەتەوەکەمان بەردەواماً لە ئاشەبەتاڵی و بێدەسەڵاتی و بێدەوڵەتی و ئاوارەیی و کۆچ و کۆچبەری و ئاوارەیی و ئەنفال و کیمیاباران و ئەشکەنجە و ئازار و ئەزیەت و ئەشکەنجە و ئازار و ئەزیەت و ئەشکەنجە و ئازار و ئەزیەت


لە دۆکیۆمێنتەکانی ئەرشیفی بەریتانی
کۆماری کوردستان لە گفتوگۆی نێوان بەرپرسێکی سەربازی بەریتانی و کەسایەتی کورد



وەرگێڕانی: شێرکۆ حەبیب

لە میانەی گەشتێکی بۆ سنووری نێوان عێراق و فارس و لە گوندی زێنوێی شێخ، (H,M,JACKSON) کە کەسایەتییەکی بەریتانییە و لە باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغدا کاری کردووە لەگەڵ سێ کەسایەتی لە کوردستانی فارس گفتوگۆی ئەنجام داوە، ئەو سێ کەسە کوردە بریتی بوون لە موحەمد ئەمین ئاغا گوندی شنوێیە، قادر ئاغای قەلاتە رەش، و شێخ عوبیدوللەی زینوێ، بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە رەوشی ئازەربایجان (H,M,JACKSON) لەگەڵ ئەو سێ کوردە کەوتۆتە گفتوگۆ.





تێبینی: کەسایەتیە بەریتانییەکە کە ناوی (H,M,JACKSON) لە باڵیۆزخانەی بەریتانی لە بەغدا کاریکردووە، بە هەرسێ پێتی ناوەکەی ئاماژەی پێکراوە (H,M,J) قادر ئاغاش بە (Q,A)، ئێمەش وەک جاکسون ناوی دێنین، ئەمەی خوارەوەش دەقی گفتوگۆی نێوان لایەنەکانە بەپێی دیکۆمێنتی ئەوکاتی بەریتانیا.

جاکسون: گوندەکەی ئێوە دەکەوێتە کوێ لە ئێران ئاغا؟

قادر ئاغا: گوندەکەم قەلاتە رەشە، و بمبورە لە ئێران نییە، بەڵکو ئازەربایجانە.

جاکسون: ئەمە چۆن دەبێ؟ من وام دەزانی ئازەربایجان بەشێکە لە ئێران و لە دەڤەری باکوورە.

قادر ئاغا: ئەها، تۆ نەتبیستووە؟ ئێمە ئیستا حکومەتی خۆمان هەیە.

جاکسون: بەڵێ من شتێکی لەو بابەتەم بیستووە، و ئایا هەندێ پێکدادانیش رووی نەداوە؟

قادر ئاغا: نەخێر، لە زۆربەی ناوچەکان پێگدادان و گرفت هەبوو.

جاکسون: دەبێ ئێوە شارەزای باشتان هەبێ و چەک و تەقەمەنی تان هەیە، لە کوێ ئەو پێداویستیە سەربازیانەتان دەست کەوتووە؟ دزیوتانە؟

قادر ئاغا: بە تۆرپیەوە نەخێر، بێگومان نەخێر، لە هاوڕێکانمان بەدەستمان کەوتووە، رووسەکان.

جاکسون: بەراست، من لەو باوەڕدا بووم کە رووسەکان هیچ ئامانجێکیان لە ئازربایجان نەبێ! ئەوان خۆشیان وا دەڵێن.

قادر ئاغا: ئەها لەسەرخۆیە، ئەوانیش هەروەها وا دەڵێن، لە ڕۆژنامەکانی تەبریز و ڕەزاییە، بەڵام ئەوە تەنیا هەڵخەڵەتاندنە، ئەوان زۆر هاوکاری و یارمەتی ئێمە دەکەن، بۆ نموونە لە ناوچەی ئێمەدا مهاباد ٥٠٠ تفەنگ و ٩ لۆریان پێداین، لە هەموو شوێنێک تفەنگ و ماشێنمان پێدەدەن،

جاکسون: یەکەم جار گرفت و کێشە لە کوێ رووبدا؟

قادر ئاغا: لە مهاباد، ئێمە دەست پێشخەر بووین بۆ جیاواز بوونەوە لە فارس بە فەرمی.

جاکسون: ئێوە ئیستا حکومەتی خۆتان هەیە؟ من وا تێگەیشتم کە لەسەرەتا وات گوت.

قادر ئاغا: نەخێر، بەڵام بە زووترین کات دەمان بێ، ڕووسەکانیش وایان وت، ئیستا چەند گرفتێکی بچووک هەیە لە نێوان تورک و کورد، تورکەکان دەیانەوێ حکومەتی سەربەر بەخۆیان هەبێ لە تەبریز، کوردەکانیش لە مهاباد، بەهەر حاڵ کوردەکان کە زۆرینەن دەمانەوێت یەک حکومەت هەبێ، کە ئەویش لە تەبریز بێت.

جاکسون: ئەمە چۆن کاری بۆ کراوە تا دابەزرێت؟

قادر ئاغا: بەڵێ، قازی موحەمەد سەرۆکەکەمان چۆتە مۆسکۆ بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ ستالین بکات، ئێمەش وەڵامەکەی دەزانین، ئەو بانقێک دادەمەزرێنێ و ڕووسەکان هاوکاری ئێمەی کورد دەکەن.

جاکسون: ئەو قازی موحەمەد دەبێ کەسێک لە ناوچەکە بکات؟

قادر ئاغا: بەڵێ، حەمە ڕەشید خان یەکێکە لە ئێمە.

جاکسون: ئەو ئیستا لە ناوچەی فارسە؟

قادر ئاغا: ئەو لەم ساتەدا هەڵاتووە لە عێراق، ڕووسەکان بڵاویانکردۆتەوە کەوا ئینگلیز هاوکاریان کردووە بۆ ئەوەی لە عێراق دەرچێت بۆ ئەوەی بەشداری بکات لە ڕزگارکردنی ناوچەکانی لە ژێر دەست فارس.

جاکسون: بەڵام کەی حکومەتەکەتان پێک دێت؟ ئایا کەسانی شارەزا و لێهاتووتان هەیە بۆ بەڕێوەبردنی؟

موحەمەد ئاغا: زۆرمان هەیە، بەڵام ڕووسەکان پێیانراگەیاندین کە یارمەتیمان دەدەن بە گوێرەی پێویست، هەروەها ڕێگامان داوە بۆ ئەو بەرپرسانەی کە سەر بەئازەربایجانن بمێنەوە.

جاکسون: باشە ئەی سەبارەت بە دراو و پارە، ئایا بڕێکی زۆرتان لێ سڕنەکراوە لە تاران؟

قادر ئاغا: بەڵێ، ڕووسەکان پێان ڕاگەیاندین هەرکات ئینگلیز و ئەمریکا دانیان بە حکومەتەکان دا نا، ئەو کات حکومەتەکەمان بەفەرمی دراو چاپ دەکات.

جاکسون: باشە ئەگەر بریتانیا و ئەمریکا ئەو کارەیان نەکرد؟

قادر ئاغا: دەبێ ئەو کارە بکەن، ئەی چەندین جار ئەوەیان دوو پات نەکردۆتەوە کەوا لەگەڵ مافی میللەتانی دەبێ مرۆڤێکی مەزن بێ، ئەو سەرۆکی کۆمەڵە نییە لە مهاباد؟

موحەمەد ئاغا: کۆمەلە کۆتای پێهات، ئێمە هەموومان دیموکراتین ئیستا، بەڵام هەر قازی موحەمەد سەرۆکمانە، ئەو مرۆڤێکی مەزنە، ئەو ئینگلیزی، فەرەنسی، ڕووسی و چەندین زووبانی دیکە دەزانێ.

جاکسون: ئایا ئێوە ڕۆژنامەی خۆتان هەیە لە مهاباد؟

قادر ئاغا: بەڵێ، ئیستا دەستی پێکردووە ڕووسەکان کاغەز و چاپخانەیان بۆ دابین کردووین.

جاکسون: ئایا ئێوە کەسی دیکەی گرنگتان هەیە وەک قازی؟

قادر ئاغا: بەڵێ جەنەراڵ مەلا مستەفا، سەرپەرشتی بەشی سەربازی دەکات، ڕووسەکان خۆشیان دەوێت، قازی زەوی گەورەی داوەتێ لە نزیک شنوێیە، و ٩٠٠٠ نۆ هەزار کەسی لەگەڵ دایە.

جاکسون: باشە ئەو لەگەڵ ئەو کەسانەی لەگەڵی دایە بەشداری شەر دەکەن؟

قادر ئاغا: بەڵێ، ئەحمەد ئاغای میرگەسووری، و شێخ ئەحمەد بارزانی بەرپرسن لە ئۆپراسیۆنی ڕەزایە، مەلا مستەفا ئەو کاری چاودێری دەکات، ئەو لە چەند ڕۆژی ڕابردوو لە شنوێیە بوو ئیستا چۆتە سەردەشت.

جاکسون: ئێوە بەنیازن سەردەشت بخەنە سەر ناوچەکەتان؟

قادر ئاغا: بەڵێ و سەننەدج هەروەها.

جاکسون: ئەمە کەی ڕوو دەدات؟

قادر ئاغا: بێگومان لەم نزیکانە.

جاکسون: هیچ کەسێک لە ناوچەکە هاوکاری ئێوە بکات؟

قادر ئاغا: بەڵێ، حەمە ڕەشید خان یەکێکە لە ئێمە.

جاکسون: ئەو ئیستا لە ناوچەی فارسە؟

قادر ئاغا: ئەو لەم ساتەدا هەڵاتووە لە عێراق، ڕووسەکان بڵاویانکردۆتەوە کەوا ئینگلیز هاوکاریان کردووە بۆ ئەوەی لە عێراق دەرچێت بۆ ئەوەی بەشداری بکات لە ڕزگارکردنی ناوچەکانی لە ژێر دەست فارس.

جاکسون: بەڵام کەی حکومەتەکەتان پێک دێت؟ ئایا کەسانی شارەزا و لێهاتووتان هەیە بۆ بەڕێوەبردنی؟

موحەمەد ئاغا: زۆرمان هەیە، بەڵام ڕووسەکان پێیانراگەیاندین کە یارمەتیمان دەدەن بە گوێرەی پێویست، هەروەها ڕێگامان داوە بۆ ئەو بەرپرسانەی کە سەر بەئازەربایجانن بمێنەوە.

جاکسون: باشە ئەی سەبارەت بە دراو و پارە، ئایا بڕێکی زۆرتان لێ سڕنەکراوە لە تاران؟

قادر ئاغا: بەڵێ، ڕووسەکان پێان ڕاگەیاندین هەرکات ئینگلیز و ئەمریکا دانیان بە حکومەتەکان دا نا، ئەو کات حکومەتەکەمان بەفەرمی دراو چاپ دەکات.

جاکسون: باشە ئەگەر بریتانیا و ئەمریکا ئەو کارەیان نەکرد؟

قادر ئاغا: دەبێ ئەو کارە بکەن، ئەی چەندین جار ئەوەیان دوو پات نەکردۆتەوە کەوا لەگەڵ مافی میللەتانی بچووکن.

جاکسون: ئایا تۆتن ئەم ساڵ دوو جاری کێشە نەبۆتەوە؟

قادر ئاغا: بەڵێ، تاران تاوەکو ئیستا دوو ملیۆن ریالی ساڵی پار قەرزارمانە، و ئەم ساڵیش ڕەتیان کردەوە لێمان وەربگرن، بەڵام ڕووسەکان دەڵێن ئەگەر تاران بیەوێت ئەم ساڵ وەربگرێت ئەوە قەرزەکانی ساڵی پاریشمان دەداتەوە.

جاکسون: وا پێ دەچێت ڕووسەکان حکومەتەکەتان لە بڕی ئیوە بەڕێوە ببات؟

قادر ئاغا: ئەوان زۆر باشن، ئەوان دۆستی ڕاستەقینەی کوردن، ئەوان هەموو شتێکیان بۆ ئێمە دابین کردووین ئەوەی داومان کردبێ.

جاکسون: باشە بەڕامبەر چی ئێوە چیتان بەوان داوە بەرامبەر ئەو هەموو هاوکارییە؟

قادر ئاغا: ئەوان پشکنین بۆ ناوچەکانی نەوت دەکەن.

جاکسون: ئایا دەستیان بەو کارە کردووە؟

قادر ئاغا: بەڵێ کەرستەی ئەندازیاری بۆ پشکنین لە ڕووسیاوە هێناوە.

قادر ئاغا: بەڵێ، تاران تاوەکو ئیستا دوو ملیۆن ریالی ساڵی پار قەرزارمانە، و ئەم ساڵیش ڕەتیان کردەوە لێمان وەربگرن، بەڵام ڕووسەکان دەڵێن ئەگەر تاران بیەوێت ئەم ساڵ وەربگرێت ئەوە قەرزەکانی ساڵی پاریشمان دەداتەوە.

جاکسون: وا پێ دەچێت ڕووسەکان حکومەتەکەتان لە بڕی ئیوە بەڕێوە ببات؟

قادر ئاغا: ئەوان زۆر باشن، ئەوان دۆستی ڕاستەقینەی کوردن، ئەوان هەموو شتێکیان بۆ ئێمە دابین کردووین ئەوەی داومان کردبێ.

جاکسون: باشە بەڕامبەر چی ئێوە چیتان بەوان داوە بەرامبەر ئەو هەموو هاوکارییە؟

قادر ئاغا: ئەوان پشکنین بۆ ناوچەکانی نەوت دەکەن.

جاکسون: ئایا دەستیان بەو کارە کردووە؟

قادر ئاغا: بەڵێ کەرستەی ئەندازیاری بۆ پشکنین لە ڕووسیاوە هێناوە.

جاکسون: ئایا چ هاوکاریەک بە خەڵکی هەژار دەدرێت، بەرامبەر ئەو هەڵە؟

قادر ئاغا: ئەوان خانووبان بەدەست دەکەوێت لە لۆردەکانی تاران، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە هەوڵ دەدەین بۆ دروست کردنی قوتابخانە و نەخۆشخانەو و ڕێگاو بان، و هێلی شەمەندفەر.

جاکسون: باشە ئەو دەوڵەمەندانی تاران لە کوێنە، من وام مەزندە دەکرد کەوا ئاغاکانی وەک ئێوە زەوی بدەن بە هاووڵاتیان؟

محەمەد ئاغا: نەخێر ئێمە کۆمۆنیست نین ئێمە دیموکراتین.

جاکسون: وا بۆم دەرکەوت کەوا سەربەخۆیەکەتان سەرناگرێت، ڕووسەکان حکومەتەکە لە بڕی ئێوە بەڕێوە دەبات، و هەروەها هەموو پیداویستیەکانتان لە ڕووسیاوەیە.

قادر ئاغا: ئەمە تا ئەو کاتە ئێمە دەکەوینە سەر پێی خۆمان، ڕووسەکان بەڵێنی ئەوەیان پێداوین.

جاکسون: ئەمە ئەوە نیشان دەدا ئێوە لە نێوان دوو ئاگرن، ڕووسەکان بەڵێنان داوە ناوچەکە جێ هێڵن لە یەکی ئادار.

قادر ئاغا: ئەمە تەنیا گووتەی ئەوانە، بەڵام ئێمە دەزانین تا پێویستیمان پێیان هەبێ ئەوان دەمێنەوە.

جاکسون: چ میللەتێکی دیکە لەو ناوچەیە هەیە؟

قادر ئاغا: ئاسووری و ئەرمەنی بوونیان هەیە.

جاکسون: ئایا ئەرمەنییەکان لە ئەرمەنستانی سۆڤیەت نیشتەجێ نابن؟

قادر ئاغا: ئێمە بە ڕووسەکانمان گوتووە کارێکی باش نییە بۆ کەمکردنەوەی دانشتوانی ئازەربایجان، ئەوان بەڵێنی ئەوەیان داوە کە ئەرمەنییەکان لە شوێنی خۆیان دەمێنەوە، هەروەها بەڵێنی ئەوەیان داوە سێ ناوچەی ئەرمەنییەکان لە تورکیا بخرێتە سەر ئازەربایجان.

جاکسون دوای ئەو وتوو وێژە دەڵێ:لەو گفتوگۆیە بەڕوونی دەردەکەوێت کەوا پڕۆپاگەندەی ڕووسیا لە ئازەربایجان گوێنجاوە بۆ ئەقلیەتی خێڵەکی، بێ شک ڕاستگۆیە، هەروەک ئەجندای سیاسی بەریتانیا لە عێراق، کە ئەجندایەکی دوور و درێژ خایەنە و لەبەر ئەو هۆیە ئەو ئەقلیەتی خێڵەکییە ناتوانێت قەبوڵی بکات، کە هەرگیز بیر لەئایندە ناکەنەوە، لە لایەکی دیکەوە ڕووسەکان کاتێ بەڵێنک دەدەن مەرج نییە جێ بەجێ بکەن یا نەیکەن، بەڵام هۆکارێکی گرنگە بۆ دەسکەوتنی دەسەڵاتی زیاتر لە ناوچەکانی کورد.

لە کۆتایی بەراورد کردنی ئەو جۆش و خرۆشەی و بەڵێنانەی کوردەکانی وڵاتی فارس، لەگەڵ تورەیی و ناڕەزایی دژی دارگیرکەر لە ڕەواندوز، هیچ گومانێک نییە لە ئیستا یا ئایندە کاردانەوەی پێگدادانی لەسەر سنوور دەبێت."

H,M,JACKSON

کوردستان لە میدیای جیهاندا

ئا/ ڕێبوار حەمەلاو شوانی

کۆبوونەوەی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لە گەڵ مسعود بارزانی لە هەولێر

Anadolu Agency

عەلی محەمەد

پۆمپیۆ ، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لە سەردانی ئەمدوایەی خۆیدا بۆ هەولێر لەگەڵ مسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیمۆکراتی کوردستان و سەرۆکی پێشووی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوەی بارزانی و پۆمپیۆ دەستبەجێ دوای گەیشتنی پۆمپیۆ لە بەغداوە بۆ هەولێر هات کە بە سەردانێکی کتوپڕ عێراقی بەسەرکردبوو.هەروەها پۆمپیۆ لە هەولێر لەگەڵ هەریەک لە نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و مەسروور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە.پۆمپیۆ لە سەردانەکەیدا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مەبەستیەتی هاوپەیمانانی ئەمەریکا لە ناوچەکە دڵنیا بکاتەوە کە لە پشێتوانی بەردەوامی ئەمەریکا بەرخوردار دەبن ، سەرەڕای پلانی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە سووریا.

ڕۆژئاوا ناتوانێت پشت لە کورد بکات

gulfnews.com

بە کارکردن شانبەشانی هێزە تایبەتەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا ، میلیشیا کوردیەکانی هێزەکانی سووریای دێمۆکرات ، هۆکاری سەرەکی بوون لە یارمەتیدانی ئازادکردنی لە سەدا نەوە و نۆی ئەو خاکەی کە داعش لە باکووری سووریا بەدەستەوە بووە...تەنها لەلایەن کە لە ناکۆکی نێوان واشنتن و ئەنکەرە لەمەڕ کورد سوودمەند دەبێت بریتیە لە داعش بەتایبەتی ئەو کاتە کورد ناچار دەبن دژی تورکیا بوەستنەوە و بەرگری لە خاکی ژێر کۆنترۆڵی خۆیان بکەن.

پۆمپیۆ لەگەڵ بارزانی کۆبووە

KUNA

لەمیانەی وتوویژەکانیدا لەگەڵ بەرپرسانی کوردستانی عێراق ، مایک پۆمپیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا تەئکید لەسەر پشتگیری بەردەوامی واشنتن لە جەنگی دژ بە داعش کرا، ئەم پەیڤانە لەکاتی کۆبوونەوەی پۆمپیۆ لەگەڵ مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان کراوە کە لە کۆبوونەوەی نێوانیان ، هەردوو لا کۆمەلێک بابەت و پرسی هاوبەش لەنێویاندا پێشهاتەکانی عێراق، سووریا و ناوچەکە خستەڕوو.هەروەها باس لە قۆناغی داهاتووی پەیوەندیەکانی نێوان کوردستان و ئەمەریکا کرا و بارزانی پێشنیازی ڕێکەوتنێکی تازە کرد کە بایەخ بە چاکسازی ئابووری و ئەمنی بدات ئەویش لە چوارچێوەی ڕێکەوتنی ستراتیژی ئەمەریکا و عێراق.شایەنی باسە بەر لەمە، پۆمپیۆ لەگەڵ گەورە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان لەنێویاندا مسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیمۆکراتی کوردستان و نێچیرڤان بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان کۆبووە.

لیدریان پشتیوانی فەرەنسای بۆ کوردستان دووپاتکردەوە

ئار ئێف ئای RFI

ژون لیدریان وەزیری دەرەوەی فەرەنسا لە سەردانەکەیدا بۆ هەولێر پایتەختی کوردستانی عێراق دووپاتی لەسەر بوونی فەرەنسا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی لە جەنگی دژ بە تیرۆریزم کردەوە.پەیامی لیدریان ڕوون بووە ئەویش وەستانە شانبەشانی کورد لە جەنگی داعش...بەپێچەوانەوەی هێزە سەربازیەکانی ئەمەریکا ، فەرەنسا هەشت سەد سەربازی لە سووریا هەیە.لیدریان ڕوونی کردۆتەوە ئەگەری ناسەقامگیرکردنی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا زۆر بەهێزە ئەگەر چارەسەری سیاسی لە سووریا نەدۆزرێتەوە.

فراوانکردنی پەیوەندی ئابووریەکان لەگەڵ ئێران

Tehran Times

بەرپرسە باڵاکانی کوردستانی عێراق داوای فراوانکردنی پەیوەندیە بازرگانیەکانی لەگەڵ ئێران کردووە ، ئەم داواکاریە ڕۆژی سێشەمە لە کۆڕبەندی پیاوانی کاری ئێران ژ کوردستان لە هەولێر کراوە کە بە ئامادەبوونی بەرپرسە باڵاکان و پیاوانی کاری هەردوو لا بەڕێوە چوو...دارا جەلیل خەیات ، سەرۆکی ژووری بازرگانی هەولێر لە کۆڕبەندەکەدا هیوای خواست کە پەیوەندیە بازرگانیەکانی هەردوولا فراوانتر بکرێت و بەربەستەکانی بەردەم بەرەو پێشبردنی پەیوەندیەکان پێویستە چارە بکرێن.

وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی کۆبۆوە

STL news

مایک پۆمپیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لە کۆبوونەوەکەیدا لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی سەرۆکوەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا پیرۆزبایی ئاراستەی بارزانی کرد لە پالاوتنی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەختی لەسەر پشتگیری بەهێزی ئەمەریکا بۆ بەردەوامی دیالۆگی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی کرد و باسیان لە شکستی قەڵەمڕەوی داعش لە سووریا کرد. پۆمپیۆ دووپاتی لەسەر گرنگی پەیوەندی ستراتیژی ئەمەریکا لەگەڵ عێراق و پەیوەندی لەمێژینەی ئەمەریکا لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد کە بۆ پاراستنی ئاسایشی هاوبەش و سەقامگیری ناوچەکە گرنگە.



www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/1/24 ژمارە (5679)

نووسەر و رۆژنامەنووسی ئەمازیغی یوسف ئەبو یەحیا:

هاتووم تا لەنزیکەوە زیاتر ئاشنای میژوو و کولتووری نەتەوایەتیی گەلی کورد بم



لەبەردەوامی دیدارو پێشوازییەکانیدا و بەئامادەبوونی ژمارەیەک لەکارگێڕانی لق، بڵێند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان پێشوازیی کرد لە نووسەرو رۆژنامەنووسی ئەمازیغی، یوسف ئەبو یەحیا کە بەیاوەری هەڤاڵ تەها بەرپرسی رێکخراوی ئۆسلی پارتی دیموکراتی کوردستان سەردانی لقی 16ی کردبوو.

لەمیانی سەردانەکەیدا نووسەرو رۆژنامەنووسی ئەمازیغی، کە لەوڵاتی مەغریب دەژیت، ئاماژەی بە بەشێک لەنووسین و وتارەکانیدا کە لەماوەی رابردوودا لەرۆژنامەکانی وڵاتی مەغریب لەسەر میژووی کوردو خەبات و تێکۆشانی بارزانی نەمر لەپێناو بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان نووسیبووی و خۆشحاڵی خۆیشی دەربڕی بۆ سەردانیکردنی کوردستان تا لەنزیکەوە زیاتر ئاشنای میژوو و کولتوری نەتەوایەتی گەلی کورد بێت.

لەبەرامبەردا بەرپرسی لقی16 وێڕای بەخێرهێنانی گەرمی شاندی میوان سوپاس و دەستخۆشی ئاراستەی نووسەرو رۆژنامەنووس یوسف ئەبو یەحیا کرد لەبەرامبەر ئەو بابەت و وتارانەی لەسەر دۆزی ڕەوای گەلەکەمان نووسیویەتی و ئامادەیی لقی 16ی دەربڕی بۆ هەر جۆرە هاوکاری و پشتوپنییەک کە ببێتە مایەی زیاتر پێشخستنی کارو تێڕوانینەوەکانی تا ئەو ماوەیەی لەکوردستان دەمێنێتەوە.

پرۆژەکە نزیکەی 60 ملیۆن دۆلاری تێدەچێت

لە بەرنامەدایە پێنج هەزار کامیرای چاودێری بۆ هەولێر دابنرێت



بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ئاماژە بەوە دەکات کە وەک سیستەمی پایتەختی وڵاتان لە سەرجەم شوێنە گشتییەکان کامێرای چاودێری دادەنرێت و ئامانج لە دانانی ئەو کامێرایانە کۆنترۆڵکردنی ئەمنییەت و چاودێریی ڕووداوەکانە و لەو ڕێگایەوە کارئاسانی بۆ دەزگا ئەمنییەکان دەکات.

ساڵی 2013 پلانی دانانی5 هەزار کامێرای چاودێری بۆ شاری هەولێر دانرا بە پێی پلانەکە دەبێت ئەو کامێرایانە لە شوێنە گشتییەکان و ناوشار و دەرەوەی شار دابنرێت. لیوا عەبدولخالق تەلەعەت، بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیسی هەولێر بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: بە هۆی قەبارانی داراییەوە پرۆژەی دانانی کامێرای چاودێری لە هەولێر وەستاوە، لە ئەگەری باشبوونی دۆخی دارایی، هەنگاوی سەرەکیی دانانی پرۆژەی 5هەزار کامێرای چاودێری دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، کە شەقامە گشتییەکانی شار و دەرەوەی شار دەگرێتەوە، ئەم پرۆژەیە هاوشێوەی هەمان ئەو پرۆژانە دەبێت لە شاری ئەستەمبوڵ و عەمان جێبەجێ کراون و سەرکەوتوو بوونە.

گوتیشی: گوژمەی پرۆژەکە نزیکەی 60 ملیۆن دۆلاری تێ دەچێت، دەکرێت بە قۆناغبەندی کاری لەسەر بکرێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە کاری لەپێشینەمان جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە دەبێت. ئاماژەی بەوەش دا، بە حوکمی فراوانبوونی شاری هەولێر و هاتنی کۆمپانیا و خەڵکی دەرەوەی شارەوە، دەبێ لەوبارەیەوە ئامادەکاریی ئەمنی بکرێت و تیمەکانی ئەمنی چاودێریی وردی دۆخەکە دەکەن و ئەو بەرنامەیەش کارئاسانیی باش بۆ پۆلیسی هەولێر دەکات.

پرسە و سەرەخۆشی

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

بەڕێز دلاوەر عەباس

بەدڵگرانییەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دواییهەمزە عەباسی برای بەڕێزتانمان پێگەیشت. هاوبەشی خەمی بەڕێزتان و خانەوادەکەتانین و سەرەخۆشی ئارِاستەی ئێوە و خزم و دۆست و هەڤاڵانتان دەکەین. لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

إنا لله و إنا إليه راجعون

بارەگای بارزانی

***

بەڕێزان لە خانەوادەی مام قادر کبۆری

بەدڵگرانییەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری خەیلانیان مام قادر کبۆری –مان پێگەیشت.

بەم بۆنە خەمناکەوە، هاوبەشی خەمان بۆ خانەوادە بەڕێزەکەتان رادەگەیەنین و سەرەخۆشی ئارِاستەی خزم و دۆست و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین. لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

إنا لله و إنا إليه راجعون

بارەگای بارزانی

سوپاس و پێزانین

سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی بارەگای بارزانی دەکەین کە بە بروسکە سەرەخۆشییان لێکردین و بۆ ڕێزدار مەسرور بارزانی و هەموو کاربەدەستانی حزبی و حکوومی کە بەشداری پرسەکەیان کردی.

سوپاس بۆ هەموو ئەو کەسایەتیانەی شاری سلێمانی چ حکوومی و چ حزبی کە بەشداربوون لە پرسەی دایکی شەهید (حەسەن حوسێن)، لە خوای گەورە داواکارین پاداشتی هەموو لایەک بداتەوە.

لەگەڵ ڕێزدا

خانەوادەی شەهید حەسەن حوسێن

سەرۆ قادر: هەندێک لە پشتی گەنجەوە مەرامی سیاسیی خۆیان جێبەجێکردووە و دواتر بەتەنیا جێیانهێشتوون



ڕۆڵی گەنجان و بەشداری سیاسی، ناونیشانی ئەو سیمیناڕە بوو، کە دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان، بۆ نوسەرو روناکبیر سەرۆ قادر ڕێکیخست. تیایدا سەرۆ قادر بە پێشەکییەکی زانستیانە شرۆڤەیەکی بۆ شوناسی گەنجی کورد خستە ڕوو، بەشێوەیەک واقیعی ڕەنگدانەوەی دۆخی سیاسیی کۆمەڵگەی کوردی لەسەر گەنج ڕوونکردەوە.

سەرۆ قادر جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کەوا گەنجی کورد وەک پێویست حزووریان نەبووە لە بەرکەوت و گۆڕانکارییە خێراکان، ئەمەش بەو مانایە نا کە لە بەرنامەدا نەبوون، بەڵکو بەو مانایەی کە لە حاڵەتی ئامادەبوونیشدا حزووریکی هەڕەمەکییان هەبووەو بە گەورەیی خۆیان ئەو توانایەی تێیاندا هەیە مامەڵەیان لەگەڵدا نەکراوە، ئەوانەشی بە نەخشەی دیاریکراو لە پشتی گەنجەوە مەرامی سیاسی خۆیان جێ بەجێکردووە. دواتر هەر ئەوان گەنجی کوردیان پاسیف کردەوە بەتەنها لە شەقام بەجێیانهێشتوون و کاڵیان کردونەتەوە. بۆیە ئێستا کاتیەتی، وەک سەرۆ قادر دووپاتیکردەوە، کەوا گەنجی کورد لە دامودەزگا و ئۆرگانە حکومەییەکاندا شوێنی شایستەی خۆیان پێبدرێ و گەنج بەگشتی چاوکراوەتر لە جاران مامەڵە لەگەڵ واقیعەکە بکات و خۆی بە چەکی زانیاری و مەعریفە تەیار بکات و بە دەستپڕبییەوە بێتە گۆڕەپانەکەو ئەجیندای پرۆژەو خەونی ریالیستانەی خۆی بەنەخشە بۆکێشراوی پراکتیزە بکات. ئەوەش مافێکی سروشتی گەنج خۆیەتی کە بەرنامەی پەروەردەیی، عەقڵانی، تەندورستی هەبێ و بە ئاسانی فریو نەخوات و دەستەمۆ نەکرێ. شایەنی باسە لەکۆتایی ئەو سیمینارەدا ئامادەبووان بە گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانە بیروڕایان ئاڵوگۆڕ کرد.

لە سنووری پەروەردەی خەبات ڕێکخراوێک هاوکاریی ڕۆڵەی شەهیدان دەکات



ڕۆژی23/1/2019 ڕێکخراوی حاجی میقداد نەجارِ، بە مەبەستی ڕێزگرتن لە گەورەیی و گیانفیدایی شەهیدانی کوردستان و دڵخۆشکردن و کۆمەککردنی خانەوادەی شەهیدان، بە هەماهەنگی لەگەڵ قایمقامیەتی قەزای خەبات، سەبەتەیەک لە جلوبەرگی زستانەی بەسەر 40 ڕۆڵەی شەهیدانی شەڕی داعش دابەش کرد. لەو ڕێوڕەسمەدا کە بە ئامادەبوونی قایمقامی خەبات و نوێنەرانی ڕێکخراوەکە بەڕێوەچوو، مامۆستا عومەر حەمەد برایم، بەڕێوەبەری پەروەردەی خەبات، جەختی لە گرنگیی کۆمەککردنی قوتابیانی کەسوکاری شەهیدان کردەوە و بەرامبەر بەو دەستپێشخەرییەش، سوپاسی ڕێکخراوەکەی کرد.

بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی هەڕێم:

لە کوردستان ڕێژەی بازرگانی لە 20% زیادی کردووە

خەبات ـ سەید فاتیح

بەرزنجی:

نەوزاد ئەدهەم بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی هەرێم ڕونیکردەوە: بەهۆی ئەو سەقامگیرییەی کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە کوردستان بە ڕێژەی 20% زیادی کردووە، بەتایبەتی ئەمساڵ ژمارەیەک وڵات بۆ جاری یەکەمە کاری بازرگانی لە کوردستان دەست پێدەکەن، بەڵام لەماوەی ساڵانی ڕابردوو بەهۆی قەیرانی دارایی و شەڕی تیرۆریستانی داعش ڕێژەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی کەمتربووەوە و لە ئێستاشدا ئەو ئاڵوگۆڕیە زیادی کردووەو بارودۆخی دارایی هەرێمیش باشتربووە و بازرگانانی هەرێم ڕۆژانە بۆ پرکردنەوەی پێداویستی ناوخۆ کاڵاو کەلوپەلی وڵاتانی تورکیاو ئێران و چەند وڵاتێکی دیکە هاورده دەکەن و لەماوەی ئەو چەند ڕۆژەی ساڵی2019 یش جۆلەیەکی بەرچاوی بازرگانی لەکوردستان هەیەو بەپێی ئەو ڕێکەوتنانەی کە لە ساڵی 2018 لەگەڵ چەند وڵاتێک واژۆ کراوە وەک وڵاتی هیندستان و سعودیە زیاتر لە 50 کارگە و کۆمپانیای ئەو دوو وڵاتە دێنە کوردستان و بۆ یەکەم جارە وەبەرهێنان ئەنجام دەدەن و کاری بازرگانی دەکەن.

مەترسیا وان بەرا نەما ئەوێن ل گەلیێ دێرکێ دهاتنە سەر جادێدا



خەبات ـ ئالان شەهاب:

دلشاد مەحەمەد بەرپرسێ بەشێ راگەهاندنا هاتنوچوونا قەزا شێخان ب خەبات ڕاگەهاند: دوهی ب ئامادەبوونا پولیسێن هاتنوچوونا قەزا شێخان و ب ئامادەبوونا تیمەکا ڕێڤەبەریا سەخبێریکرنا ڕێکوپرا و تیمەکا شارەوانیا ناحیا باعەدرێ کو کارکریە هەتا کو ئەو بەرێن مەترسی ل سەر نەهێلان و ئەڤە د دەمەکی دایە روژانێن بوری ل دەمێ باران بارینێ ئەف بەرە د هاتنە ناڤ جادێ و د مەترسی بون سوپاس بو خودێ کو مەترسی ل وێ جادێ نەما.

خۆڵەکا دروار و دیزاینا جلوبەرگان ب دوماهیک هات



خەبات ـ ئالان شەهاب:

شێرزاد غازی بەرپرسێ ناوەندا وەرزش و لاوێن شێخان ب خەبات ڕاگەهاند: د ڕێورەسمەکێ ب بەرهەڤبوونا خەولا شلی بەرپرسا نڤیسینگەها پەیوەدیان یا لقا 20شێخان و هەڤال سەکڤان نوێنەرێ ڕێکخراوا zsvp ناوەندا وەرزش و لاوێن شێخان ب هەماهەنگی دگەل ڕێکخراوا zsvpخولەکا دروارێ دگەل یا دیزاینێن جلوبەگا بو 25کچێن شێخان ب دوماهیک هات بو ماوێ 2هەیڤا یا بەردەوام بوو، خول ل سەر دەستێن کەسەک شەهرەزا د ڕێڤەچوو، دوماهیا ڤێ خولێ ئەو بەرهەمێ هاتی دروست کرن ب شێوازەکێ مودێرن د پیشانگەهەکێ دا هات نمایشکرن.

هەڵمەتێکی فراوانی چاککردنەوەی شەقامەکانی هەولێر دەستپێکرد



خەبات ـ سەید فاتیح:

ئەندازیار سامان محەمەد بلباس سەرۆکی شارەوانی هەولێر ڕونیکردەوە: لە سنووری شارەوانی هەولێر هەڵمەتێکی فراوانی چاککردنەوەی شەقامەکانی هەولێر دەستپێکرد، ئەویش دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزیری شارەوانی و بڕی45 ملیۆن دینار لەسەر داهاتی سەرۆکایەتی شارەوانی خەرجکرا و هەڵمەتەکەش بە هاوکاری و هەماهەنگی پاریزگای هەولێرو کارگەی قیری ئاوەدانکردنەوە بۆ بەهەمهێنانی قیر و لەلایەن تیمەکانی چاککردنەوەی شەقامەکانی هەر شەش شارەوانی هەڵمەتی قیرتاو کردنەکە ئەنجامدرا، جگە لەوەش دوو تیمی دیکەی بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی هەولێریش توانیان شەقامی 100 مەتری چاکبکەنەوە.

نەخۆشییەکە قابیلی چاکبوونەوەیە و زۆرجار بێ وەرگرتنی هیچ چارەسەرەێک نەخۆشەکە چاکدەبێتەوە

دکتۆر فەرهاد محەمەد: دەردەڕێوی نەخۆشییەکی گواستراوە نییە و لە کەسی تووشبووەوە ناگوازرێتەوە بۆ کەسێکی تر



ئا-وریشە عومەر


دکتۆر فەرهاد محەمەد پسپۆڕی نەخۆشییەکانی پێست دەربارەی نەخۆشی دەردەڕێوی لەوانی تایبەتی خۆی نووسیویەتی: دەردەڕێوی یەکێکی تیرە لەو نەخۆشیانەی پێست کە بەهۆی سیستەمی بەرگری لەشەوە تووشی مرۆڤ دەبێت و مووی سەر یان هەر بەشێکیتری لەش بەشێوەی بازنەی هەڵدەوەرێ و پێستەکەی ژێرەوەی بەساف و لوسی بێ گرێ و برین ئەکەوێتە دەر ئەم نەخۆشیە زۆر بەخێرای دەردەکەوێ وبەزۆری لە قژی سەرو برۆ و ریش وسمێڵدا روو ئەدات، بەڵام لەهەر بەشێکی تری لەشیش دەکرێ رووبداو هەندێ جار هەموو مووی سەرەوەیان هەموو مووی لەشیش بە تەواوەتی دەڕوێتەوە و موو بەلەشی مرۆڤەکەوە نامێنێ شایەنی باسە ئەم نەخۆشیە گواستراوە نییەوە لەکەسی توش بووەوە ناگوازرێتەوە بۆ کەسێکی تر، بەڵام نەخۆشیەکی بۆماوەیەو لەباوانەوە ئەگەری گواستنەوەی ئەو جینانە هەیە کەبەرپرسن لەنەخۆشیەکە بۆ وەچەکان، بەڵام مەرج نییە هەموو کات بگوازرێیتەوە ئەم نەخۆشییە قابیلی چاکبونەوەیەو زۆرجار بێ وەرگرتنی هیچ چارەسەرەێک لە ماوەی مانگێکدا نەخۆشەکە چاکدەبێتەوە، بەڵام هەندێجاریش تەنانەت بە وەرگرتنی چارەسەری قورسیش نەخۆشەکە چاکنابێتەوەو موەکە بۆ هەتاهەتایە هەڵدەوەرێ وپێستێکی ساف و بێگرێ و برین بەجێدێڵێ، ئەو کەسانەی لەتەمەنێکی منداڵی زۆر زوەوە توشی ئەم نەخۆشیە ئەبن و ڕووبەرێکی فراوانی قژیان تۆش دەبێ عادەتەن درەنگتر چاک ئەبنەوە و مەترسیان زیاترە لە گەورەکان و لەو کەسانەی تەنها پەڵەیەکی بازنەی لەقژیان ئەڕوێتەوە چارەسەری ئەم نەخۆشیەش بەبەکارهێنانی ستیرۆیدەکانە بە شێوەی دەرزی کە دەبێت لە لایەن پزیشکەوە بەکاربێت وکەسی ناشارەزا ئەوە دەرمانانە نابێت بەکاربێنێت چونکە ستیرۆیدەکان چەن سودبەخشن بۆچارەسەری بەشێک لە نەخۆشییەکان ئەوەندەش زیانبەخشن و مەرسیدارن بۆ پێست و بۆ لەش بەگشتی ئەگەر بەخراپی بەکار بهێنرێن.

کاریگەریی خواردنی رژێمی خۆراکی رووەکی و کەمکردنەوەی مەترسیی نەخۆشییەکانی دڵ



ئەنجامی توێژینەوەیەکی نوێی زانستی پیشانی داوە ، بەکارهێنانی رژێمی خۆراکی بە گشتی رووەک دەبێتە هۆی پاراستنی سەلامەتی دڵ. توێژەرانی زانکۆی ئایسان لە نیویۆرک لەو توێژینەوەیە پێنج جۆر رژێمی خۆراکییان هەڵسەنگاند.
ئەوان بۆیان دەرکەوت کە ئەو کەسانەی کە بە گشتی رژێمی خۆراکی رووەکییان بەکارهێنابوو لە ماوەی چوار ساڵ توێژینەوە، بە ڕێژەی 42 لە سەدا کەمتر لە مەترسی تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ دا بوون.لەو بارەیەوە دکتۆر " کیلا لارا"، سەرپەرشتیاری ئەو تیمە توێژەرە ،لەو بارەیەوە گووتی: بەردەوامبوون لە رژێمی خۆراکی رووەکی گەلا سەوز، میوە، ریشاڵییەکان، دانەوێلەکان و ماسی و کەمکردنەوەی خواردنە لە گۆشتە بەرهەمێنراوەکان و چەوری ناتێر و وکاربۆهیدرات و شیرینیمەنییەکان دەتوانێت دڵنیایی بێ بۆ بوونی دڵێکی تەندروست.
زانایان دوای لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لە سەر 15 هەزار و 500 کەسی تەمەن45 ساڵ بە سەرەوە کە تووشی نەخۆشی دڵ نەبوونەوە ئەنجامدا.
هەروەها بەراوەردێکیان لە سەر کاریگەری رژێمی خۆراکی " گۆشتی سوور، پاستا ، پەتاتەی برژاو شیرینی و مادەد کحوڵییەکان و خواردنە چەورەکان لەگەڵ خواردنە رووەکییەکان و میوە و ریشاڵی و کەم چەوریەکان ئەنجامدا و دەرکەوت کە رژێمی خۆراکی تەندروست دەتوانێت ڕێگری لە گرژبوونی و گیرانی خوێنبەرەکان کە هۆکارن بە جەڵتەی دڵ و میشک بگرێت.

سوود و تایبەتمەندییەکانی ئەو مۆبایلانەی کە دەنوشتێنەوە



لێکسپای کە یەکێکە لەو مۆبایلانەی دەنوشتێتەوە، کە لە لایەن کۆمپانیای رژیۆڵ دروستکراوە، خاوەنی شاشەیەکی بەهێز و خۆڕاگرە و توانای نوشتانەوەی تەواوی هەیە.
بەپێی هاواڵێکی وێبسایتی سکای نیوزی ئینگلیزی، کۆمپانیای ڕژیۆڵی ئەمریکی خاوەنی بیرۆکەی ئەم مۆبایلەیە کە دەتوانرێت وەکو بەردەوامی مۆبایل، پێدەچێت نزیک بین لە بازدانێکی تەکنەلۆژی گەورە لەو ڕوئمایانەی توانای نوشتانەوەیان هەیە، لەپاش ئەوەی تۆمارکردنی زۆرمان بینین لەداهێنانەکان، ئەوەبوو کۆمپانیایەکی چینی یەکەم ئامێری نوشتاوەی ڕاگەیاند، لە پاش ئەویش سامسۆنگ نمونەیەکی مۆبایلی ڕوئما نوشتاوەی نمایش کرد، لەو بابەتەش هەوڵ دەدەین گرنگترین سودەکانی بخەینە ڕوو.
1- دوو هێندە ڕووبەری ڕوئما: ئامانجی ئێستای کۆمپانیاکان نەهێشتنی چوارچێوەی مۆبایل و دوگمەکانی بۆ ئەوەی قەبارەی ڕوئماکە گەورەتر بکەن، گرنگترین خاڵ لێرەدا ئەوەیە کە بتوانی ڕوئمایەکی قەبارە 7.3ئینچ دروست بکەیت بێ بونی کاریگەری لەسەر قەبارەی گشتی ئامێرەکە، ئەمەش واتا مۆبایلێکی بچووک و ڕوئمایەکی گەورە.
2- توانای ئەنجامدانی کاری زیاتر: مۆبایلەکە ڕێگەت دەدات بە بەکارهێنانی ڕوئمای دەرەکی وەکو مۆبایلێکی ئاسایی، هەروەها دەتوانن ڕوئمای ناوەوەش بەکاربهێنیت وەکو تابلێتێک، دەشتوانیت هەردوو ڕوئما بەکاربهێنیت پێکەوە و چوار ئەپلێکەیشنەی جیاواز بکەیتەوە لەسەر مۆبایل لەیەک کاتدا.
3- کامێرای باشتر: سامسۆنگ زۆر شتی ئاشکرا نەکردووە لەبارەی کامێرای مۆبایلەکەی، بەڵام هەندێک لە دەنگۆیەکان دەڵێن کە هەردوو ڕوئماکە یەک کامێرایان دابێت، ئەمەش واتا کامێرای باشتر و بەهێزتر دەبینین بەهۆی ئەوەی تەنها لە یەک لای مۆبایل کامێرا هەیە بۆیە هەموو توانایان لەو کامێرایە دەخەنەگەڕ.
4- ئەگەری کەمتر لە شکانی ڕوئما: مەرج نییە ڕوئما نوشتاوەکان 100% دووربن لە شکان، بەڵام بەسروشتی خۆی زۆر نەرم دەبێت، ئەمەش واتا ئەگەری شکانی زۆر کەم دەبێت بە راوورد بە وڕوئما ئاساییەکان.
5- هەڵبژاردەی زیاتر بۆ بەکارهێنەران: لەگەڵ پێشکەوتنی زۆری مۆبایلەکان، بەڵام جیاوازی نێوان نەوەیەک بۆ نەوەیەکی تری پێشکەوتوی مۆبایل تەنها لە ڕوئما و بیرگەی کاتی و کامێرایە، بەڵام لەگەڵ ئەو جۆرە مۆبایلانە شتی زۆر نوێ و باشتر دێنە ئاراوە.


ئەتەکێتی جل پۆشینی پیاوان



ئا/ڕەسول سالح:

فۆرمال: لە بۆنە فەرمییەکان، دیدارە تایبەت بە پێشکەشکردنی کار، پێشوازیکردنی پرۆژەکۆلی، سەردان بۆ دەرەوەی وڵات وەک شاندی فەرمی و سێ ڕەنگ لە خۆی دەگرێت: ڕەش، شینی تۆخ، ڕەساسی. بۆینباغ دەبێت یەک ڕەنگ بێت و ئەگەر تێکەڵاو بوو، ڕەنگەکانی زۆر و بەچاو نەبێت. با کراسەکەت یەک ڕەنگی بێت و لەگەڵ ڕەنگی قاتەکەت بێت و ئەو کراسانەی کە ڕەنگی یەخە و کراسەکە وەک یەک نین قەغەدەیە. گۆڕەوەی ئەبێ لە ڕەنگی پێڵاوە یا لە ڕەنگی قایشی کەمەر بێت. پێڵاوەکان ڕەشی سادە و بە بێ قەیتان بێت. ئەم ئێکسسوارانانە: کاتژمێر، حەلقەی پەنجە، دەمبوزی بەستانی بۆینباغ، دوکمەی جل، پارەی ئاسن، قایش، مۆبایل، عەینەک، نابێت ژمارەیان لە 13 دانە زیاتر بێت و تەنیا دوکمەکانی قات هەر دووانی بەرامبەر یەک بە یەک دانە ئەژمار دەکرێن.
نیمچە فەرمی: زۆربەی بابەتەکان وەک فەرمی وایە تەنیا هەندێکیان نەبێت، قات قاوەیی بێت، پێڵاو قەیتانی هەبێت، بۆینباغ نەبەستیت و لە هەندێک بۆنەی نیمچە فەرمی بەکاردەهێندرێن وەک نانی خواردنی تایبەت بە کار، ئاهەنگی سەری سال، میوانداری، ئاهەنگی خوتوبە و ژن گواستنەوە.
کاجوال جلوبەرگی ئاسایی کە ڕۆژانە دوای کاری فەرمی دەپۆشین: پانتۆڵی جینز، تیشێرت و کراسی بۆ دوکمە، پێڵاوی وەرزشی و لە جلد دروست نەکرابێت.
نیوە کاجوال: هەر وەک کاجوال وایە جگە لەوەی کە پێڵاوی چەرم لەگەڵ پانتۆڵی جینز یا کراس لەگەڵ پانتۆڵی جینز لەبەر دەکەیت.

بەکارهێنانی پرۆگرامی Google Maps بەبێ هێڵی ئینتەرنێت



هەردەوان نەقشبەندی:

بەرنامەی Google Maps بۆتە باشترین ئەپلێکەیشن بەلای ملیۆنان کەسەوە بۆ گەڕان و دۆزینەوەی جێی مەبەستیا ،ن ئەمەش بووە جێگرەوەی ئەپلێکەیشنەکانی Hereی نۆکیا و Apple Mapsی ئەپڵ. بەڵام ئەم ئەپلێکەیشنە پشت بەئینتەرنێت دەبەستێت و ئەمەش گرفت بۆ زۆر کەس دروست دەکات بەتایبەت ئەوانەی لەمۆبایلەکانیانەوە بە Data Package داخڵ دەبن.بۆیە دەتوانیت ئەم فیڵە بەکاربهێنیت بۆ بەکارهێنانی بەبێ ئینتەرنێت. تەنیا دەبێ بچیتە ئەو شوێنەی دەتەوێ لێی بگەڕێیت ئینجا بنووسیت Ok Maps و کلیکی سێرچ بکەیت. ئەوکات تێبینی دەکەت کەنەخشەی گوگل شێوەی لاکێشەیی وەرگرتووە و شوێنی تۆی لەسەر نەخشەکە دیاریکردوە و دووگمەیەکی تایبەتی بە Download هەیە کە دەتوانیت دواتر داونلۆدی بکەیت.بەو جۆرە دەتوانیت بۆ هەرکوێ ڕۆیشتی بەپێی شوێنەکە داونلۆدی بکەیت و بەکاری بهێنیت بەبێ ئینتەرنێت.

وون بوون
ناسنامەی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان لقی هەولێر بەناوی پێزان شاکر ابوبکر وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
وون بوون
پسوولەی شارەوانی ٣ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٨٣٤١٦١ بەرواری ٢٠١٨/١١/٢٢ بەبڕی ٣٠٠٠٠٠ دینار بەناوی شمس الدین محیی الدین وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
دادگای باری کەسێتی سلێمانی/٥
ژمارە: ٣٥٥٥/ش/٢٠١٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١/٩
ئاگانامە
داواکار/ ژیلوان شورش محمد ناونیشان: سلێمانی- ڕاپەرین
داوالەسەرکراو/ خۆشی سوران حسن ناونیشان: سلێمانی- ڕاپەرین- گەڕەکی زانکۆ
داواکار (ژیلوان شورش محمد) داوایەکی بەژمارە (٣٥٥٥/ش/٢٠١٨) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە ئەم دادگایە بریاری لای خۆی دەرکرد لەبەرواری (٢٠١٨/١٢/٢٧) بریاریدا بە (پەسندکردنی تەلاقی دەرەکی) وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت دادگا بریاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانەوە ئەگەر لەماوەی دوو هەفتەی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم بڕیارە بە داواکار (ئاسۆ برهان فتاح) وە داوالێکراو (باربەرا فیجسلاك) داوایەکی پەسندکردنی تەلاقی دەرەکی نێوان تۆ و داواکار لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئاشعاری موختاری گەڕەکی ٣٠ی شەهیدانی باداوە دادگا بڕیاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی ٢٠١٩/٢/١٨ کە خۆت ئامادەبێت یان بریکارێکی یاسایی لەجیاتی خۆت ئامادەبێت بەپێچەوانەوە دادبینی دەرهەقت بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادەری یەکەم/ دیار محمد علی
***
دادگای بەرایی هەولێر/٣
ژمارە/ ٣١٧٩/ب/٢٠١٨/٤
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١/٢٢
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (کامران سلیمان عباس)
داواکار (مامز سلیمان عباس) دەعوای ژمارە ٣١٧٩/ب/٢٠١٨/٤ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر داوالێکراو (کامران سلیمان عباس) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتن نادیارە بەپێی ئاشعاری موختاری گەڕەکی ڕزگاری لە ٢٠١٩/١/٦ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی پێراگەیاندنت وە ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی (٢٠١٩/٢/١٤) کات (٩) بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت..
دادەر/ قباد شێرزاد نوری
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاو و ئاوەڕۆ
بەڕێوەبەرایەتی ئاوی هەولێر
کارگێڕی و خۆیەتی
ژمارە: ١٠٦/٨٠١
بەروار: ٢٠١٩/١/١٠
بۆ بەڕێز/ عبدالوهاب احمد کریم
فەرمانبەر لە یەکەی تڕۆمپاکان
ترساندن
لەبەر پابەندنەبوونت بەدەوامی فەرمی خۆت لەبەرواری ٢٠١٨/١٢/٦ تاکو ئێستا بەبێ هیچ هۆیەك بۆیە ترساندنت ئاراستە دەکەین کەوا بگەڕێیەوە سەر کاری خۆت بۆ ماوەی ٧ ڕۆژ ئەگەر لە ناو هەرێمی کوردستان بیت وە ماوەی ٣٠ ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بیت بەپێچەوانەوە کۆتایی بەڕاژەکەت دەهێنین بەپێی یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ژمارە ١ لە ٢٠٠٢/٤/١٠.
ئەندازیار / ئاری احمد قادر
بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاو و ئاوەڕۆ
بەڕێوەبەرایەتی ئاوی هەولێر
کارگێڕی و خۆیەتی
ژمارە: ١٠٦/٨٠١
بەروار: ٢٠١٩/١/١٠
بۆ بەڕێز/ عبدالوهاب احمد کریم
فەرمانبەر لە یەکەی تڕۆمپاکان
ترساندن
لەبەر پابەندنەبوونت بەدەوامی فەرمی خۆت لەبەرواری ٢٠١٨/١٢/٦ تاکو ئێستا بەبێ هیچ هۆیەك بۆیە ترساندنت ئاراستە دەکەین کەوا بگەڕێیەوە سەر کاری خۆت بۆ ماوەی ٧ ڕۆژ ئەگەر لە ناو هەرێمی کوردستان بیت وە ماوەی ٣٠ ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بیت بەپێچەوانەوە کۆتایی بەڕاژەکەت دەهێنین بەپێی یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ژمارە ١ لە ٢٠٠٢/٤/١٠.
ئەندازیار / ئاری احمد قادر
بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاو و ئاوەڕۆ
بەڕێوەبەرایەتی ئاوی هەولێر
کارگێڕی و خۆیەتی
ژمارە: ١٢٣/٨٠١
بەروار: ٢٠١٩/١/١٤
بۆ بەڕێز/ فرهاد حسین علی
فەرمانبەر لە یەکەی تڕۆمپاکان
ترساندن
لەبەر پابەندنەبوونت بەدەوامی فەرمی خۆت لەبەرواری ٢٠١٨/١٢/٢٥ تاکو ئێستا بەبێ هیچ هۆیەك بۆیە ترساندنت ئاراستە دەکەین کەوا بگەڕێیەوە سەر کاری خۆت بۆ ماوەی ٧ ڕۆژ ئەگەر لە ناو هەرێمی کوردستان بیت وە ماوەی ٣٠ ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بیت بەپێچەوانەوە کۆتایی بەڕاژەکەت دەهێنین بەپێی یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ژمارە ١ لە ٢٠٠٢/٤/١٠.
ئەندازیار / ئاری احمد قادر
بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاو و ئاوەڕۆ
بەڕێوەبەرایەتی ئاوی هەولێر
کارگێڕی و خۆیەتی
ژمارە: ١٠٦/٨٠١
بەروار: ٢٠١٩/١/١٠
بۆ بەڕێز/ عبدالوهاب احمد کریم
فەرمانبەر لە یەکەی تڕۆمپاکان
ترساندن
لەبەر پابەندنەبوونت بەدەوامی فەرمی خۆت لەبەرواری ٢٠١٨/١٢/٦

سۆزان ئیلوار هینتۆن رۆمانووسێک تایبەت بە ئەدەبی منداڵان



بۆتان جەلال

خانم نووسەری ئەمریکی "سۆزان ئیلوار هینتون" یەکەم رۆمانووسە لە مێژووی ئەدەبی مێرد منداڵان کە تەنیا لە خەیاڵا و ئەندێشەوە، نووسین بەرەو ئامانج ء پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە واقیعییەکان ببات، ستایلی کۆنی ئەدەبی مێرد منداڵان لە چوارچێوەی چەند دیمەنێکی خەیاڵاوی و سیحر ئامێزی گەشە بکات، لەسەر دەستی ئەم نووسەرە ئەمرۆ ئەدەبی مێرد منداڵان پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، بەوەی کە ئەدەبێکە لە زاست و تێگەیشتن و پەیوەندییە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگای ئەمرۆکەمان دوور نییە، هینتۆن لە 22ی یۆلیۆی ساڵی 1948لە ئۆکلاهۆما لە دایکبووە، تەمەنی 17ساڵ بووە یەکەم بەرهەمی خۆی کە رۆمانێک بوو بەناوی "قێزەونەکان"ی نووسی و بڵاویکردەوە، ئەم رۆمانە سەرنجی خوێنەری مێردمنداڵان و هەتا گەورەکانیشی راکێشا، تەمەنی هەر 10ساڵێک دەبوو خولیای نووسین ببوو، زۆر حەزی لە خوێندنەوەی چیرۆکی منداڵان دەکرد، کە لە دنیای ئاژەڵان و دارستان و سروشت نزیک بوو.



بۆیە چیرۆکەکانی سەرەتای دەستپێکردنی بە نووسین، باسیان لە شوانکارە و مەڕ و ماڵات و شەڕی نێوان ئاژەڵان دەکرد، جگە لەو ئاژەڵانەی کە بوونە هێمای ئاژەڵی ترسناک و داستانەکان، هەندێ جار مرۆڤی دەهێنایە نێو چیرۆکەکان و لە ڕێگای بەکارهێنانییەوە مەلەلانێیەکی ڕەوشتی و سروشتی لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵەکان دروست دەکرد.

کاتێ سۆزان هینتۆن گەیشتە تەمەنی هەرزەکاری و لاوی، هیچ سەرچاوەیەکی وەک رۆمان و شیعر و چیرۆکی مێردمنداڵانەی دەست نەدەکەوت تێنوویەتی بشکێنێ و کەڵکیان لێ وەرگرێ، ئەوەی لەبەر دەست بوون چەند رۆمانێکی گەورە نووسەران بوو کە هینتۆن هەستی پێ نەدەبزوا، بۆیە بڕیاری دا ئەو بۆشاییە ئەدەبییە پڕ بکاتەوە و شتێکی وا بنووسێ قوتابیانی قوناغی ئامادەیی سوودی لێ وەربگرن، ئەمیش بە هەڵبژاردنی ئەمجۆرە بابەتانەی کە گوزارشتیان لەو کێشە و گرفت و ئاواتەکانیان دەکرد و ئەو پاڵەوانانەی کە لە ڕاستی و واقیعدا لە ژیانی کۆمەڵگادا بوونیان هەبووە، بەتایبەتیش جیاوازی چینایەتی لە نێو کۆمەڵدا، بۆیە یەکەم رۆمانی "قێزەونەکان"ی لەسەر ئەم بنچینەیە نووسی، کە باس لە دوو هەرزەکاری دوو چینی جیاواز دەکات، کە لە نووسینی ئەم ڕۆمانە بووە گەیاندیە دەزگایەکی چاپ، بەناوی "ئیش، ئی، هینتۆن" وەک کورتکراوەیەکی ناوی خۆی بڵاوی کردەوە نەبادا میردمنداڵان و هەرزەکاران بیناسنەوە، سەرکەوتن و بڵاوکردنەوەی ئەو ڕۆمانە هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی لە زانکۆی تۆلسا وەربگیرێت و ساڵی 1970خوێندنی لەوێ بە سەرکەوتوویی تەواو کرد، پاش شوکردنی، پیاوەکەی هانیدا لە نووسینەکانی بەردەوام بێت کە ماوەیەک بوو لە نووسین دوورکەوتبوو و خۆی فەرامۆش و پەراوێز کردبوو، جۆرێک لە دووڕە پەرێزی نیگەرای ساڵی بەسەریدا کێشابوو، جارێکی دیکە دەستی کردەوە نووسینە ڕۆژێ دوو لاپەڕەی لە ڕۆمانی دووەم دەنووسین کە لە ساڵی 1971چاپ و بڵاوی کردەوە و ناوی نا "ئەوە ئەو کاتی بوو، ئەمەش ئێستاکەیە".

وایلیهات هەر چوار ساڵ، ڕۆمانێکی دەنووسی، لە ساڵی 1975ڕۆمانی "ماسییە بێزارەکان"ی بڵاوکردەوە، ساڵی 1979ڕۆمانی "تەکسی" بە چاپ گەیاند کە لای ڕەخنەگران قۆناغی پێگەیشتن و دەوڵەمەندبوونی ڕۆشنبیری هینتۆنی دەردەخست.


لە هەشتەکان یەک ڕۆمانی بڵاوکردەوە ئەویش ناو نابوو "ئەستێرە هەڵاتووەکە"، لە نۆهەدەکان قۆناغێکی نوێی نووسین، جۆری بڵاوکردنەوەی دەستپێکرد، ئەویش کێتبی وێنەدار بوو، کە لەلای خوێنەرانی، ئەمجۆرە کێتبانەی مایەی دەهشە و سەرسوڕمان بوو بەتایبەتیش کاتێک لە ساڵی 1995کێتبی "دێڤیدی گەورە و دێڤیدی بچووک"ی بڵاوکردەوە کە بۆ منداڵانی قوناغی باخچەی ساوایان و سەرەتای ئاراستەکرابوو، بەمەش گۆڕانکاری خستە ناو ژیای نووسینی خۆی وبەردەو خزمەتکردنی ئەدەبی منداڵان هەنگاویان نا، ئەوەی زیاتر هاوکاری و هانیدا بۆ منداڵان بنووسێ، کچە بچووکە تاقەنەکەی بوو، لە دنیای ئەو کچەیەوە سەیری دنیای منداڵانی دەکرد و بە نووسین و وێنەی ڕەنگا و ڕەنگ گوزارشتەکانی خۆی دەردەبڕی، هەر لە هەمان ساڵدا کێتێبێکی دیکەی بەناوی "خوشکی ئەلگیرۆ" بڵاو کردەوە کە زیاتر بۆ منداڵانی سەرەتا لە خوێندندا شیاو بوو. ساڵی 1988لەلایەن "کۆمەڵەی کێتێبخانەکانی ئەمریکا"وە خەڵات کرا، سەبارەت بەو ڕۆڵەی کە لە پێشکەوتنی ئەدەبی هەرزەکار بینیویەتی، شایانی ئاماژەیە دەرهێنەرەکانی سینەما توانیویانە سوود لە ڕۆمانەکانی هینتۆن وەربگرن و دوو بەرهەمی "قێزەونەکان" و "ماسییە بێزارەکان" بکەنە فیلمی سینەمایی.

ڕۆمانی "قێزەونەکان" کە لە ساڵی 1967بڵاوکراوەتەوە و تا ئەمڕۆ زیاتر لە 8ی ملیۆن دانەی لێ فرۆشراوە و بە شاکارێکی ئەدەبی مێرد منداڵانی کلاسیکی هەژمار دەکرێت، بە گرنگترین بەرهەمەکانی سۆزان هینتۆن دادەندرێت، ڕۆمانەکە باس لە پەیوەندی خێزانی و هاوڕێیەتی و وەفاداری نێوان تاکەکەای نێوان چینەکانی کۆمەڵگا دەکات، پاڵەوانی ڕۆمانەکە مێرد منداڵێکە بەناوی "بۆنیبۆ کیرتس" کە ڕۆڵی لە گێڕانەوەی ڕووداوی چیرۆکەکە هەیە و بە کەسایەتی سەرەکی دەژمێردرێت، بۆنیبۆی لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆمانەکەدا بۆ خوێنەرانی دەگێڕێتەوە دەڵێت: قێزەونەکان" ئەوان کە سەر بە چینی کرێکار و هەژارانن، بەڵام ئەو وەک مێردمنداڵە قێزەونە و هەژارەکای دیکە نیە، چونکە ئەو حەز لە سینەما و کتێب دەکات، ئەو خولیابوونەی بە خوێندنەوەی کتێب و سینەما وایکردووە لەلای هەردوو براکەی کە لەخۆی گەورەترن خۆشەویست بێت، برای گەورەی ناوی "دارا"یە و ڕۆڵی باوکیان لەناو خێزانەکەی دەگێڕێت، براکەی دیکەی ئاوی "سودابوب"ە زۆر لەگەڵیدا پەیوەندی وێژدانی و برایەتی باش نییە.

ڕووداوەکە بەوە دەستپێدەکات کاتێ بۆنیبۆی بە تەنیا دەچێتە سینەما بۆ ئەوەی فیلمی پۆڵ نیومان ببینێ، پاش دەرچوونی لە سینەما کە هێشتا زیندەخەونی پاڵەوای بە مێشک هەر ماوە، هەست بە هەڵەی خۆی دەکات کە بێ پرسی برا گەورەکانی چۆتە سینەما و ڕێنمایی و ئامۆژگرایییەکانی شکاندوون، نەخاسمە چەند ڕۆژێکیش لەمەوبەر چەند ڕێگرێک "جۆنی" برادەریان شلۆکوت کردبوو هەندەی لێبدەن، ئەو ڕێگرانە سەر بە کۆمەڵەیەکی یاخی بووی دەوڵەمەندەکان بوون کە بانگەشەی جیاوازی چینایەتیان هەڵگرتبوو، هەر لەو خەسارەتەدا دەڕیا، لە هێکرا کۆمەڵێک مێرد منداڵی یاخی بووی قێزەونی ڕێگایان لە بۆنیبۆی گرت و گەمارۆیاندا و یەکێک لەو سەرکێشە یاخیانە دەستی لێ وەشاند و ئەویش کە هەستی کرد پێیان ناوێری، هاواری کرد و داوای یارمەتی لە خەڵک کرد بەهانایانەوە بچن، لە بەخت باشی خۆی ژمارەیەک لە میردمنداڵی دیکەی سەر بە چینی هەژار گوێیان لە هاوارەکەی بوو بەردەو پیلیەوە چوون و لە دەست ڕێگرەکانیان قورتار کرد، کە گەڕایەوە ماڵ بەرامبەر بە شکاندنی و گوێنەدانە ئامۆژگاری برا گەورەکانی شەڕێک ڕووەدات و پەشێوی ماڵەکەی دادەگرێت.

ڕۆژی پاشتر، بۆ نیبۆی لەگەڵ جۆنی برادەری و سەرۆکی ڕێگرەکان "دالی" ئەوانەی ڕۆژی پێشتر لەسەریان کردەوە دەچنە سینەما، لە هۆڵی سینەما دەبنە دوو کۆمەڵ، بۆ نیبۆی و برادەرەکانی کۆمەڵێک و ئەوای دیکە کە لە منداڵە دەوڵەمەندەکان پێکهاتبوون، کۆمەڵێکی دیکە دروست دەکەن، دالی کە سەرۆکی کۆمەڵەی یەکەم دەست دەکات بە جنێودانی کۆمەڵەی دەوڵەمەندەکان، یەکێک لە کۆمەڵەکەی دیکە کە ناوی "شیرت"ە زۆر ئازایانە وەڵامی جنێوەکانی "دالی" دەداتەوە و لێی قبوڵ ناکات، هەرچی بۆ نیبۆیە هەواڵی ئارامی و هێورببوونەوەیان دەداتەوە، لە نێوان پاڵەوان بۆ نیبۆی و شیری گفتوگۆ دروست دەبێت و دەردەکەوێت هەموویان دیکە هەست و گرفت و ئامانجیان هەیە و کەس لە ئەوی دیکە جیا نییە و هەموو مرۆڤ و بۆ یەکترن، کە بە خۆشی و پێکهاتن لە سینەما دێنە دەرێ، دەگەنە بەردەم کلیسایەک ئاگر تێبەربووە، جۆنی و بۆنیبۆی وەک دوو پاڵەوان ژمارەیەک لە منداڵانی ناو کلیسایەکە لە ئاگر دوور دەخەنەوە و ڕزگاریان دەکەن، لەو ڕووداوە جۆنی زامدار دەبێ و بۆنیبۆی سەلامەت دەردەچێ، لە نەخۆشخانە بۆنیبۆی دەزانێ کە زۆربەی ڕۆژنامەکان وەک پاڵەوان باسیان کردووە وێنەیانی بڵاوکردۆتەوە، بەڵام لەو شەڕی کە چینێپەرستەکان "دەوڵەمەندەکان" لەگەڵ شیری و بۆنیبۆی ئەنجامیان دا، جۆنی زامدار دەبێ و پاشتر دەمرێ، هەمو لایەک پەشیمان دەبنەوە و هەست دەکەن و تێدەگەن کە شەڕ و چینایەتی دروستکردن کێشە چارەسەر ناکات، بەڵکو یەکتر خۆشویستن و برایەتی و ئاشتەوایی سەرچاوەی بەسەربردنی ژیانێکی سەربەرزی و دڵشادییە.

مۆنتگمری و خەونەکانی سەردەمی مێر منداڵی



ئاکۆ عەبدوڵا

خاتو مۆنتگمری چیرۆکنووس و ڕۆماننوس و شاعیر و ڕۆژنامەنووس، بە سەرکەوتووترین نوسەری کەنەدی لە مێژوو دادەنرێت. بە چیرۆکە سۆزداریەکانی تایبەت بە کچان هەست و سۆز و باری دەروونی دەربڕیوە، بەتایبەتیش لە داڕێژتنی کەسایەتی ئان و خەون و هیواکانی ناوبانگی دەکرد. ئەو کچە هەتیوەی کە بەرجەستەکەری بەشێکی زۆری ژیانی منداڵی خۆیەتی. لەلایەکی دیکەوە ناوبراو بە یەک لەو نووسەرە جیهانیانە دادەنرێت کە گرنگی بە هەست و سۆز و بیرکردنەوەی مێرمنداڵان، بەتایبەتیش بە کچانیان داوە.

لوسی مود مۆنتگمریLucy Maud Montgomeryڕۆژی 30 تشرینی دووەمی ساڵی1874 لە گوندێکی نزیک کلیفتۆن (نیو لەندەنی ئێستای) سەر بە دوورگەی پرینس ئیدوارد هاتەدونیا. بەر لەوەی تەمەنی گەڵ مۆنتگمری دەکرد. ئەوسا مۆنتگمری لەو پەری گۆشەگیری ژیا و بەردەوامیش لە خەیاڵی خۆیدا هاوڕێی دروست دەکرد و دەچووە ناو جیهانە ئەندێشەیەکەی. لەگەڵ ئەو بارە ناخۆشەش دواتر چێژی زۆری لە سروشتی ڕازاوەی ناوچەکە وەرگرت. پاشان لەگەڵ خوێندن هەست و سۆزی خۆی بۆ شیعر دەردەبڕی. لە ساڵی 1889 کاتێک بۆیەکەم جار لە ڕۆژنامەیەک هۆنراوەیەکی بڵاوکراوە، زۆر دڵخۆش بوو.

دوای تەواوکردنی خوێندن لە شاری کافندیش، ساڵی 1890 گەڕاوە لای باوک و زێ دایکی کە ئەوان ئەوسا لە (پرینس ئەلبێرت) ی هەرێمی باکوری ڕۆژئاوا دەژیان. ساڵێک لای ئەوان ماوە، بەڵام هەر زوو بۆی دەرکەوت مامەڵەی (ماری ئان ماکرای) زێ دایکی لە ئاستیدا خۆش نییە. ئەمەو لەو ماوەیەش زۆرترین کاتی بۆ نووسینی وتار و شیعر تەرخانکرد. لە ساڵی 1893چووە کۆلێژی (پرینس ویلز)ی شارلۆت تاون و دوو ساڵ لە وێدا خوێندی. ئینجا بووە مامۆستا، بەڵام هەرگیز پیشەی مامۆستایەتی لەگەڵ حەز و خواستەکانی نەدەگونجا، بۆیە لە ساڵی 1895 لە زانکۆی (دالهۆس)ی هالیفاکس ئادابی خوێند. ساڵی 1897زۆرترین کاتی بۆ نووسینی وتار و کورتە چیرۆک تەرخانکرد کە لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاویدەکرنەوە. هەر لەو ساڵەدا جارێکی دیکە گەڕاوە شاری کافندیش بۆ ئەوەی یارمەتی داپیرە نەخۆشەکەی بدات و ئاگاداری بێت. هەر لەوێشدا لە نوسینگەی پۆستە کەوتە سەر کار و لەتەک ئەو کارەش لە نووسین دانەبڕا. هاوکات بیری لە نووسینی ڕۆمان کردەوە و کاری لەسەر کرد. ساڵی 1901و ساڵی دواتر، بۆ ماوەی نۆ مانگ کاری زمانەوانەی بۆ ڕۆژنامەکانی (مورنیج کرونیکل) و (دیلی ئیکۆ) کرد.

دواتر دەستنووسی ڕۆمانی (ئان لە بەرزاییە سەوزەکان Anne of Green Gablesی بۆ پێنج دەزگای چاپ نارد، بەڵام ئەوان ڕازینەبوون بۆ بڵاوکردنەوەی. بەوەش مۆنتگمری بێئومێد و غەمبار بوو تا لە کۆتایدا چاپخانەیەک لە شاری بۆستن ڕەزامەندی نیشاندا و لە بەرامبەریشدا 500دۆلاری بۆ نارد، ئەو دەرەنجامە لە ساتە خۆشەکانی ژیانی مۆنتگمری بوو. ئەوەبوو ساڵی 1908ڕۆمانەکە بڵاوکراوە و سەرکەوتی گەورەی تۆمارکرد بە جۆرێک تەنیا لەو ساڵەدا شەش جاری دیکە لە چاپدراوە. دواتر ئەو دەرەنجامە بووە هۆی بەردەوامبوونی لە سەر چارەنووس و بەسەرهاتەکانی پاڵەوانەکەی. بۆ ئەو مەبەستەش کۆمەڵێک بەشی دیکەی بە دوا داهێنا. ناوەڕۆکی ئەو ڕۆمانە باس لە کچێکی هەتیوی منداڵ بوو بەڵای مۆنتگمری، مەکۆی ڕامان و ئیلهامی بوو، هەر بۆیە کردی بە جوگرافیای زۆربەی ڕۆمانەکانی. دواتر لە ساڵی 1934جارێکی دیکە ناوەڕۆکەکەی کرا بە فیلم و جیۆرج نیکۆلس دەیهێنا. لە ساڵی 1940جارێکی دیکە کرا فیلم و جاک هیڤیل دەیهێنا. ئەمە جگە لەوەی کراوەتە زنجیرەی تەلەفزیۆنی و کارتۆنی.

لە ساڵی 1909بەشی دووەمی تاکۆتایی قۆناغی هەرزەکاری و کاریگەری بەسەر کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی هێمن لە گوندێکی ئەندێشەیی ناو دوورگەی پرینس ئیدوارد دەکات. ماسیۆی بە تەمەن و ماریلای خوشکە قەیرەکەی، دەیانەوێت منداڵێک تەبەنی بکەن تاکو لە کاروبارەکانی ناو کێڵگە یارمەتییان بدات، بەڕێکەوت کچێکی لاوازی قژ سووریان پێگەیشت. ئەو کچە کە ناوی ئان شیرلییە بەردەوام قسەی دەکرد و ئەوانی بێزاردەکرد، بۆیە سەردتا حەزیان نەکرد لەگەڵی بەردەوامبن. بەڵام کاتێک بە چیرۆکی ژیانی ڕابردووی ئان شیرلی و توانستە لەبن نەهاتووەی لە گەشبینی گەیشتن، سۆزیان بۆی جوڵا. تا وەک کچی خۆیان لێیانڕوانی. هێندەی پێنەچوو بەهۆی لێزانییە بێهاوتاکەی و ژیرەکەی ڕێز و خۆشەویستی خەڵکەکە بەدەستدەهێنێ. ئینجا ڕوو لە خوێندن دەکات و لە کەسایەتی مامۆستاکەشی مرۆڤێکی نمونەیی دەبینی. ئان زۆربەی جار لەبەر دڵپاکی بە نەزانی کار دەکات، بەڵام لە کۆتاییەکەیدا وەها دەکات بەسەر گرفتەکان زاڵبێت و چارەسەریان بکات. بەوەش زیاتر سەرنجی دەڕووبەر ڕادەکێشا. تەنانەت قەتاعەت بە ماریلا دەهێنێ دەستبەرداری سەرسەختی و لوتبەرزییەکەی بێت و گەشبینانە بڕوانێ. جێگای باسە لەو ڕۆمانەدا مۆنتگمری زۆر لێهاتووانە چۆتە ناو جیهانی میرمنداڵان بە هەردوو ڕەگەزەوە، بە ئەزموون و پێداویستی هەستەکانیانەوە. هەروەها زۆر لێهاتووانە ئەو گۆڕانانەی کێشاوە کە بەسەر ژیانی ئان دادێت و چۆنیەتی مامەڵەکردنیش لەگەڵ بارودۆخەکانی ژیان، بێگومان بۆ بەڵای مۆنتگمری، مەکۆی ڕامان و ئیلهامی بوو، هەر بۆیە کردی بە جوگرافیای زۆربەی ڕۆمانەکانی. دواتر لە ساڵی 1934جارێکی دیکە ناوەڕۆکەکەی کرا بە فیلم و جیۆرج نیکۆلس دەیهێنا. لە ساڵی 1940جارێکی دیکە کرا فیلم و جاک هیڤیل دەیهێنا. ئەمە جگە لەوەی کراوەتە زنجیرەی تەلەفزیۆنی و کارتۆنی.

لە ساڵی 1909بەشی دووەمی



ڕۆمانی ئان بە ناونیشانی ئانی ئەڤۆنلیا Anne of Avonleaی بڵاوکردەوە. کە لەوەشدا درێژەی بە ژیان و بەسەرهاتەکانی ئان داوە و ئەوەشیان سەرکەوتنی تۆمارکرد. لە ساڵی دواتر ڕۆمانی Kil-meny of the Orchardو لە ساڵی 1911بە شی یەکەمی ڕۆمانی چیرۆکی کچەکەی بەناونیشانی چیرۆکی کچەکە The Story Girlی بڵاوکردەوە. هەر لەوساڵەدا دوای مردنی داپیرەی، شاری کافندیشی جێهێشت. لە ساڵی دواتر کۆکورتە چیرۆکی Chronicles of Avonleaو لە ساڵی 1913 بەشی دووەمی ڕۆمانی چیرۆکی بەختبکەن. دواتر لە وتارەکانیدا گرنگی بە مافەکانی مرۆڤیش دا. ساڵی 1915بەشی سێیەمی ڕۆمانی ئانی بە ناونیشانی (ئانی دوورگەکە Anne of the Islی بڵاوکردەوە. لە ساڵی دواتر دیوانی چاودێر و چامەکانی دیکە The Watchman & Other Poems ی بڵاوکردەوە. لە ساڵی 1918 دووچاری پەتای ئەنفلۆنزای ئیسپانی بوو و بەهۆیەوە ماوەیەکی سەختی بەسەربرد. شایانی باسە ئەوسا ئەو پەتایە لە جیهاندا ملیۆنەها کەسی کوشت.

لە ساڵی 1920کۆکورتە چیرۆکی Further Chronicles of Avonleaو لە ساڵی 1923 بەشی یەکەمی ڕۆمانی چیرۆکی کچەکەی بەناونیشانی ڕێگەی زێڕین The Golden Roadی بڵاوکردەوە.

لەکاتی بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهانی، مۆنتگمری وەک نووسەرێکی لاو و بەجۆش و نیشتیمانپارێز، کۆمەڵێک وتاری سەرکێشانەی بڵاوکردەوە کە لەناویاندا هانی لاوانی وڵاتەکەیدا بەرگری لە مافەکانی کەنەدا و چارەنووسی بکەن. هەروەها لە پێناویدا گیانیان بەشی یەکەمی ڕۆمانە سێیانیەکەی ئیمیلی بەناونیشانی (مانگی نوێی ئیمیلی Emily of New Moonو لە ساڵی 1925 بەشی دووەمی بەناونیشانی هەڵکشانی ئیمیلی Emily Climbsو لە ساڵی دواتر ڕۆمانی کۆشکی شین The Blue Castlو لە ساڵی 1927 بەشی سێیەمی ڕۆمانی ئیمیلی بەناونیشانی (پرسیاری ئیمیلی Emily's Questو لە ساڵی 1929ڕۆمانی ئەفسونی گوڵە قەیفە Magic for Marigoldی بڵاوکردەوە. ساڵی دواتر بە هۆی ناخۆشی و سەختیەکانی ژیان و دەربەست نەهاتنی بەرپرسیاریەتی لە پەروەردەکردنی منداڵەکانی، دووچاری داڕمانی دەمار بوو، کە تاهەتایە نەیوانی لەو بارە ڕزگاری بێت. دواتریش بە هۆی تێکچوونی تەندروستی هاوسەرەکەی، دووچاری جۆرێک لە غەمۆکی بوو. لە ساڵی 1931 ڕۆمانی تۆڕی بەناوبەکداچوو A Tangled Webو لە ساڵی 1933بەشی یەکەمی زنجیرە ڕۆمانی پاتی بەناونیشانی Pat of Silver Bushو ساڵی دواتر لەگەڵ مارینا کیس و مابیل ماککینلی، کتێبی ژنانی ئازا Courageous Womenی بڵاوکردەوە. لە ساڵی 1935 بەشی دووەمی زنجیرە ڕۆمانی پاتی بەناونیشانی Mistress Patی بڵاوکردەوە. هەر لەو ساڵەدا بووە یەکەم ئافرەتی کەندەی کە وەک هاوڕێی کۆمەڵەی شاهانشاهی بۆ هونەر لە بەریتانیا دیاربکرێت و لەلایەن خودی جۆرجی پێنجەم، مەدالیای ئیمپراتۆریەتی پێبەخشرا. ئینجا پاش خانەنشینبوونی هاوسەرەکەی، بۆ دەروبەری شاری تۆرنتۆ گواستیانەوە. لە ساڵی hjv،بەشی چوارەمی ڕۆمانی ئان بە ناونیشانی Anne of Windy Poplarsو لە ساڵی 1937ڕۆمانی (جەینی گردی لانتێرن Jane of Lantern Hill و بەشی پێنجەمی ڕۆمانی ئان بە ناونیشانی خانووەکەی خەونی ئانAnne's House ofو Dreamsو لە ساڵی 1939 بەشی شەشەمی ڕۆمانی ئان بە ناونیشانی ئان لە ئانجلساید Anne of Inglesideبڵاوکردەوە.

لەو کاتەی وەیشوومەی جەنگی دووەمی جیهانی داگرت مۆنتگمری ئەوسا بەپێچەوانەی کاتی جەنگی یەکەم، زۆر ڕەشبینانە دەیڕوانی. ئینجا بە هۆی کاریگەری جەنگەکە بەئاشکرا هەستی بەوە کرد خوێنەر لە بەرهەمەکانی دوور کەوتوونەتەوە و بەدوای ئەو بەرهەمە ئەدەبییانە دەگەڕێن کە زیاتر واقیعیانە لە بارودۆخی ئەوسا دەڕوانی و بەڕوانی بەتایبەتیش جەنگ و وەیشومەکانی. بەمجۆرە بەردەوامبوو تا لە ڕۆژی 24ی نیسانی ساڵی 1942لە شاری تۆرنتۆ کۆچیدوایبکرد. ساڵی دواتر حکومەتی وڵاتەکەی، وەک کەسایەتییەکی گرنگی میژوویی پۆلینیکرد. دواتر بە مەبەستی ڕێزلێنان لە پایەکەی، ساڵی 1975وێنەکەی کەوتە سەر پولی پۆستەی وڵاتەکەی. ساڵی 1992 ماڵەکەی کرا بە موزەخانە. ساڵی دواتر لە دوورگەی پرینس ئیدوارد پەیکانگەیەک بەناوی کرا. ساڵی 2008لە بۆنەی سەد ساڵەی بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی ئان لە بەرزاییە سەوزەکانەوە، جارێکی دیکە وێنەی مۆنتگمری کەوتەوە سەر پولی پۆستەی وڵاتەکەی.

شایانی باسە ستایلی مۆنتگمری بە گێڕانەوەی ژیرانەی زیندوو بە ڕیتمی خێرا جیادەکرێتەوە کە لە نێوان پاڵنانی ئەندێشە و بیرکردنەوە و ڕوانینی ناخدایە. هەروەها ئەندێشەی لاوان و ڕوانینە ڕۆمانیسیەکەی لە زۆربەی سەرچلیەکانی کچە پاڵەوانەکانی بەکارهێناوە کە لە ئەزموونی ڕۆژانەی ژیانی خۆی وەریگرتووە و بەو چەشنەیەش لەو ڕێڕەوە ئەدەبییەی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی سەریهەڵدا، دەرچووە کە ئەو بەرەو ڕیالیزمی و ئەدەبی جەنگ هەنگاوی دنا. لە دوای خۆی زۆر لە چیرۆک و شیعر و وتار و نامەکانی، لە کاتی جیا و لە دوو تۆی جیا بڵاوکرانەوە. هەر سەبارەت بە زنجیرەی ئان، ئەو بەشانەی دیکەشی نووسیوە دۆڵی پەلکەزێڕینە Rainbow Valley کە لە ساڵی 1919و (ریلا لە ئانجلساید Rilla of Ingleside لە ساڵی 1921وThe Blythes Are Quoted لە ساڵی 2009 بڵاوکراونەوە

www.xebat.net
ژمارە (5679) 2019/1/24 پێنج شەممە

ئەو رۆژە دەبێتە رۆژی نیشتمانیی سینەمای کوردیی و کوردستانیی

چەند ڕێگایەکی دیکەی ڕۆژی سینەمای کوردیی



هاوار مستەفا خان

بەشی دووەم

لە بەشی یەکەمی بابەتی " ڕۆژی سینەمای کوردیی" و " خەڵاتی یڵماز گونەی"دا، ئێپشنێکمان ڕاگەیاند کە دەکرێت؛ ڕۆژی سینەمای کوردیی، بکەوێتە ڕێکەوتی 9ی مانگی9ی هەموو ساڵێک و ساڵی 1984یش ئەو ساڵە کاتییە بێت تا ساڵی ڕاستیی دەدۆزرێتەوە، بەمەش ساڵەکانی "کات"ی سینەمای کوردی گەر لە ساڵی 2019دا یادی ڕۆژی سینەمای کوردیی بکرێتەوە ئەوە دەکاتە "35" ساڵ؟!.

لەو بەشەدا؛ بەر لەوەی بچینە سەر وردەکاریی " ئاهەنگی دابەشکردنی خەڵاتی یەڵماز گونەی"، چەند ڕێگایەکی تر وەک؛ ئێپشنی جودایەز لەسەر ڕۆژی سینەمای کوردیی دەخەینەڕوو کە خاڵی گەوهەریی و چەقی ئامانجەکەمان خودی" یڵماز گونەی"یەو باوەڕم وایە هەمووان یان زۆرینەمان لەسەری کۆکین کە ئەو کەسایەتییە شایستەی ڕێز و ستایش و بەخششی گەورەیەو پێویست دەکات لە بەرامبەر خەبات و هەوڵی بێوچانی ئەو بۆ پێکەوەژیان و دادپەروەری و دیموکراسیی و گێڕانەوەی شکۆی مرۆڤ و کوردستانێکی یەکپارچەی دیموکرات، هەمووان لەسەری بێینەدەنگ و ڕێگایەک لەو ڕێگایانە بکەینە ئامانجە گەورەکە، ئەوانیش بریتین لە:

ڕێگای یەکەم: 1958 فیلمی ڕۆلەکانی ئەم نیشتمانە – Vatanın Bu çocukları - ابناء هذا الوطن

سیناریۆی: عاتف یڵماز، یڵماز گونەی، ێ. کوتوڤال، دەرهێنانی: عاتف یڵماز. بەرێوەبەری وێنەگرتن: م. ڕفائیلیان، میوزیک: ێ. یامادجی. پاڵەوانی فیلم: یڵماز گونەی، ن.نور، ت. گیوزبک، ێ. ئانگین، م. گیوکایا، ب. زوبو، بەرهەمهێنانی: دارفیلم.

فیلمی : ڕۆلەکانی ئەم نیشتمانە، کە لە دەرهێنانی عاتف یڵماز –دو ساڵی 1958 بەرهەمهێنراوەو لەو ساڵەدا بلاوکراوەتەوە، گەر بێت و سەلێنراکە بەرهەمهێنەری ئەو فیلمە کورد، یان کوردستانییە، ئەوە هیچ گومانێک نامێنێتەوە کە ساڵی بەرهەمهێنانی فیلمی"ڕۆلەکانی ئەم نیشتمانە" ببێتە ساڵڕۆژی سینەمای کوردیی، چونکە عاتف یڵماز بە ڕەچەڵەک کوردەو هەر ئەویش مامۆستای گونەی بووەو ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لە ڕاکێشانی بۆ نێو دونیای سینەما، کە سەرەتا وەک ئەکتەری لاوەکی هێناویەتە ناو سینەماو پاشان وەک سیناریۆنووس و یاریدەدەری چەندین فیلمی عاتف یڵماز کاری کردووە. گونەی خۆیشی بەشانازییەوە لە یەکێک لە دیمانەکانی کۆتاییەکانی ژیانیدا وتوویەتی:

" یەکەم کەسێ کە کاریگەریی لەسەر ژیانی هونەریم هەبووەو رابەر و ڕێنیشاندەرم بوو، پیشەی دواڕۆژی سینەمای پێ گرتمەبەر، عاتف یڵمازی گەورە دەرهێنەری سینەمایی بوو کە هەر لە سەرەتاوە دەرفەتی نواندنی چەندین ڕۆڵی سینەمایی بۆ ڕەخساندم".

کەواتە؛ ئێپشنێکی بە هێزە ئەشێ ساڵنامەی سینەمای کوردیی ساڵی 1958بێت.

ڕێگای دووەم: 1959 فیلمی: ئاسکە سورەکان و Alageyik الاحمر

ناونیشانی ڕۆمانێکی یەشار کەماڵ–ە و سیناریۆ و دەرهێنانی: عاتف یڵماز، پاڵەوانی سەرەکی: یڵماز گونەی، بەرهەمهێنانی: ئارمان فیلم!.

ئەم فیلمەش ئێپشنێکی بەهێزە بەتایبەتی گەر؛ خاوەنی کۆمپانیای ئارمان فیلم، کورد بێت یان کوردستانی.

کەواتە؛ ئێپشنێکی تری بەهێز هەیە، ئەشێ ساڵنامەی سینەمای کوردیی، ساڵی **1959** بێت.

ڕێگای سێیەم: 1967 فیلمی: ناوم کەریم – Be-nim adım kerim - اسمی کریم

سیناریۆ و دەرهێنانی: یڵماز گونەی، بەڕێوەبەری وێنەگرتن:ێ. یاقیپیر، پاڵەوانی سەرەکی: یڵماز گونەی، ب. مینیکچلی، ی. گینجیر، ت. نەجمی ئوغلو. بەرهەمهێنانی: شاهینلەر فیلم.

ئەم فیلمە یەکەمین کاری دەرهێنانی یڵماز گونەی- یە، بۆیە ئێپشنێکی زۆر بەهێزە بەتایبەتی گەر؛ خاوەنی کۆمپانیای شاهینلەر فیلم، کورد بێت یان کوردستانی. ؟

کەواتە؛ ئێپشنێکی بە هێز هەیە ئەشێ مێژووی سینەمای کوردیی لە ساڵی 1967ەوە دەست پێبکات؟.

ڕێگای چوارەم: 1968 فیلمی: سەید خان – Seyyit Han - السید خان

فیلمی: سەید خان، گونجاوترین فیلمە کە ساڵەکەی بکرێتە ساڵنامەی سینەمای کوردیی، گەر هاتوو فیلمەکانی عاتف یەڵماز؛ ڕۆڵەی ئەم نیشتمانە- 1958، یان فیلمی ئاسکە سورەکان ژ1959 ، ساخ نەبوونەوە کە بووە لەماوەی دەرکەوتنی لە **1958** تا **1968**کە ژمارەی بینەرانی گەیشتە "هەشت ملیۆن" کەس، بەمەش ژمارەی پێوانەیی شکاند و بووە سێیەم فیلمی سەرکەوتوو لە فێستڤاڵی ئەدەنە لە ساڵی 1969داو یڵماز گونەی-یش بە باشترین ئەکتەر هەڵبژێردرا.

کەواتە؛ ئێپشنێکی تری هەرە بەهێز هەیە ئەشێ مێژووی ساڵنامەی سینەمای کوردیی، ساڵی 1967بێت.

بەندە ئەو مێژووە زۆرتر بە بەرهەمهێنەرەکانیان کورد یان کوردستانی نین.


سەید خان، سیناریۆ و دەرهێنانی: یڵماز گونەی، بەڕێوەبەری وێنەگرتن: غ. تورانلی، میوزیک: ن. ئوتیام، پاڵەوانی فیلم: یڵماز گونەی، ن. جیخرە، ح. حەمزە ئوغلو، بەرهەمهێنانی: کۆمپانیای گونەی فیلم.

ئەو فیلە پڕ فرۆشترین فیلمی تەواوی ساڵەکانی یڵماز گونەی هەتا ئێستێ بەرزکردۆتەوەو پەنجەکانی تووند لە مشت ناوە کە هێمای سەرکەوتنێکی زۆر دڵخۆشکەرانەیە بە ئەندازەی ئەوەی هەموو ساڵەکانی زیندان و سەختی دروستکردنی فیلم، بەو خەڵاتە و لەم ئاهەنگی سەرکەوتنەدا بە زەردەخەنەو شکۆنامەی دەستی چەپی کۆتاییان هات و تیشکی خۆر لە نوێوەو بەشێوەیەکی دیکە هەڵدێت؟!.

بەندە ئەو ساتە وەختەی یڵمازم کردوومەتە وێنەی ئەو خەڵاتەی کە دەبێتە سومبوولی پێشبڕکێی سینەماکاران بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی بوارەکان. لە بەشی پۆرترێت و شێوەی خەڵاتەکەکە وەرد تر ئاماژەمان پێداوە.

ڕێگای پێنجەم: کام ڕۆژ گونجاوە؟

لە ڕێگاکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەمدا، ساڵڕۆژی سینەمای کوردیمان نیشانداوە، بەڵام بۆ ڕۆژی ئەنجامدان کە ئەوەیان گرنگە بۆ ئەوەی ساڵانە ببێتە "ڕۆژی نیشتمانیی سینەمای کوردیی و کوردستانیی". دوو میژوو هەن، بەمشێوەیە:





بکەینە پێوەر، ئەوە سازدانی ئاهەنگی یەکەم ساڵیادی سینەمای کوردیی لە 2019دا، دەگاتە (51)ساڵ.

ڕێگای پێنجەم: 1982 ساڵی بەشداریکردن و وەرگرتنی خەڵاتی کان

ڕۆژی وەرگرتنی خەڵاتی " چڵە دارخورمای زێڕینی فێستیڤاڵی کان" لە فەرەنسا. ناوەڕاستی مانگی پێنجی ساڵی 1982بوو. ڕاستە ئەو ساڵە بۆ کوردو کوردستانی و مرۆڤدۆستان، ساڵێکی گرنگەو تێیدا ستەملێکراو بەسەر ستەمکار سەرکەوت، وەلێ بە دەست نیشانکردنی ئەو ساڵە، دوو میژووی گرنگ لەدەست دەدەین کە ئەوانیش؛ ساڵی 1958ی عاتف یڵمازە، لەگەڵ ساڵی 1968کە ساڵی سەرکەوتنی یڵماز گونەی-یە لەناوەخۆی تورکیادا و ساڵی بەرخودان و ساڵی سەرکەوتنی کوردێکە بە چیرۆک و تەکنیک و پڕ بینەرترین فیلم، ئەو ساڵە سینەمای کوردو چەوساوەکان بەسەر سینەمای بۆرژواو سینەمای وروژێنەری دوور لە گونجاو دەزانم بە تایبەت گەر هاتووە فیلمەکانی عاتف یڵماز بەسەر فیلمی کوردی و کوردستانیدا ساخ نەبوویەوە، بۆیە دەستنیشان کردنی ساڵی 1968 لە بری 1958" کە ئەوەی یەکەمیان هیچ گومانێکی نەهێشتۆتەوە لە ڕووی بەرهەمهێنانەوە چونکە یڵماز گونەی خۆی بەرهەمهێنەری ئەو فیلمەیە.

بەمەش گەر؛ فیلمی سەید خان خواست و ژانەکانی میللەت.

بەڵام بەندە بە سود وەرگرتن لە ڕۆژی وەرگرتنی خەڵاتی "چڵە دارخورمای زێڕینی کان"، بەوە گەیشتن کە ئەو بۆنە گرنگ و مێژوویە، بۆ پۆرترێت و خەڵاتەکە بە پێویستم زانیوە وەبەرهێنان لەو وێنەیەی گونەی-دا بکەم کە لەکاتی وەرگرتنی خەڵاتدا تەواوی دونیای بە خۆیەوە سەرسام و شاگەشکە کرد، ئەویش کاتێ بەرەبەیانێکی زوو لە ئۆتێلەکەی خۆیەوە بەرەو کۆشکی فێستیڤاڵ بەڕێ کەوت، بەڵام ئەو ڕاستییەی لەبیر نەکرد کە ئەو ئێستا ئەو گونەی-یەو نەک تەنیا گونەی یەکەمی تورکیا، بەڵکو گونەی یەکەمی ئەو کۆمەڵگا ئیسلامییانەیە کە ئەو ساتە وەختە تێیدا دەژیا، ئەو ساتە وەختەی کە ئەو بە ڕەچەڵەک کورد بوو، بەڵام بە ڕەگەز تورک بوو، ئەو ساتە وەختەی کە ئەو بە ڕەگەز تورک بوو، بەڵام بە ڕەچەڵەک کورد

پاڵەوانی لاوانی سلۆڤینیا لە دیدارێکی خەبات دا

بەربارا سکۆهالا: لە پاڵەوانێتی جیهانی توانیم بڕوانامەی ئینتیرناسیۆنال ماستەر بەدەست بهێنم



دیمانە/ هاوار موردکەیی

بەربارا سکۆهالا کچە شەترەنجزانی وڵاتی سلۆڤینیا کە ئێستا هەڵگری بڕوانامەی (*WFM*) و خاوەنی ریتینگی 2101 ی یەکێتی نێودەوڵەتی شەترەنجە و چەندین دەسکەوتی لەسەر ئاستی وڵاتەکەی و ئەوروپاو جیهان بەدەستهێناوە، لاپەڕەی وەرزشی ڕۆژنامەی خەبات لە ڕێگای سۆشیال میدیاوە دیمانەیەکی لەگەڵ ئەنجامداوە و تیایدا ئاماژەی بە ژیانی وەرزشی و خەونی گەورەی لە بواری شەترەنجەوە داوە.

پاڵەوانی لاوانی سلۆڤینیا

باربارا سکۆهالا کە لە سالی 1996لە وڵاتی سلۆڤینیا لەدایک بووە و قوتابی دیبلۆمە، دەڵێت: لەناو خانەوادەکەمان دوو برایەم هەیە شەترەنج دەکەن و لە ڕێگای ئەوانەوە فێری شەترەنج بووم، بۆ یەکەمینجاریشل لە سەر ئاستی ناوخۆ لە سالی 2005بەشداریم لە پێشبڕکێی قوتابخانەکان کرد، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش بەشداریم لە پاڵەوانێتی مۆنستێر لە هەنگاریا، باشترین ئەنجامیشم تا ئێستا لە پاڵەوانیتی شەترەنجی خێرای سلۆڤینیا لە سالی 2018توانیم پلەی یەکەم بەدەست بهێنم، لە سالی 2011بەشداری پاڵەوانێتی نێودەوڵەتی ستێریانی لاوانم کرد و خۆشبەختانە لە خوار تەمەنی 18سالێدا پلەی یەکەمم بەدەستهێنا، لە دواین پاڵەوانێتی جیهانیش لە 2018 بەشداریم کرد لەسەر ئاستی ئافرەتان پلەی 11م بەدەستهێنا، بەمەش توانیم بڕوانامەی ئینتیرناسیۆنال ماستەر بەدەست بهێنم.

خەونی نەهاتۆتەدی

دواتر بەربارای سلۆڤینی ڕایدەگەینێت کە هێشتا خەونی نەهاتۆتەدی و دەڵێت: شەترەنج دونیایەکی فراوانە و هێشتا دەرفەت زۆر ماوە کە دەسکەوتی زیاتر بەدەست بهێنم، بەڵام ئەوەی بەلامەوە گرنگە من شەترەنج دەکەم وەک ئارەزوویەک نەوەک بۆ مەبەستێکی تر کە زۆرێک وەک سەرچاوەیەکی بژێوی ژیان سەیری شەترەنج دەکەن، ئەگەرچی تا ئاستێک لەگەڵ ڕایەم چونکە ئەمە ژیانە، لەشەترەنجیشدا بردنەوە و دۆڕاندن هەیە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا شەترەنج زۆر شتی پێ بەخشیوم، بەهۆی شەترەنجەوە ڕووبەڕووی زۆر کەسایەتی بوومەتەوە، هاوڕێیەتییەکی باشم دروست کردووە، زۆر گەشت دەکەم، ڕووبەڕووی هاوڕێی تازە دەبیتەوە، ئاشنا دەبی بە شوێنی تازە و کلتوری گەلان، بۆیە بەختەوەرم کە وەرزشێکم هەڵبژاردووە کە لە زۆر ڕووەوە سودی پێگەیاندووم و بەردەوامیش دەبم.

وەک ئارەزوویەک شەترەنج دەکەم





کلای ژمارەیەکی پێوانەیی لەخولی باسکەی ئەمریکای تۆمارکرد





یانەی گۆلدن ستایت وۆریۆرەزی ئەمریکی لە ڕکابەرییەکانی تۆپی باسکەی ئەمریکای پیشەگەران توانی لەیانەی ئەنگلۆس لیکەرز ببات‌ەوە بەجیاوازی 19خاڵ بەئەنجامی 111-130خاڵ، ئەوەی جێگای سەرنج بوو لەو یارییە ئاستی یاریزان کلای تۆمپسۆن بوو کە توانی 10سێینەی لەدوای یەک تۆمار بکات، لەکۆی 11 سێینە، بەمەش توانی ڕێژەی سەرکەوتنی 90.9%، کە ئەمەش بەرزترین ڕێژەیە لە تۆمارکردنی سێینە لەمێژووی ئێن بی ئەی دوانی ئەوەی یاریزانی ناوبراو توانی 10سێینەی لەدوای یەک لەیەک یاریدا تۆمار بکات.



ریال مەدرید

ئامادەکارییەکانی بۆ یاری ئەمشەو بەرامبەر جیرۆنا کۆتایی پێهێنا

یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی درێژەی بە ئامادەکارییەکانی یاری جامی شای ئیسپانیا دا کە ئەمشەو تیایدا رووبەڕووی یانەی گیرۆنای کاتەلۆنی دەبێتەوە، لە مەشقەکانی رابردوویدا هەریەک لەیاریزانان تۆنی کرۆس و مارکۆس یۆرینتی و ماریانۆ دەیاز بەرابەرایەتی راهێنەری ئەرژەنتینی سانتیاگۆ سۆلاری بەشداربوون، لەگەڵ هاوڕێکانیان بۆ یارییەکەی ئەمشەویان، لەلایەکی دیکەوە یاریزانی کۆستاریکی کیلۆر ناڤاس و بەرگریکار خیسۆس ڤایێخۆ لەقۆناغی چاکبوونەوەدان، لەگەڵ گاریس بێڵ و مارکۆ ئاسینسیۆ کە ناچاربوون مەشقی بەتەنیا ئەنجام بدەن. ریال مەدرید بەهۆی یاری نەکردنی هەندێک لەیاریزانە سەرەکییەکانی زەحمەتی زۆری بینیوە.

بواتینگ: خەونەگەورەکەم لە بەرشلۆنە هاتەدی

هێرشبەری تازەی یانەی بەرشلۆنە کیڤن پرینس بواتینگ لەسێ شەمەی رابردوو لەبەردەم میدیاکان دەرکەوت، بەهاوڕێیەتی جۆزێف ماریا پارتۆمیۆ و جێگری سەرۆک گۆردی میستری، کە لەسەر یاریگای کامپ نو بەهاندەران و راگەیاندنەکان ناساندرا.

یانەی کاتەلۆنی بواتینگی بەخواستن لەیانەی ساسۆلۆ تا کۆتایی وەرز کڕی بەرامبەر بەیەک ملیۆن یۆرۆ، لەگەڵ بوونی بەندێکی کڕین بە 8ملیۆن یۆرۆ. بواتینگ لەبەردەم میدیاکان گوتی: زۆر دڵخۆشم شانازییەکی گەورەیە بۆمن کە لێرەم و دەتوانم یاری بۆ گەورەترین یانەی جیهان بکەم، هەموو مندالێک کە دەست بەیاریکردن دەکات، خەونی گەورەی یاریکردنە بۆ یانەیەکی وەکو بەرشلۆنە، ئەمەش خەونە گەورەکەی من بوو هاتە دی. هەوڵدەدەم هەموو شتێک بەیانەکەم ببەخشم، مەزندە دەکەم هەمووان شێوازی یاریکردنم بزانن، لەگەڵ ئەو هێزەی هەمە، بەڵام نامەوێت باس لەهێزم بکەم، تەنها دەمەوێت یارمەتی یانەکەم بدەم.



سزادانی رۆنالدۆ
بە 2 ساڵ زیندانی و 19ملیۆن یۆرۆ

پەردە لەسەر سزای ئەستێرەی پورتوگالی کریستیانۆ رۆنالدۆ لەیانەی یۆڤنتۆسی ئیتالی لادرا، دوای ئەوەی کێشەی هەڵاتنی لەباج لەئیسپانیا هەبوو، دوای ئەوەی لە بەرەبەیانی سێ شەمەی رابردوو لەبەردەم دادگای مەدرید ئامادەبوو، دوای سزای 2ساڵ زیندانی بەسەر سەپێندرا، بەڵام جێبەجێ ناکرێت، لەگەڵ سزای دارایی بە 19ملیۆن یۆرۆ، رۆنالد لەبەربەیانی سێ شەمەی رابردوو بەهاوڕێیەتی دۆستە تازەکەی جۆرجینا رۆدریگێز گەیشتە بەردەم دادگای تایبەت بەدادگایی کردنی لە پایتەختی ئیسپانیا مەدرید، بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو تۆمەتانەی بداتەوە کە باس لەهەڵاتنی باجی دەکات لەماوەی 9سالی لەگەڵ ریال مەدرید. بەگوێرەی سەرچاوەکانی هەواڵی بی بی سی داواکاری گشتی واڵۆی لەسەر سزای زیندانی کردنی بە 2ساڵ و بەبێ جێبەجێکردن کرد، لەگەڵ دانی بڕی پارەی 18.8ملیۆن یۆرۆ. کە ئەمەش لەلایەن وەزارەتی دارایی رەزامەندی لەسەر درا، بەرامبەر بە داننانی یاریزانی ریال مەدرید و ئێستای یۆڤنتۆس بە هەڵاتن لە باج لەساڵانی 2011تا .2014بەڵام رۆنالدۆی تەمەن 33ساڵ ناخرێتە زیندان بەهۆی ئەوەی یاساکانی ئیسپانیا هەر سزایەک لە دووساڵ کەمتر بێت لەیەکەمین تاوانی جێبەجێ ناکارێت.

نەهز روستایی



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Thu, 24. Jan. 2019 No: (5679)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

بەفر بارین ژمارەی گەشتیاران لە زستان و هاوین و بەهار زیاد دەکات



پێنجوین، فۆتۆ : ئەبوبکر عەبدوللا
تا: نادر روستی

بەشێک لە گەشتیاران لە وەرزی زستان بۆ بینینی دیمەنی داپۆشراوی سروشتی کوردستان بەفر و بەسەر بردنی کاتێکی خۆش لە ناو بەفر و یاریکردن لەگەڵ بەفر دێنە هەرێمی کوردستان، لە چەند ڕۆژەی ڕابرد و ژمارەیەکی زۆر گەشتیار هاتوونەتە کوردستان، بەردەوامیش کۆمپانیاکانی گەشتیاری لە سۆشیال میدیا بانگەشە و ریکلام بۆ زستان و دیمەنەکانی بەفربارین دەکەن و دەیانەوێت زۆرترین گەشتیار کۆبکەنەوە و بیانهێنن بۆ کوردستان.بەفربارین بۆ بەهار و بۆ هاوینیش دەیێتە هۆکار بۆ بووژانەوەی سروشت و زیادبوونی ئاوی کانی و ڕووبارەکان و تاقگەکان، ئەمانەش دیمەنی جوانی کوردستان جوانتر و ڕازاوەتر دەکەن بۆیە دەبن بە هۆکار بۆ ئاوهەوای سازگار و بۆ ڕاکێشانی ژمارەیەکی زۆر گەشتیار لە هەردوو وەرزی بەهار و هاوین.

ئاشتی مەجید ڕاهێنەری لەشجوانی:


ئەوانەی دەیانەوێیت قەڵەو بن دەبێت ئەم ڕێنماییانە جێبەجێ بکەن



وریشە عومەر

زۆربەی کات دەبیستین و دەبینین کەسانی دەوروبەرمان هەوڵی دابەزاندنی کێش دەدەن، بەڵام کەمجار دەبیستین کەسانێک بیانەوێ کێشیان زیاد بکەن. دەربارەی ئایە کەس هەیە بیەوێیت خۆی قەڵەو بکات لەبەرێز مامۆستا ئاشتی ڕاهێنەری لەش جوانیمان پرسیی، گوتی: بەڵێ هەندێک کەس لاوازیەکەیان ئەوەندە زۆرە بێزاری کردوون بۆیە دەیانەوێت خۆیان قەڵەو بکەن بۆ ئەوەش دەبێت پەیڕەوی ڕێنماییەکان بکات. ئەویش بەم جۆرەیە: هەموو ٣ سەعات جارێک نان بخوات و هەوڵبدات ژەمەکانی بکا بە سێ بەشی سەرەکی وەک سەرچاوەی نیشاستە و پرۆتین وەک (هێلکە، گۆشت، برنج، پەتاتە) وە دەبێت هەوڵبدات زەیتی بەسوودی وەک ئەڤۆگادۆ، زەیتی زەیتون بخاتە پێکهاتەی ژەمەکانیەوە بەوپێیەی باشترینە بۆ قەڵەوبوون، هەروەها دەبێت ئەوکەسە وەرزش بکا بۆ زیادبوونی بارستایی ماسولکەکانی لەشی و پشت بەمیوەی ووشککراو ببەستێت چونکە پڕ کالۆرییە.

خێراترین ئینتەرنێتی وڵاتانی جیهان دەستنیشانکرا




بەپێی هەواڵێکی سایتی (Speed test)ی جیهانی کە تایبەتە بە پێوانەکردنی خێرایی تۆڕی ئینتەرنێت لە جیهاندا دەرکەوت تا مانگی تشرینی دووەمی 2018 خێراترین ئینتەرنێتی مۆبایل لە جیهاندا لە ئایسلاند بەکارهێندراوە و خێرایەکەی گەیشتۆتە 72,54 مێگابایت لە چرکەیەکدا . وڵاتی قەتەریش لە پلەی سێیەمدا پێشکەوتنی لەو بارەیەوە بەدەستهێنا و خێرایی ئینتەرنێتەکەی گەیشتە 60,37 مێگابایت لە چرکەیەکدا. لەلایەکی تریشەوە وڵاتی تاجکستان لە دوای هەموو وڵاتانی جیهانەوە دێت لە کەمی خێرایی ئینتەرنێتەکەی کە نەگەیشتە 5 مێگابایت لە چرکەیەکدا و پێش ئەو وڵاتەش هەر یەک لە (عێراق، جەزائیر، ئەفغانستان، فەنزوێلا) هات کە 8 مێگابایتی تۆمارکرد لە چرکەیەکدا. بەڵام وڵاتی سوریا و بەحرەین ڕیزبەندییەکانییان بەرەو پێش گۆڕانکاری بەسەرداهات، بە شێوەیەک کە سوریا 12 پلە سەرکەوت و بەحرەین پش 13 پلە و خێرایی ئینتەرنێتەکەیان گەیشتە 19 مێگابایت لە چرکەیەکدا، ئەمەش وایکرد کە پێش وڵاتانی (مالیزیا، بۆلیڤیا، روسیا، میسر، ئوردن) بکەوێت.



ئینستاگرام

خزمەتگوزارییەکی نوێ پێشکەش دەکات

تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی فەیسبووک تایبەتمەندییەکی نوێتی زیادکرد بۆ پێگەی ئینستاگرام کە سەر بە فەیسبووکە. بەپێی ئەم تایبەتمەندییە تازەیە بەکارهێنەر دەتوانێت وێنە و ڤیدیۆ و چیرۆکەکانی خۆی هاوبەشیی پێبکات لەگەڵ کۆمەڵێک هەڵبژاردەی هاوڕێ و فۆلۆوەرەکانی. دەگوترێت ئینستاگرام ئەم تایبەتمەندییەی ناونراوە ستۆری و لە تایبەتمەندییە بەناوبانگەکەی سناپ چات دەچێت.بۆ سوودوەرگرتن لەم تایبەتمەندیە نوێیە بەکارهێنەر دەتوانێت لیستێک دروست بکات ناوی لێ بنێت هاوڕێ نزیکەکان، بۆ بینینی ئەو بابەتەی بڵاوی دەکاتەوە و پاشان کلیکی لیستەکە بکات





پردی عەلائەدین لە هەرێمی ئەنتالیا لە باشووری تورکیا یەکێکە لەو پردە کۆنانەی کە بۆتە شوێنەوارێک و لەسەردەمی ڕۆمانی دروست کراوە، بەهۆی کارەساتە سروشتییەکان زیانی پێگەیشتووە، لەساڵی 1240 لەسەردەمی دەوڵەتی سلجوقی دووبارە نۆژەن کراوە. ئەو پردە کە درێژییەکەی 220 مەترە یەکێکە لەو 13 پردانەی خراونەتە سەر لیستی وەزارەتی ڕۆشنبیری تورکیا.